# پەروەردە و فێرکردن

**گۆڤارێکی پەروەردەیی وەرزییە وەزارەتی پەروەردەی**
**حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات**
**ژمارە** ( 6 ) **ساڵی** 2011

**خاوەنی ئیمتیاز**
**سەفین موحسین دزەیی**

**سەرنووسەر**
**د.ئەحمەد محەمەد قەرەنی**

**ناونیشان**

هەولێر ـ وەزارەتی پەروەردە

تەلەفۆن:

سەرنووسەر : 2230135

بەداڵە: 2233084

2233085

فاکس: 2230471

ئیمێل:

**moe@web-sat.com**

## تێبینی بۆ نووسەرانی بەڕێز ....

ئەو تۆژینەوەو لێکۆڵینەوانەی ڕەوانەی ئەم گۆڤارە دەکرێن پێویستە ئەم خاڵانەیان ڕەچاو کرابێت:

- بە خەتێکی جوان و شاش لەسەر ڕووی یەك لاپەڕە نووسرابێت، ئەگەر کۆمپیووتەر کرابێت پێویستە (سیدی) لەگەڵ بێت.
- ئەگەر وەرگێڕان بێت پێویستە دەقی بابەتە ئەسڵییەکەی لەگەڵ بێت و ئاماژە بە سەرچاوە کرابێت.
- ڕێنووسی کوردی تێدا ڕەچاو کرابێت ئەگینە گۆڤارەکە ڕێنووسەکەی یەك دەخات.
- ناوو ناونیشانی تەواوی نووسەری لەسەر نووسرابێت.

**پەروەردە و فێرکردن**

# لــەم ژمــارەیــەدا

## ( بەشی کوردی )

*ئێستەو ئایندەی پرۆگرامەکانی خوێندن............................... د.ئەحمەد قەرەنی 3
*ڕێنمایی مانگی یەکەم بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی............ زەکیە ڕەشید محەمەدئەمین 20
*ڕۆژی دەست بەکاربوونەوەی مامۆستایان .................................... لاجان و ..... 44
*ڕابەری هاریکار بۆ مامۆستاییێن زمانێ ئینگلیزی ........................ ئا: ڕەشید تەیب 79
*ئەرك و مافەکانی مامۆستا ................................. و: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی 104
*ئاستەنگەکانی فێربوونی وانەی ............................ و: موحسین جەمال بەرزنجی 128
*کتێبخانەی فێرگە (ب. 2) ................................ ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی ژیرۆ 155

## ( بەشی عەرەبی )

*المعلم المهني الماهر ................................................. إ: كوكز حسين عزيز 184
*مشكلات الأطفال السلوكية والتربوية ...................... مدحت عبد الرزاق عبدالنبـي 207
*الدراسة من الجامع الى الجامعة ............................... محمد ملا مصطفى هيراني 219

ئەو بەرهەمانەی کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە، وەزارەت لێیان بەرپرسیار نییە

# ئێستەو ئایندەی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان

د.ئەحمەد قەرەنی

## پێشەکی

لەدوای بەشداربوونم لە گفتوگۆکانی ورۆکشۆپی (پەرەسەندنی چوارچێوەی کاری پرۆگرامەکانی عیراق و دامەزراندنی ناوەندی نیشتمانی بۆ پرۆگرامەکان)دا کە لە رۆژانی (12- 16ی ئاداری 2011) لە دۆحەی پایتەختی قەتەر بەسترابوو. هەروەها لە ورۆکشۆپی (پلاندانان و جێبەجێکردنی سیاسەتی پەروەردەیی) کە لە رۆژانی ( 12- 28 ئایاری 2011 ) لە زانکۆی نیشتمانی سیئۆل بۆ پەروەردە لە پایتەختی کۆریای باشوور رێکخرابوو، بە تایبەتی لە بابەتی ( پرۆگرامەکانی فێرگە لە کۆماری کۆریا ) کە لە لایەن ( پ. د. ژۆ ـ یان چۆ ) پێشکەشکرا... هەندێك بۆچوونم لا دروستبوون و بەراوردم کردن لەگەڵ ئەزموونی خۆمی پەروەردەیی کە لە خوێندنەوەی سەرچاوەکان و کارکردن لە بواری پرۆگرامەکانی خوێندندا پێکهاتبوو.. لە ئەنجامدا ئەم تێبینیانەم لا گەڵاڵەبوون، کە وەکو بابەتێك

**خستوومەتە بەردەستی لایەنە بەرپرسەکان و لێرەدا دووبارە بڵاوی دەکەمەوە، بەو نیازە کە گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکرێت و بە ڕاوبۆچوونی پسپۆڕانی پەروەردەیی و مامۆستایانیش دەوڵەمەندتر بکرێت.**

## پێناسەو پێگەی پرۆگرامەکان لە پرۆسەی پەروەردەدا

چەمکی پرۆگرامی خوێندن مێژوویەکی دێرینی هەیەو بەپێی ژمارەی لایەنی پێڕەوکارانیشی پێناسەی جیاجیای بۆ دەکرێت. بۆ نموونە بەپێی چەمکی شێوازی تەقلیدی پرۆگرامی خوێندن ئەوەیە کە هەموو زانیاری و ڕاستییەکانی نێو کتێبەکانی خوێندن دەگرێتەوە کە فێرگە بە فێرخوازی دەبەخشێت. بەلام بەپێی چەمکی شێوازی نوێ، ئەم بۆچوونە دەگۆڕێت و لە پێناسەکردنی پێشتر جیاوازە چونکە پرۆگرامەکانی خوێندن زیاتر بەو شارەزایی و کارامەیانەوە پەیوەستن کە فێرخواز لە فێرگەدا وەریان دەگرێت و بەکاریان دێنێت... ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێت ئەوەیە کە هەموو بۆچوونەکان لەو باوەڕەدان کە کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن جەخت لەسەر دوا پرینسیپەکانی زانست و پەروەردە دەکەن و بەپێی زنجیربەندی قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی (سەرەتایی و ناوەندی) و ئامادەیی ڕێك دەخرێن. مۆرکێکی مرۆڤایەتی و ئاشتیخوازانەیان پێوە دیارە، بۆیە زۆربەی سەرەداوەکانی سیستمی پەروەردەیی هەر وڵاتێك لەگەڵ بەرنامەو پرۆژەکانی ڕێکخراوی (یۆنسکۆ) و (یونسێف) ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان یەکدی دەگرنەوەو، ئاڵوگۆڕییەکی هزری و تەکنیکی لەنێوانیاندا هەیە. لەم سۆنگەیەوە هەر وڵاتێك لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن یان ئەنجوومەنێکی نیشتمانی باڵا، پلانێکی خۆیی ستراتیژی ـ زانستی هەیەو پەیکەربەندێکی کارگێڕی و تەکنیکی تۆکمەیش بۆ شێوازی دانان و ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن دادەڕێژێت. بۆ ئەم مەبەستەش سەنتەرێك یان ناوەندێکی سەربەخۆ بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە دادەمەزرێنێت.

## شێوازەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن

بەشێوەیەکی گشتی لە دانان و ڕێکخستنەوەی پرۆگرامی خوێندندا دوو شێوازی سەرەکی پێڕەو دەکرێت:

1ـ شێوازی تەقلیدی، لەم شێوازەدا پرۆگرامی خوێندن جەخت لەسەر جۆرو ڕێژەی زانیارەکان دەکات و بە بنەمای سەرەکی پرۆسەی فێرکردن دادەنرێن، بۆیە دەبێت بۆ وانەوتنەوەی هەر کتێبێکی خوێندن مامۆستایەکی پسپۆری خاوەن ئەزموون هەبێت و ناوەرۆکی کتێبەکە بۆ فێرخواز و خوێندکاران شی بکاتەوەو بە شێوەیەکی ئاسان لێکی بداتەوە، بۆ ئەوەی فێرخوازانیش ئەو بابەتانە بەجوانی وەربگرن و بە دروستی تێ بگەن. لە کۆتاییدا، تاقیکردنەوەکانی زارەکی و بەنووسین دەبنە پێوەری سەرەکی و یەکلاکەرەوەی باوەڕپێکراو کە فێرخوازان تا چەند لەو بابەتانە تێگەیشتوون و سەرەنجام ئاستی زیرەکی و ڕادەی تێگەیشتنیشیان دەستنیشان دەکات.

2ـ شێوازی نوێ، لەم شێوازەدا کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن کۆمەڵە شارەزایی و کارامەیی لەخۆدەگرن و وەکو کلیلێکی فێربوون دەخرێتە بەردەستی مامۆستاو فێرخوازان، بۆ ئەوەی بە یارمەتی مامۆستایان فێرخوازان بتوانن بازنەی شارەزابوونیان فرەوانتر بکەن و بەشێوەیەکی گشتگیرو لە هەموو ڕوویەکەوە گەشە بکەن و کەسایەتییەکی هاوسەنگ لە لایەنی ژیری و جەستەیی و دەروونییان بۆ دروست ببێت و وەکو تاکێکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکانی ژیانی پیشەیی و پێوەندییە کۆمەلأیەتییەکان و بۆچوونە سیاسییەکان و ستاتیکییە ڕۆشنبیرییەکاندا بکەن ...

**لە شێوازی نوێی پرۆگرامەکانی خوێندندا : کورتکردنەوەی بابەتەکان بە مەلزەمەو وانەوتنەوەی تایبەت لە مالأن جێگایان نابێتەوە**

## خاڵە جیاواز و وێکچووەکانی هەردوو شێواز

هەرچەندە شێوازی نوێ لە ئەنجامی پەرەسەندنی شیوازی تەقلیدییەوە دروست بووەو پەیوەندییەکی ئۆرگانیزمیش لە نێوانیاندا هەیە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکێکیان سیماو خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە دەتوانین لەم چەند خالآنەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

1ـ هەردوو شێواز لە سێ بنەمای سەرەکی پێك دێن، کە ئەویش کتێبی خوێندن و مامۆستاو قوتابین. بەلآم لە شێوازی تەقلیدیدا کتێب سەرچاوەیەو جەخت لەسەر زانیارییەکان دەکات و سیاسەتی پەروەردەی ولآتیش لەسەر ئەو زانیارییانە بنیات دەنرێت کە لە ناوەرۆکی کتێبەکەدا دەستنیشانکراون.

هەر لەم چوارچێوەدا پەیڕەی فێرکردن و ڕێگەکانی وانەوتنەوەو بەکارهێنانی هۆیەکانی فێکردن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانیش بەپێی ناوەرۆکی ئەو کتێبانە ئەنجام دەدرێن و تەنانەت هێڵەگشتییەکانی پلانە ستراتیژییەکانی پەروەردەیش هەر بەپێی ناواخنی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن دادەڕێژرێن. بەلآم ئەم شێوازە لەگەڵ پرۆسەی فێربوونی سەدەی بیست و یەك ناگونجێت، چونکە بابەتە مەعریفییەکان خۆیان بە خێرایی گەشەدەکەن و پەرەدەسێنن و فێرخوازانیش پێویستیان بە پەرەسەندنی تواناو ڕەفتارو هەڵسوکەوت و کارامەییەکانیان هەیە، ئەوانەی دەبێت لەنێو هەموو بابەتەکانی خوێندندا ڕەنگ بدەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەدرێژایی ژیانیان خوازیاری فێربوون و زانست دۆستبن و بەبڕوابەخۆبوونەوە لە جیهانێکی ئالۆزی فرە زانیاریدا کار بکەن. هەندێك لەو کارامە گشتیانەیش کە فێرخواز عەوداڵیانە ئەمانەن: کارامەییەکانی بیرکردنەوە، زانینی نووسین و خوێندنەوە، ماتماتیك، خۆدموختاری، بە کرووپ کارکردن، لێکتێگەیشتنی نێوان ڕۆشنبیرییەکانی جۆراوجۆر، ڕەوشتی ئاکاری، داهێنان، تەکنۆلۆژیای زانیاری و گەیاندن، لێهاتوویی کۆمەلآیەتی... هەندێك لەم کارامایانە لە شێوازی تەقلیدیشدا بەکاردێن، بەلآم لە پرۆگرامی نوێدا

هەموویان بەکاردێن، هەندێکیان لە ناو پۆل و هەندێکی دیکە لەمیانی پرۆگرامی چالاکییەکاندا.

لەم سـۆنگەیەوە دەکرێت کارامەیەکان بکرێنە دوو بـەش: کارامە بنەڕەتییەکان کـە لە هەردووکیاندا بەکاردێن و کارامەییە کاریگەرییەکان کە تەنیا لە شێوازی نوێدا بەکاردێن (ئەمەش لایەنێکی گرنگەو پێویست بەوە دەکات کە بابەتێکی سەربەخۆی بۆ تەرخان بکرێت). لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوەیە کە لە شێوازی نوێدا، پرۆگرامەکانی خوێندن پشت بە زانیارییەکان نابەستن و لە چوارچێوەیەکی مەعریفیشدا قۆرغ ناکرێن، بەڵکو جەخت لەسەر شارەزاییە پەروەردەییەکان دەکەنەوە، لە بازنەی فێربوونی شارەزاییەکاندا دەسوورێنەوە، کە هاوسەنگییەك لەنێوان بەرژەوەندییەکانی تاك و کۆمەڵدا دروست بکات، بۆیە لەو وڵاتانەی شێوازی نوێی پرۆگرامەکانی خوێندنیان تێدا پێڕەو دەکرێت مەسەلەی ماف و ئەرکی هاووڵاتییان کێشەیەکی گەورە نییەو بەپێی یاسا یەکلایی کراوەتەوە.

بەپێچەوانەی ئەو هاووڵاتییانەی لەسـەر شێوازی پرۆگرامی تـەقلیدی ڕاهاتوون هاوکێشەی ماف و ئەرکەکانی تاك بە گەورەترین ئاستەنگی پێشکەوتنی دەوڵەت دادەنرێن و یاساش ناتوانێت بە دروستی سەرڕاستیان بکات.

2ـ وانەوتنەوە لە شێوازی تەقلیدیـدا، زۆربەی جـار لـەنێو پۆلـدا دەکرێـت و جاروبار بەپێی پێویسـت و هـەبوونی ژوورو کەرەسـتەکانی تاقیگـەکان بەکردەوەیی ئـەنجام دەدرێـت، کەواتـە زیاتر جـەخت لەسـەر لایـەنی تیـۆری دەکـات، بـەڵام لـە شـێوازی نوێـدا هاوسەنگییەك لەنێوان لایەنی تیۆری و لایـەنی کردەوەییـدا هەیـەو دەبێـت فێرخـواز ڕاسـتەوخۆ بەشـداری لـە چالاکییەکانی بابەتەکەدا بکات، بۆیـە لایەنی هۆیەکانی ڕوونکردنەوەو داتاشۆ دەبەزێنێ و زیاتر پشت بە تیۆری جۆن دێوی دەبەستێت (فێربوون لـە ڕێگـەی کارکردنـەوە). ئەمـەش پێویـستی بـە ژینگەیەکی فێرگەیی تایبەت هەیە کە ڕێگەو شـوێنی ئەنجامـدانی چـالاکییە دەربڕاوەکـانی ئـەو شـارەزایانە دابـین بکات و گەشتە زانستییەکانیش بۆ ئەو شوێنەگشتییانەی کـە پێوەنـدییان بـە بابەتی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هەیە بەشـێکی پراکتیکـی گرنگـی وانەوتنەوەیە، بۆیە فێرخواز پێویـستی بە سەرچـاوەی زیـاترەو زانیارییـەکانی

نێو کتێبی پرۆگرامەکانی خوێندن بەشی ڕووماڵێنی ئامادەکردنی بابەتێکی لەبارەی دەزگەیەکی زانستی، گارگەیەك، مۆزەخانەیەك، سەنتەرێکی ڕۆشنبیری یانیش بارەگایەکی کارگێڕی ناکەن... لێرەدا سەرەڕای سوودوەرگرتنی فێرخواز پرۆسەی پەروەردەییش لە دوو کێشەی گەورە ڕزگار دەبێت کە: یەکەمیان کورتکردنەوەی بابەتەکانی خوێندنە بە مەلزەمە. دووەمیانیش وانەی تایبەتییە لە مالاّن، کە ئەم هەردوو دیاردەیە بوونەتە دوو کۆڵەگەی شێوازی پرۆگرامەکانی تەقلیدی و پرۆسەی پەروەردە بە دەستیانەوە دەناڵێنێت.

3ـ ڕۆڵی مامۆستا لە شێوازی تەقلیدی پرۆگرامەکانی خوێندندا سنووردارەو لە پانتاییەکی دەستنیشانکراوی پرۆسەی فێرکردندا دەجووڵێتەوەو ئەرکە سەرکییەکەی ئەوەیە کە زانیارییەکانی نێو کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن بۆ قوتابیان بە شێوەیەکی ڕوون شرۆڤە بکات و بابەتە قورس و ئاڵۆزەکان بە جوانی لێك بداتەوەو تا ڕادەیەکی پێویستیش ئاسان بکاتەوە بۆ ئەوەی لێی وەربگرن و لە ماڵیش جارێکی دیکە پێیدا بچنەوەو بە تەواوەتی لێی تێبگەن، چونکە لە ئەنجامی ئەو تێگەیشتن و وەرگرتنەدا مامۆستا لە کۆتایی وەرز و لە کۆتایی ساڵدا تاقییان دەکاتەوەو بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنە ئاستی زیرەکی و پلەی دەرچوون و مانەوەیان دیاری دەکات.

بەلاّم لە شێوازی نوێدا ڕۆڵی مامۆستا سنووری پرۆسەی فێرکردن تێدەپەڕێنێت و وەکو سەرپەرشتیارێکی ڕێپیشاندەریش قوتابیان بەرەو فێربوونی خۆبەخۆیان ئاراستە دەکات، بۆ ئەوەی هەردوو چەمکی فێربوونی خۆبەخۆ و فێربوونی بەردەوام فەراهەم بکات، کە دوو خەسڵەتی هەرە پێشکەوتووی سیستمی نوێی وانەوتنەوەن و تێیدا هەردوو پرۆسەی فێرکردن و فێربوون هاوسەنگ دەبن. هەروەها سەرپەرشتی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆلیش دەکات، کە پرۆگرامێکی سەربەخۆیەو بنەماو ئەرك و ئامانج و ڕێبازەکانی جێبەجێکردن و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆی هەیەو هاوتەریب لەگەڵ پرۆگرامی خوێندنی بابەتەکان دەڕوات.

لێرەدا مامۆستا ئەرکێکی هاوبەشی جێبەجێکاری هەردوو پرۆگرامی هەیە. لە یەکەمدا بە نوێترین ڕێگەی وانەوتنەوەوە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن دەگەیەنێتە قوتابیان و لە

دووەمیشدا بە ڕێگەی دانانی پرۆژە یان بە ڕێگەی دروستکردنی کێشەو دۆزینەوەی چارەسەرکردنی چالاکییەکان ئەنجام دەدات. ئەمەش ئەرکێکی مامۆستایە کە قوتابیان ئاراستەی ڕێگە دروستەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان بکات، کە بتوانن بە شێوەیەکی زانستی پلان دابنێن و بە ڕێکوپێکی جێبەجێی بکەن و ئەنجامەکانیشی هەڵبسەنگێنن. ڕۆڵی مامۆستا لە سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە قوتابیان فێری پشتبەستن بەخۆ و پلاندانان و تیمکاری و بیرکردنەوەی زانستی دەبن. جگە لە ڕۆڵی مامۆستا لە هەردوو پرۆگرامی نێو پۆل و دەرەوەی پۆلدا، ڕۆڵێکی پەروەردکاریشی هەیە کە فێرخواز لەسەر نەریتە باشەکان و بەها چاکەکان ڕابهێنێت، بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە گەشەبکەن و لە ئایندەدا ببێتە تاکێکی دروست لە کۆمەڵدا.

4ـ لە شێوازی تەقلیدیدا، جەختکردن لەسەر وەرگرتنی زانیارییەکان و چۆنیەتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان دەبێتە مۆرکێکی گشتی فێرگەو چالاکییەکانی دیکەی وەرزشی و هونەری و زانستی و ڕۆشنبیری بە کردەوە لاوەکییەکان دادەنرێن و بۆ خۆشگوزەرانی کاتی ئەنجامدەدرێن، بۆیە دەرفەتێکی کەمی پێ دەدرێت، چونکە لەبنەڕەتدا وەکو بنەمایەکی سەرەکی لە پرۆسەی پەروەردەدا سەیرناکرێن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە فێرخواز لە هەموو ڕوویەکەوە گەشە نەکات و لە کەشوهەوای فێرگەیش بێزار ببێت و خۆشەویستییەکەی بۆ شوێنەکانی دیکە (ماڵ و کۆڵان و بازاڕ ... ) پتر بێت و باشتر و خۆشتریان سەیر بکات. بەلاّم لە شێوازی نوێدا کردەوەی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان جودایەو زیاتر پشت بە پێوەرەکانی ڕەنجی وەسفی نووسراو و چەندین نموونەی ڕۆشنکردنەوەی کارەکانی فێرخواز دەبەستێت لە کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان لەبارەی تواناو تێگەیشتنی فێرخواز بەڕێگەی داڕشتنی دەق، ڕەوشت، ئەرك بەجێگەیاندن، جۆری دیالۆککردن لەبارەی بابەتێکی دەستنیشانکراو، تاقیکردنەوە فەرمییەکان و لە کۆتاییدا مەسەلەی بڕیاردان لەسەر دیارکردنی ئاستی فێرخواز دەبێتە سەنگی یەکلاکەرەوەی هەڵسەنگاندنەکە، ئەویش بە ڕێگەی بەراوردکردنی ئاستی ئێستەی فێرخوازو ئاستی پێشتری، ئاستی ئەو و بەراورد لەگەڵ ئاستی فێرخوازانی

دیکە، هەروەها پێوەرەکانی ئەو نمرانـەی بەدەستی هێناون.
5ـ لـە شـێوازی تەقلیدیـدا، ژینگـەی خوێندن بە شـێوەیەکی سـەرەکی پۆلـەو هەندێك جاریش بەپێی پێویست گۆڕەپان و تاقیگـەکانی فێرگەیـە (هـەروەك لـە خـاڵی سـەرەوەدا ڕوونکراوەتـەوە)، بـۆ ئەوەی ئەو بابەتانەی لە نێو کتێبـەکانی پرۆگرامی خوێندنـدا هـەن بگەیەنرێنـە قوتابیـان، بـەلاَم پێشکەوتنە زانستییەکانی سەردەم گەلێك خێراتـرن لەو گۆڕانکارییانەی لـە پرۆگرامـەکانی خوێندنـدا دەکـرێن. بۆیـە کـەلێنێکی فـرەوان لـە نێـوان فێرگـەو دەوروبـەردا دروست دەبێت، بە تایبەتی کە زۆربـەی قوتابیـان لـە ڕێگـەی ئینتـەرنێت و کەناڵـەکانی ئاسمـانی و ئەتارییـەوە ئاگاداری گۆڕانکارییەکانن. ئەم حاڵەتـە دابڕانێك لە نێوان فێرگە و کۆمەڵگـەدا دروست دەکات کـە سـەلبیاتی یـەکجار زۆرن ( لەوانەیـە خوێنـەری بـەئاگا بتوانێـت بـە ئاسـانی دەستنیـشانیان بکات).

بەلاَم لـە شـێوازی نوێـدا، ژینگـەی خوێندن بازنەیەکی فرەوانتر وەردەگرێـت کـە پـۆل و پێکهاتـەکانی دیکـەی فێرگەیەو هەروەها شـوێنەکانی دیکـەی دەوروبـەری نێـو شـار یـان گونـد بـە ناوچەکانیانەوە وەکـو کارگـە، کێڵگـە، مۆزەخانـەی مێـژوویی و زانـستی و کشتوکاڵی و سەربازی ...، سـەنتەری ڕۆشنبیری، دەزگە فەرمییەکان ... کـە زۆربەیان لە ڕێگەی گەشتی زانستییەوە وەکو چـالاکییەکی پراکتیکـی ئـەنجام دەدرێن و لەگەڵ بابەتـە تیۆرییـەکانی نێو کتێبـەکانی پرۆگرامـی خوێندنـدا هاوسـەنگ دەکـرێن. بـەم شـێوەیە پرۆسـەی پـەروەردەو پێـشکەوتنەکانی نێـو کۆمەڵگـە لەسـەر دوو هێڵـی هاوتـەریب دەڕۆن و لـە هـەموو ڕوویەکەوە یەکدی تەواو دەکەن.

## ئەنجام و کاریگەرییەکان

لە میانی تاوتوێکردنی ئەم خاڵانەی سەرەوە، بۆچوونێکی دیالێکتیك ئامێز سەرهەڵدەدات، ئەویش وەك ڕاستییەك بەم ئەنجامە دەگات: کە شێوازی نـوێ پێـچەوانەی شـێوازی تەقلیـدی نییـەو هەردووکیان هاودژی یەکدی نین، بەڵکو شێوازی نوێ ڕێبازێکی گەشەسەندووی شێوازی تەقلیدییەو ئەو کـەموکوڕی و کەلێن و کێماسـییەکانی لـە شـێوازێ تەقلیدیدا هـەبوون، زۆربـەیان یـانیش هەموویان لە شێوازی نوێـدا چارەسـەر دەبـن، بۆیـە ئـەو ولاَتانـەی بـەرەو قۆناغەکانی گۆڕانکاری هـەنگاودەنێن هەوڵ دەدەن کە گۆڕانکاری لە شێوازی تەقلیدی پرۆگرامەکانی خوێندندا بکەن و بەرەو شـێوازی نـوێ بـچن. ئـەوەی

# کتێب شائەڵقەی بەستنەوەیە لەنێوان شێوازی تەقلیدی و شێوازی نوێی پرۆگرامەکانی خوێندندا

ئـەمڕۆ لــە هــەرێمی کوردستانیــشدا پێڕەودەکرێــت، شــێوازی تەقلیدییــەو هەوڵدانی جدی هەن کە هەندێك لایەنی ئەو شێوازە چارەسەر بکرێن. هەرچـەندە بەپێی ئەزموونی وەزارەتـی پـەروەردەی حکوومــەتی هــەرێمی کوردســتان، کـە ماوەیــەکی کورتــە، شــارەزابوونێکی زانستی ـ تەکنیکی لەم بارەوە دروست بووە، بەڵام تا ئێستا نەپەرژاوەتەوە سەر ڕێبازێکی سیستماتیکی گشتگیر، کـە پشت بە تواناکانی ناخۆیی ببەسـتێت و کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن لە هەڵـە زانـــستی و زمـــانی و تەنانـــەت ڕێنووسیشەوە بـەدەر بـن. ئـەم حاڵەتـە لــەڕووی زانــستییەوە بــە (قــەیرانێکی پەروەردەیی) دادەنرێت. هەر قەیرانێکی پەروەردەییش لە ئەنجامی تەشـەنەکرنی کۆمـەڵــە کێــشەو کەموکورتییەکانــەوە دێتەکایــەوە، کــە لایــەنی کەسـایەتی فێرخوازو کارامەیی مامۆسـتاو جـۆری بابەتەکانی فێرکردن و کەشوهەوای نێـو فێرگەو تـا دەگاتــە ژینگــەی دەوروبــەر دەگرێتــەوە، هــەر یــەکێکیان چــەندین ڕەخنەی بەجێ هەڵدەگرێت، کە لـە زۆر توێژینــەوە زانــستییەکاندا لــە دوازدە خاڵـــدا لێکدەدەنــــەوەو پێویــــستە توێژینەوەی هاوشێوە بۆ پرۆگرامــەکانی خوێندن لە هەرێمیشدا ئەنجام بدرێن.

## چوارچێوەکردنی
## قەیران و ڕێکخستنەوەی تواناکان

بۆ ڕزگاربوون لەم کێشەیەو هەوڵدان بۆ بەدەزگاکردنی ئەم لایەنە، لەم باسەدا پێشنیار دەکرێت کە پلانڕێژی بۆ قۆناغێکی گواستنەوە بکرێت، کە هەنگاو بە هەنگاو چاکسازی لە پێکهاتەکانی شێوازی تەقلیدی پێڕەوکراودا ئەنجام بدرێت. بۆ ئەوەی لە ئاییندەیەکی نزیکدا پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمدا بەرەو شێوازی نوێ هەنگاو بنێت. هەنگاوی یەکەمیش لە چەسپاندنی ئەم سێ بنەمایەی خوارەوە دەست پێ بکات:

**بنەمای یەکەم، لایەنی هونەری بەڕێوەبردن و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری بەئەنجامگەیاندنی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن دەگرێتەوە, بەو پێیەی کە کتێب شائەڵقەی بەستنەوەیە لەنێوان شێوازی تەقلیدی و شێوازی نوێی پرۆگرامەکانی خوێندندا. کرۆکی ئەم بنەمایەیش لە ڕێکخستنەوەی بەشەکارگێڕییەکانی دەزگە فەرمییەکەی پرۆگرامەکان و، تەکنیکی ئامادەکردن و چاپکردنی کتێب و پێداویستییەکانی دیکەی وانەوتنەوەو، شێوەی دابەشکردن و بە ڕێکوپێکی گەیاندنیان بۆ جێگەی مەبەست سەرچاوە دەگرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:**

1ـ ڕێکخستنەوەی کارەکان، کە دانان و ئامادەکردن و وەرگێڕان و بژارکردن دەگرێتەوە. هەر چواریان کاری جودان و، نابێت وەکو یەك سەیر بکرێن، بەڵکو بەشێوەیەکی سیستماتیك پۆلێن بکرێن و، بۆ هەر یەکێکیان لێژنەیەکی پسپۆر بە فەرمانێکی وەزاری دابمەزرێت ، کە لە سێ کەس کەمتر نەبێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئا ـ دانانی کتێبی خوێندن، ئەم کارە لە پرۆسەی پەروەردەدا بە بنیاتنانەوەی پرۆگرامەکان دادەنرێت، لەو کاتەدا ئەنجام دەدرێت کە ماوەیەکی زۆر بەسەر دانانی کتێبەکەدا بەسەرچوو بێت و ناوەرۆکەکەیشی لەگەڵ ژیان و بۆچوونەکانی سەردەم نەگونجێت، چونکە پرۆگرامی خوێندن چەند ڕێك و پۆخت و باش بێت، ڕۆژێك دێت کە بە دیدی پەروەردەکارە نوێخوازەکان و تەنانەت مامۆستاو فێرخوازەکانیشەوە شتێکی وشك و کۆن بێت، بۆیە پرۆگرامەکە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە. ئەمەش کارێکی هزری وردو زانستی و پەروەردەییە، پێویستی بە

پسپۆڕییەکی باڵاو دەگمەن هەیە، بۆ ئەوەی بابەتەکانی لە هیچ ڕوویەکەوە لەگەڵ بڕگە و مادەکانی یاسا و سیستم و ڕێنمایە پەسەندکراوەکانی وەزارەتی پەروەردە هاودژ نەبن. کە خۆیشی بەپێی زاڵبوونی گۆڕانکارییەکان پێویستی بە هەموارکردنە.

ب ـ ئامادەکردنی کتێبی خوێندن، پرۆسەیەکی کۆکردنەوەیەو بریتییە لە لابردنی هەندێك بابەت و تێکەڵکێشکردنی هەندێك بابەتی دیکەی نوێ لەگەڵ بابەتەکانی پێشتر. بابەتە نوێیەکانیش لە چەندین سەرچاوەی جیاجیای زانستی وەردەگیرێت و بە خوێندنەوەو لێکدانەوەیەکی نوێ ڕێکدەخرێن، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاستی فێرخواز و بارودۆخی سەردەمدا بگونجێت. ئامادەکردنی کتێبی پرۆگرامی خوێندن لە کاری دانان ئاسانترە، بۆیە بە پرۆسەیەکی بنیادنانەوەی پرۆگرامەکان دانانرێت، بەڵکو دەچێتە خانەی پەرەسەندنی پرۆگرامەکانەوە.

پ ـ وەرگێڕان بە پلەی سێیەم دێت. داهێنانێکی دوو لایەنییە. لەلایەکەوە بە زانست دادەنرێت، چونکە دەبێت هەموو بنەماکانی تێگەیشتنی دەقە ئۆرجیناڵەکەی تێدابێت. لەلایەکی دیکەوە بە هونەر دادەنرێت، چونکە دەبێت وەرگێڕ هەموو مەرجە ستاتیکییەکانی زمانی بۆ وەرگێڕراو ڕەچاو بکات. لەم ڕووەوە وەزارەت دەتوانێت تەنیا کتێبە پێڕەوکراوەکانی خۆی بۆ زمانەکانی دیکە وەربگێڕێت (بۆنموونە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانەکانی دیکەی خوێندن، کە لە هەرێمدا بەکاردێن وەکو تورکمانی و سریانی و ئینگلیزی...). ئەگەر کارەکە پێچەوانە بوو، ئەوە جگە لە پارەی تێچووی وەرگێڕان دەبێت وەزارەت مۆڵەتی فەرمی لە خاوەنەکەی وەربگرێت و مافەکانیشی بداتەوە.

ج ـ بژارکردن (تنقیح) پرۆسەیەکی بەردەوامی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی نێو کتێبەکەیە، کە لە ساڵانی دوای پەسەندکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن ئەنجام دەدرێت. ئەمەش ئیش و کارێکی ئاساییەو ئەرکی ئەندامانی لیژنەی زانستی و بەدواداچوونی هەر کتێبێکی خوێندنە، کە ڕێنمایی تایبەتی خۆی هەیە.

لەکۆتاییدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە دانان و ئامادەکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن وەکو هەر لایەنێکی دیکەی پەروەردەیی لە چەند فلتەرێکی زانستی

و تەکنیکیدا تێدەپەڕێت و دواتر بە ئەزموونێکی پراکتیکی جێبەجێ دەکرێت و بەپێی پێوەرەکانی پەروەردەیی باوەڕپێکراو هەڵدەسەنگێنرێت، ئینجا پەسەند دەکرێت و دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە. پرسیارەکە لێرەدایە:

**ئایا لەدوای ئەو هەموو هەنگاوانە بۆچی هەڵەو کەموکورتییەکان سەرهەڵدەدەن و بۆچی لەکاتی ئەزموونگەرییەکەیدا دەستنیشان نەدەکران؟!!**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، کە لەوانەیە لە مێشکی هەر کارمەندێکی خەمخۆری پرۆگرامەکانی خوێندندا بورووژێت. پێویستی حاڵەتەکە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

ئا ـ هەر کارێکی ئەزموونگەری لە چەند شوێنێکی سنووورداردا جێبەجێ دەکرێت، هەڵبەتە ئەمەش ئەنجامەکانی سەد لە سەد ناپێکێت، ئەو ڕێژە کەمەی کە دەمێنێتەوە، ئەو هەڵەو کەموکورتییانەن، کە لەڕێگەی بژارکردن و پێداچوونەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بەدەستدێن و ڕاست دەکرێنەوە.

ب ـ بنیاتنانەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن ئەڵقەیەکی سەرەکییە لە زنجیرەی پرۆسە جیاجیاکانی پەروەردە و فێرکردن، کە دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە چەند هەڵەو کەموکورتییەکان لەلایەن ئەوانەوە دەستنیشان دەکرێن، بەتایبەتی ئەوانەی لەنێو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی شارەزایانی پەروەردەیی و تێزە ئەکادیمییەکانی خوێندنی باڵادا دەسەلمێنرێن، یان لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکاندا بەدەست دێن، یانیش هەندێك شت لەلایەن ڕای گشتی خەڵکەوە ڕەت دەکرێنەوەو لەوانەیشە دابەزینی ئاستی کارامەیی و مەعریفی دەرچووان هۆکارێکی سەرەکی بێت کە پسپۆڕانی پرۆگرامەکانی خوێندن سەرلەنوێ بە کتێبەکاندا بچنەوە.

**2ـ چاپکردن،** کە لایەنی تەکنیکی پرۆسەکە دەگرێتەوەو، بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت:

ئاـ گواستنەوەی سپیکاری کتێبەکە بۆ سەر (سی دی)، ئەمەش لە ئەنجامی چەند کردەوەیەکی یەك لە دوای یەکدا ئەنجام دەدرێت، کە بە گشتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەم بەشانەی خوارەوە:

ـ **بەشی کۆمپیوتەر،** کە دوو لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە، یەکەمیان: چاپکردنی نووسینی دەقەکانەو، دووەمیان، دیزاینی کتێبەکانە. هەر

یەکێکیان پسپۆر و شارەزایی (ئای تی) بەڕێوەی دەبەن.

ـ **بەشی هەڵەچنی،** چەند کارمەندێکی سەرنج ورد و زمانەوان بەڕێوەی دەبەن و هەڵەکانی چاپی کۆمپیوتەر ڕاست دەکەنەوەو، بۆیان دەگەڕێننەوە. ئەم کارە سێ جار دووبارە دەبێتەوە (کەواتە سێ گێسن دەکرێت)، بۆئەوەی هیچ چەوتی و هەڵەیەکی چاپ لەنێو کتێبەکەدا نەمێنێت، بۆئەوەی بۆ چاپخانە ئامادەبێت.

**ب ـ (سی دی) ئامادەکراو،** لەلایەن لیژنەی دانان و بژارکردنەوە لەڕووی زانستییەوە پەسەند دەکرێت و بە سەرپەرشتیاری چاپ دەسپێررێت و بەدواداچوونێکی بەردەوام دەکات، تا بە تیراژی تەواو لە چاپخانە دەردەچێت و بۆ کۆگاکان ڕەوانە دەکرێت.

**3ـ دابەشکردنی** ڕێکوپێك، کە بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێت:

**ئاـ کۆگەی ناوەندی،** کتێب وەردەگرێت و لەدوای جەردکردنیان، عەمبار دەکرێت و بەپێی پێویستییەکانی کۆگەکانی پارێزگەو قەزاکان دابەشی دەکات.

**ب ـ کۆگەی پارێزگە،** لە سنووری پارێزگەکەدا کۆنترۆڵی پێویستییەکانی کۆگەکانی قەزاکان دەکات، لەوانەیە هەندێکیان لەدوای ڕێکوپێککردنی کارەکان ڕاستەوخۆ لە کۆگەی ناوەندییەوە ڕەوانەی لقەکانی کۆگەی قەزاکان بکرێت.

**وەزارەتی پەروەردە لە بواری گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندندا هەنگاوی گەورەی ناوەو ئێستە لە قۆناغی گواستنەوەدایەو کارەکانیشی بێ بەرنامەییان پێوە دیارە**

**پ ـ کۆگەی قەزا،** لە سنووری قەزاکەدا پێویستییەکانی فێرگەکان دابین دەکات. وردترین کاری دابەشکردن لەم لقانەدا دەکرێت، چونکە دەبێت بەپێی ژمارەی فێرگەکان تۆماری وەرگرتە و دەرکردە بە دووانە ڕێکبخات، کە یەکێکیان لە کۆگە دەمێنێتەوەو ئەوی دیکە لە فێرگە دەبێت. لەکاتی وەرگرتنی کتێبەکان، هەموویان بە ژمارە و بە جۆریانەوە لەهەردوو تۆمارگەکەدا دەنووسرێن و هەردوو لایەن بە فەرمی ئیمزا دەکەن.

**ج ـ کۆگەی فێرگەکان،** ئەمەش ڕاستەوخۆ بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرەوە ڕێکدەخرێت، چونکە مامۆستا و یاریدەدەر و فەرمانبەرانی دیکەی فێرگەکەیش هاوکاری ئەمینداری کۆگەکە دەکەن. بەتایبەتی لە ناونووسکردنی فێرخوازان و پۆلێنکردنی جۆرەکانی کتێب و ڕێکخستنی فۆرم و تۆماری وەرگرتنیان. هەماهەنگی لەنێوان کارگێڕی فێرگەکە و ئەمینداری کۆگەکەدا، گرنگی خۆی هەیە لەسەر پرۆسەی دانان و چاپکردن و دابەشکردنی کتێبەکاندا، بۆیە دەبێت سەرپەرشتیاری کارگێڕی ببینێت و هەموو ساڵێك ئەوەی هەیەو ئەوەی دابەشکراوەو ئەوەی ماوەتەوە، بە دروستی بەراورد بکات و تێبینییەکانیشی بخاتەڕوو و دوا ڕاسپاردەکانیشی لەتۆماردا ئیمزا بکات، بۆئەوەی ئیش و کاری کۆگەی قەزاکە ئاسانتر و ڕەوانتر بێت.

**بنەمای دووەم: ئامادەکردنی مامۆستایان،** مامۆستایانی لەسەر شێوازی تەقلیدی ڕاهاتوون و لێهاتوویی و کارامەییان بەپێی بنەما تیۆرییەکانی ئەو ڕێبازە بنیات نراوە، ناتوانن بە ئاسانی دەستبەرداری بن چونکە لەلایەکەوە کات و توانایەکی زۆریان بەسەربردووە تا لەگەڵ بنەماو ڕێگەو پێوەرەکانی ئەو شێوازە ڕاهاتوون و لەلایەکی دیکەیشەوە ئەوان لەو بڕوایەدان کە شێوازی تەقلیدیش هەندێك خاڵی ڕۆشن و سیمای جوان و بەهای چاکی تێدایە. لەبەر ئەم هەردوو هۆیەی سەرەوە وا پێویست دەکات کە ئەو لایەنانەی بڕیار بەدەستن کە شێوازی پرۆگرامەکانی تەقلیدی بەرەو شێوازی نوێ دەگۆڕن یەکەم هەنگاویان ئەوە بێت کە قەناعەت بەو مامۆستایانە بێنن چ ئەوانەی لەکاردان و چ ئەوانەی

لە کۆلێژو پەیمانگەکانی ئامادەکردنی مامۆستایانیشدا وانە دەڵێنەوە کە شێوازی نوێ باشترەو ویستی پێڕەوکردنیشیان هەبێت و دەتوانن خۆیان لەگەڵ شێوازی نوێی پرۆگرامەکانی خوێندن بگونجێنن، بۆیە دەبێت پانتاییەکی لەبار بۆ ئەم لایەنە فەراهەم بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

1ـ گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی کۆلێژی مامۆستایاندا بکرێت، بە شێوەیەك کە قوتابیانی ڕاهێنراو بۆ پیشەی مامۆستایەتی بەپێی ساڵەکانی خوێندن و زنجیرەبەندی وانەکانی وەرزی هەموو وردەکارییەکانی شێوازی نوێ وەربگرن و لە ڕووی ئەکادیمیشیەوە ئامادە بکرێن، بۆ ئەوەی وەکو دێنە نێو پیشەکەدا تووشی کاری لەناکاو و شتی نەخوازراو نەبن. ئەمەش کارێکی ئاسان نییەو کارگێڕی کۆلێژەکان ڕووبەڕووی ڕکابەری زۆر دەبن، بۆیە وا باشە کە قوتابییە زیرەکەکان و ئەوانەی نمرەی بەرزیان لە تێست و تاقیکردنەوەکاندا هێناوە لەو کۆلێژانەدا وەرگیرێن.

2ـ ئەو مامۆستایانەی لەکاردان، خولی شیاندنیان بۆ بکرێتەوەو مەشقی پراکتیکیشیان پێ بکرێت، بۆ ئەوەی هەردوو شێواز تێکەڵی یەکدی نەکرێن و سستییەکیش لە ئەرکی مامۆستادا دروست نەبێت، بەڵکو جەخت لەسەر هەردوو پرۆگرامی وانەوتنەوە پرۆگرامی چالاکییەکان بکرێت، کە هەر یەکێکیان بنەماو پێوەرو ئامانج و ڕێگەکانی جێبەجێکردنی خۆی هەیە.

لە هەردوو حاڵەتی سەرەوەدا، مامۆستا بە پێوەری سەرکەوتنی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن دادەنرێت، چونکە ئەگەر کەموکورتی لە پرۆگرامەکانی خوێندنیشدا هەبن، ئەوە مامۆستای لێهاتوو و کارامە دەتوانێت لە میانی وانەوتنەوەدا چارەسەریان بکات و بە شێوەیەکی دروست بیانگەیەنێتە فێرخوازان. بە پێچەوانەیشەوە ئەگەر مامۆستا بە شیوەیەکی دروست ئامادە نەکرابێت و مەرجەکانی کارامەیی تێدا نەبن، ئەوە ئەگەر باشترین پرۆگرامی خوێندن بخرێتە بەردەستی و بارترین ژینگەی خوێندنیشی بۆ فەراهەم بکرێت.. ناتوانێت ئەرکی خۆی بە تەواوەتی جێبەجێ بکات. ئەو وڵاتانەی یەکەم

خاڵی چاکسازییان لە مامۆستاوە دەست پێ کردووە، سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێناوە، لەوانە ژاپۆن و کۆریای باشوور. بایەخدان بە مامۆستا تەنیا بە کردنەوەی خولی شیاندن و ڕاهێنان نییە ( هەروەکو شێوازی تەقلیدی لە دەوری دەسوورێتەوە). یەکێ لە پسپۆرانی پەروەردەیی وڵاتە پێشکەوتووەکان ڕۆڵی دروستی مامۆستا لەم ڕستەدا کورت دەکاتەوە: ( مامۆستای لێهاتوو ئەوەیە کە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنیدا لە ڕیزی پێشەوەی فێرخوازانەوە بووەو لە دوای دامەزراندنیشی مووچەی وەزیری و هەیبەتی جەنەراڵ و دەسەڵاتی دادوەری بۆ دابین کرابێت و دواتر هەڵسەنگاندنی دەستپێ دەکات).

**بنەمای سێیەم: ژینگەی فێرگەیە،** لەم بارەوە وەزارەتی پەروەردە پرۆژەی بەجێ و پلانی تۆکمەی بەدەستەوەیە، بەڵام زۆربەیان لە قۆناغێکی سەرەتایین و بەپێی شێوازی تەقلیدی بەکاردێن. هێشتا هەوڵنەدراوە کە بۆ شێوازی نوێی پرۆگرامەکانی خوێندن بگوازرێنەوە، بۆیە ناکرێت بەبێ هەبوونی مەرجەکانی ژینگەیەکی لەبارو گونجاوی فێرگەیی کردەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. بەڵام ئەوەی پێویستە بگۆترێت کاریگەری هاوبەشی نێوان پرۆگرامەکانی خوێندن و دروستبوونی ژینگەی لەباری فێرگەییە، چونکە هەردووکیان پێکەوە یارمەتیدەرن بۆ:

1ـ پرۆسەی فێربوون دەکرێتە نەریتێکی سەرنجڕاکێشی کەسایەتی فێرخوازان.

2ـ پانتاییەکی گونجاو بۆ کردەوەی فێربوون دابین دەکەن.

3ـ بەشداربوونی فێرخوازان لە دیالۆگە کۆمەڵایەتی و فێربوونی بەکۆمەڵ بەهێزدەکات.

4ـ هۆکارێکی سەرەکینە بۆ وەرگرتنی زانیاری و بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ و پەرەسەندنی فێربوونی چالاکانە، کە بنەمایەکی هەرە سەرەکی پرۆسەی پەروەردەی هاوچەرخە.

5ـ فێرخوازان هاندەدات کە پشت بەخۆ ببەستن و سیستمی ئۆتۆنۆمی لە کردەوەی فێربووندا پێڕەو بکەن.

6ـ وەکو دیفاکتۆیەکی ئەرێنی هەندێك لە ڕێبازە پێشکەوتووەکانی هەردوو پرۆسەی فێرکردن و فێربوون

بەکاردێنن کە هەموو پێویستییەکانی پەروەردیی جێبەجێ دەکەن و حەز و ئارەزووەکانی فێرخوازیش تێر دەکەن.

7ــ ئایندەیەکی ئاسۆ کراوە بۆ فێرخوازان فەراهەم دەکات، کە لە نزیکەوە لە ستراتیژییەکانی هەردوو پرۆسەی فێربوون و فێرکردن بگەن و لەگەڵ ئامانجەکانی پەروەردەییدا لێکیان بدەنەوە.

هەڵبەتە ستراتیژییەکانی هەردوو پرۆسەی فێربوون و فێرکردنیش لەدەرەوەی بازنەی ئەرك و کاری فێرخوازو مامۆستایاندایە. بەلاّم بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ فێرخوازو مامۆستا تۆخمێکی سەرەکین لە هەردوو پرۆسەکەدا، چونکە ئەو پرۆگرامانەی لە فێرگە پێڕەودەکرێن لە بنەڕەتدا چەند پرینسیپێکی سەرەتاین کە وەزارەتی پەروەردە ستراتیژییەکانی لەسەر بنیات دەنێت.

هەروەها برگەو وردەکاری ستراتیژییەکانیش وەکو نموونەی ڕوونکردنەوە لەنێو بابەت و کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندندا جێگایان دەبێتەوە.

**لە میانی تێبینی و هەڵسەنگاندنەکانی ئەم بابەتەدا، ڕاستییەکمان بۆ ڕوونبووەتەوە، کە پرۆسەی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا دەڕوات و گەیشتووەتە دووڕیانێکی یەکلاکەرەوەو پێویستی بە پلانرێژییەکی تۆکمەو هیمەتێکی جێبەجێکاری هەمەلایەنەوە هەیە.**

# ڕێنمایی مانگی یەکەم بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

زەکیە ڕەشید محەمەدئەمین*

ئەم مانگە مانگی ڕاهاتنی فێرخوازەکەیە لەگەڵ دەور و پشت و هاوڕێکان و مامۆستاکان و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بنەڕەتییەکەو هاتنی بۆ بنەڕەتییەکە و گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە. دوورکەوتنەوەی لە دایك و باوك و خوشك و براکانی و ڕاهاتن و ڕاهێنانی و دەق گرتن لەگەڵ ڕێڕەوی بنەڕەتی ... ئەم مانگە وانە نەخوێنرێت، بەڵام دەبێت لەزۆر ڕووەوە سوودمەند بێت. ئاسانکاری بۆ بکرێت بۆ ئامادەبوون و قاڵ بکرێت و بخرێتە قاڵبی فێرخوازەوە بەپێی خوێندنەوە بچێت و ئەوەی بە کۆسپ و تەگەرە زانراوەو ناسراوە لەبەر دەمیدا نەمێنێت ... هەموو دەزانین منداڵ لەدوای شەش ساڵییەوە بە پێی یاسا دەبێت بچێتە فێرگەی بنەڕەتی، کوڕ و کچی هەژار بێت، یان سەرمایەدار . واتە گواستنەوەی ئەم منداڵە لە جیهانی ماڵەوە بۆ جیهانی بنەڕەتی لە ڕۆژانی یەکەمدا بەرانبەر دەستەی بەڕێوەبردنی بنەڕەتی هەست بە نامۆیی دەکات، لە بەڕێوەبەر و مامۆستاکان و کارمەند و کارگوزار و هاوڕێکانی و بینای بنەڕەتییەکەش خۆی بە نامۆ دێتە پێش چاو.

جا بۆ ئەوەی هەست بە کەسیەتی خۆی بکات لە ترس و گۆشەگیری دووربکەویتەوەو دڵنیای بکەین بۆ ئەوەی شارەزایی پەیدا بکات، پێویستی بە دڵێکی گەورە و سنگیکی فراوان و پڕ سۆزو میهرەبانە، مامەڵەیەکی خۆیی و زۆر

نـەرم و نیـان و گونجـاو و جـوانی لەگەڵـدا بکرێـت، بـۆ ئـەوەی هەسـت بـە خۆشەویستیەکی وا بکات جیاوازی کەمتر نەبێت لەو خێزانەی لێوەی هـاتووە .... چاکتر وایە مامۆستای وانەی کوردی و بیرکاری ڕابەری پۆلی یـەك بێـت .. لەبـەر ئەوەی ژمارەی ئەم وانانە زۆرەو زیاتر ئاگاداری کەم و کـورتی و پێویـستییەکانیان دەبێت.

پۆلی یەك پێویستی بە مامۆستای ڕابەری پسپۆڕ و شارەزایە، چونکە منداڵ لەم تەمەنـەدا زۆر ناسـك و هەسـتیارە ... گـەلێك پێویـستی بـە پاراسـتن و سـۆز و خۆشەویستی و دڵ ڕاگرتن و نەرم و نیـانی و ئـارام و گـوێ لـێ گـرتنی ئـەوێت . پێویستە مامۆستا بچێتە ناخییەوە و چاك لێی تێ بگات . لەبەر ئەوە بەڕێوەبـەر هزر و بیر و چاو دەخاتە کار بۆ مامۆستایەکی گونجـاو بناغـەی پـۆلی یـەکی بـۆ دانێت، هەموو پەسەندییەکی تێدا بێت، دوور بێت لە دەمـارگیری و ڕوو گـرژی و تووڕەیی و قسەی ڕەق و ناخۆش و ناوو ناتۆرە و هەڕەشەو گوڕەشەو جنێو و چەپۆك و دار وەشاندن و هەڵگرتن، یان بەقیژە بیانترسـێنێت، بـە وشـەی جیـاوازی کـردن هەستیان بریندار بکات، یان بـە چـیرۆکی ترسـناك بـێ دەنگیـان بکـات و بـاری دەروونیان ئاڵۆز بکـات و تێـك بـدات، بەتێکـچوونی بـاری دەروونـی منداڵەکـە پێوەندی کەس و کاری فێرخوازەکە لەگەڵ بنەڕەتیدا تێکدەچێت، ئەمە چارەسـەری زۆر قورسـە، یـان زۆر دەخایـەنێت و هـەموو کاریگەرەکـەی بەسـەر منداڵەکـەدا دەشکێتەوە .

ئەنجام لەم پرۆگرامە دروستبوونی فێرخوازەکەیە لەسەر دەستی مامۆستای چـاك تا ببێتە ئەندامێکی بەکەڵك و هزر و توانا و دانـا و کەسـیەتی بـەهێز، ئەوەنـدە متمانەی بەخۆی بێت، لەدواڕۆژدا خزمەتی هەموو کەس و خاك و وڵات بکات.

**ڕۆژی یەکەم**

1ـ بابەت: هەڵبژاردنی ڕابەرو مامۆستای پۆلی یەك. 2ـ کاتی وانە: (4) کاتژمێر 3ـ ئامانج لەم پرۆگرامــە: هەڵبــژاردنی ڕابــەرو مامۆســتای پــۆلی یــەك و دووە. فێرکردنی ناوی سیانی بەپێی باری شارستانی واتە ناوی فێرخواز و باوك و باپیری . پێویستە بەڕێوەبەری بنەڕەتی شارەزایی و متمانەی چاکی هەبێت و بزانێت کێ لـە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەو پۆلە گونجاوە بەتایبەتی خولەکانی دیبێت، سەرپەرشتیار ، لەڕووی تەندروستی و وزە و ڕەوشت و باری کۆمەڵایەتی و ویژدان و ئارامگرتن و ڕووی خۆشەوە هەڵیسەنگاندبێت، منداڵ دڵ پاك و بێ خەتاو بێ دەسەڵاتن نادرێنە دەست هەموو کەس، بەڵام ئەو متمانەیــە لای هــەموو دایــك و باوکێــك بــەهێزە منداڵەکەی بەرەو ڕووی مامۆستا بکات. ئینجا با بـزانین مامۆسـتای دڵ نـەرم و ڕووخۆشەکەی پۆلی یەك چۆن بەپیر منداڵە تازە هاتووەکانەوە دەچێت، ڕۆژ باشیان لێ بکات و ناوە تۆمار کراوەکانی پێیە .

## ناوی منداڵەکان دەخوێنینەوە

لێرەدا چەند شتێك سەر هەڵدەدات ... ! هەندێك منداڵ ناوی خۆی باش نازانێت لەبەر ئەوەی دوو ناوی هەیە، یان بەنازناو بانگیان کردووە، لەماڵەوە بە دڵە بانگی دەکەن، لەناسنامەی باری شارستانییەکەیدا ناوی (دڵخۆشە) .... باوکی بــە کاکــە حەمە ناسیوە، ناوی (محەمەد)ە ئەی باپیری؟ دەڵێت ناوی بابە گەورەیە، یــان بابــە حاجییە. پێویستە فێرخواز لە هەفتەی یەکەمدا ناوی سیانی واتــە نــاوی خــۆی و باوك و باپیری شارەزا بێت، هەموو ڕۆژێك بــۆی بخوێنرێتــەوە تــا بەتــەواوی خــۆی دەناسێت.

مەرج وایە مامۆستای پۆلی یەك ئەم پرسیارانە بکات: 1ـ چەند کــەس مــاڵی لەم گەڕەکەیە ؟ 2ـ ئەم گەڕەکە ناوی چییە؟ 3ـ ناوی بنەڕەتیەکەی ئێوە چــییە؟ 4 ـ چەند کەس خوشك و بران ؟ خوشك و براتان لەم بنەڕەتیدا هەیە، لە کام پۆلن و ناویان چییە؟ 5 ـ لەم پۆلەدا چەند کەس خزمن؟ چین بە یەك ؟ 6 ـ چەند کەس دراوسێن ؟ و ناویان چی یە ؟

## ڕۆژی دووەم

هەندێك فێرخواز نازانێت ناوو ناونیشانی بنەڕەتییەکەی چییە ؟

1ـ بابەت ـ زانین و شارەزا بوون لە ناوو ناونیشانی بنەڕەتییەکەی .

2ـ کات:ـ ڕۆژێك ـ چوار سەعات.

3ـ ئامانج :ـ فێرخواز بتوانێت بە متمانەی خۆی بگات و ون نەبێت. زۆربەی منداڵ ڕۆژانی یەکەم بە ڕێگای بنەڕەتی نامۆن، دایك و باوکیشیان ئەو متمانەیە بە منداڵ نادەن بە خۆیان بڕۆن بۆیە لەگەڵ منداڵانی خزم و دراوسێکانیان بەڕێیان دەکەن.

ڕابەر بەبێ ڕیزکردن ناوەکانیان دەخوێنێتەوە، پۆلەکە بەرەو دیوی کۆڵان بەڕێ دەکات و بە دەوری بینای بنەڕەتییەکەدا دەیانگێڕێت و لێیان دەپرسێت چەند کەس لەم ڕێگەیەوە دێت و دەڕواتەوە؟ کێ ماڵی لەم ناوەوە نزیکە؟ ئینجا سەرنجی فێرخوازەکان ڕاکێشێت بۆ ئەو دەرگەیانەی سەر بە بنەڕەتییەکەیانە، ئینجا بگەڕێنەوە بۆ دەرگە سەرەکییەکە کە ناوی بنەڕەتییەکەی لێ نووسراوە. پێیان بڵێت ئەوە ناوی بنەڕەتییەکەی ئێوەیە . نووسراوە ( بنەڕەتی فلانی سەرەتای تێکەڵ ) کەواتە ئێوە لە کام بنەڕەتی سەرەتایی تێکەڵن با بەیەکەوە بڵێین: چەند جارێك ناوەکە دەڵێینەوە. (ئێمە فێرخواز بنەڕەتی ـ فلانی ـ تێکەڵین) ئەمە بنەڕەتی ئێوەیە پیرۆزتان بێت.

فێرخوازەکان بەبێ ڕیزبوون بگەڕێنەوە بۆ گۆڕەپانی بنەڕەتییەکەیان و بەپێی پێویست پشوو بدەن.

## ڕۆژی سێیەم

پێداچوونەوەیەك بەوردی بە ژیانی فێرخوازەکەدا:

1ـ بابەت: شارەزا بوون لە باری کۆمەڵایەتی فێرخوازەکە لەڕووی بەخێوکارو باری ئابووری و دەروونی و تەندروستییەوە . 2 ـ کات: 4 کاتژمێر 3 ـ ئامانج: بەئاگابوون و بەتەنگەوە بوونیان.

پێویستە لەڕووی باری کۆمەڵایەتییەوە یەك یەك گوێ لە فێرخواز و بەخێوکارو کەسە نزیکەکانیان بگیرێت و بەپێی پێویست بۆ بنەڕەتی بانگ بکرێن و لە

قووڵایی تەنگ و چەڵەمەکانیان شارەزا بن و پێش وانە دەست پێکردن فریایان بکەون.

بەهۆی ئەم پرسیارانەوە بچنە بنج و بناوانی فێرخوازەکەو هەندێکیشی لە بەینی خێزانی فێرخوازو ڕابەردا شاراوە بێت. أ ـ بەخێوکاری فێرخواز ! ب ـ ئێستا لای کێیە ؟ هۆی چییە؟ تـ لای دایك و باوکە، یان تەنیا دایك، یان تەنیا باوك، یان باوەژن، یان باوەپیارە، یان لای نەنکی دایکی دایکی، یان دایکی باوکی، یان پوور، کام پوور؟ یان خوشکی، یان برای، یان خێزانێکی دیکە تەبەنی کردووە؟ هۆیەکەی چی بووە؟ لە هەردوو سەرەوە ئەوەی بەخشیوەتی و ئەوەی هەڵی گرتووەتەوە. جـ باری ئابووری: هەندێك خێزان منداڵیان زۆرەو لەبەر هەژاری و بێ دەرامەتی ناتوانن بە هەموویان بخوێنن. ناتوانن خزمەتی هەموویان بکەن، لە گەورە بونیاندا بۆ بژێوی خێزانەکە دەخرێنە بەر کار. لێرەدا دەتوانین بڵێین بە نهێنی لەگەڵ خێرخوازەکاندا ڕێکبکەون کە ئەم فێرخوازانە دەست لە خوێندن هەڵنەگرن.

دـ توێژینەوەی باری دەروونی:

چارەسەکردنی باری دەروونی گرنگترین خاڵە بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی کۆسپ و تەگەرە لەڕێی خوێندن و خودی کەسیەتی فێرخوازەکە لەناو هاوڕێکانیدا وەك شەرمنی، شکاندنەوەو ترساندن، پیش خواردنەوە، مانگرتن، بێ نازی، نازداری زۆر، زۆرداری، شەڕەنگێزی، خۆ بەکەم زانین.

هـ باری تەندروستی و دروست بوونی:

هەندێك جار منداڵەکە بەهۆی زگماکییەوە کەم و کورتی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام لە وانەکەیدا زۆر پێشکەوتووە... وەك شەلی، گۆجی، چاوکزی، لاوازی و بێ هێزی ... یان نەخۆشییەکی درێژ خایەن یان نەشتەرگەری گەورەی بۆ کراوە، دەبێت هەموو لایەك ئاگادار بکرێتەوەو مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ بکرێت و بە قسە هەستی بریندار نەکرێت و زیانی پێنەکات ، بەجۆرێك مامەڵەی نەکرێت هەست بە جیاوازی خۆی بکات و بەزەیی بەخۆیدا بێتەوەو تووشی باری دەروونی بێت و وورەی بڕووخێت.

## ڕۆژی چوارەم

1ـ بابەت:ـ کردەوەی فێرخواز لە گۆڕەپاندا 2ـ کات:ـ (3) کاتژمێر 3ـ ئامانج:ـ ( هەست بە خاوێنی ڕاگرتنی گۆڕەپـان و دەسـتپاکی ) مامۆسـتای ڕابـەر لەگـەڵ فێرخوازەکانی لە گۆڕەپاندا دەمێنێتەوە نایانباتەوە پۆل، بە هێواشی هەموو سووچ و پەنایەکی بنەڕتییەکەیان دەگێڕێت .. تێیان دەگەیـەنێت هەنـدێك لـەم شـوێنانە جێگەی ئەوانی نییە!! نابێت لە ڕۆژانی داهاتوودا ڕووی تێ بکەن، تەنیا گۆڕەپانـە گەورەکە جێگای وەستانی و یاری کردن و ڕیز بوونیانە ... دەبێـت پـاك و خـاوێن ڕایگرن، دەستە سڕی کاغەزو بەرگی بسکویت و نەستەلە و چکلێت فڕێ دەنە نـاو تەنەکەی خۆڵ و زبڵەوە، تف و کلم فڕێ نەدەنە سەر زەوی، دیوارەکـان نەنووسـن و پیـسی نەکـەن. بـە دەرگـەی گۆڕەپانەکـەدا هەڵنەگـەڕێن و بەهێواشـی بـەلای هاوڕێکانیاندا ڕابوورێن. لەسەر پێپلکە بە هێواشی بێینە خوارەوەو پاڵ نەنێین، بـۆ هاتنە ژوورەوەیان و چوونە دەرەوەیان لەناو دەرگاکاندا سەرە بگرن. ڕێز لە هـەموو فێرخوازێك بگرن، بەقسەی چاودێرەکان بکەن، ڕێك و بێ دەنـگ لـە ڕیزەکانیانـدا بووەسـتن. گاڵتـە بـە کـەس نەکـەن، ئـازاری کـەس نـەدەن، کەسـێك بکـەوێت هەڵیبگرنەوە. شتێکیان دۆزییەوە بۆخۆیانی هەڵنــەگرن و خاوەنەکـەی بدۆزنـەوە و بیدەنەوە دەستی خاوەنەکەی، یـان لەڕێگـەی مامۆسـتاو ڕابـەرەوە یـان لـەڕێگای بەڕێوەبەرەوە بیدەنەوە خاوەنەکەی.

## ڕۆژی پێنجەم

1ـ بابەت: چۆنیەتی هاتنیان بۆ بنەڕەتی 2ـ کـات: 4 کاتـژمێر 3ــ ئامـانج: (هاوڕێی ڕێگای فێرخوازەکە . پاراستنی باخچەی بنەڕەتی ناسینیان و شـارەزایی بە ڕەنگی گوڵەکان.).

مامۆستای ڕابەر فێرخوازەکان لە پۆلدا دادەنێت، هەر یەك لەسەر جێگەی خـۆی . جارێکی دیکە ناوی سیانی واتە ناوی فێرخوازو باوك و باپیری دەخوێنێتەوەو دێنە پێشەوە بۆ بەردەم تەختە ڕەش. هەر یەك لە فێرخوازان ناوی خۆی و باوك و باپیری بڵێت و بچێتە جێگەی خۆی و دانیشێت. ئنجـا یـەك لـەدوای یـەك فێرخوازەکـان بدوێنێت و ئەم پرسیارانەیان لێ بکات . 1 ـ ئەمڕۆ لەگەڵ کێ هاتی بۆ بنەڕەتی؟

2 ـ کێ لەم پۆلەدا هاوڕێتە؟ 3 ـ کێ لەم پۆلەدا دراوسێتە؟ 4 ـ چەند خوشك و براتان لەم بنەڕەتییەدا هەیە ؟ لە کام پۆلن و ناویان چییە؟5 ـ لە کام پۆل چەند کەس خزمتە؟ هەر بەپێی دانیشتنەکەیان دوو دوو بیانباتە گۆڕەپان و بەرەو باخچەی بنەڕەتییەکە و لەگەڵیان بدوێت.
چەند کەس لەماڵەوە باخچەی هەیە ؟ ئێوە گوڵ لە باخچەی ماڵەوە لێ دەکەنەوە ؟ کەوا بێ ئەم باخچەیە باخچەی ئێوەیە، پێویستە وەکو باخچەی ماڵەکانتان بیپارێزن و خۆشتان بوێت چونکە گوڵی جوانتان بۆ دەگرێت و دیمەنی جوان دەبەخشێت و لەژێر سایەو سێبەری درەختەکانیدا بەهاران سەیران دەکەن و هەوای پاك و بۆنی خۆشتان پێ دەبەخشێت . ئەنجا بە ڕەنگی گوڵەکان بگەڕێن ڕەنگەکانیان لێ بپرسێت بۆ شارەزا بوونیان بە ڕەنگە سروشتییەکان چونکە هەندێك منداڵ کوێری ڕەنگیان هەیە! ڕەنگەکان لێك جیاناکەنەوە.

## ڕۆژی شەشەم

1ـ بابەت: چۆنیەتی ڕاهاتن لەسەر ڕێڕەوی ڕێسا .2ـ کات: 4 کاتژمێر.3ـ ئامانج: ( ڕاهاتن و گونجانن و گورج کردنەوەی فێرخوازەکە ). لێرەدا ئامادەیان دەکەین چۆن ڕووبەڕووی ئەو ئەرکە ببنەوە، پێویستە ئەو منداڵە ناوی نراوە فێرخواز خۆی بە فێرخواز بزانێت ڕێڕەوو ڕێسای فێرخواز بگرێت و لەگەڵیدا بڕوات و هەموو ڕۆژێك جێبەجێی بکات. 1ـ پێی بوترێت کاتی دیاریکراو بگات و سەر لە بەیانی بوو، یان پاش نیوەڕۆ. 2 ـ جل و بەرگی فێرخوازی لەبەردا بێت. 3 ـ هەست بە یاسا و ڕێساو کات بکات و پێوەی پابەند بێت. 4 ـ هاتنی بۆ بنەڕەتی هەموو ڕۆژێك بە پێویستی بزانێت .5 ـ لەکاتی خۆیدا ئامادەبێت و بکەوێتە ڕێ و هاوڕێی ڕێگە هەڵبژێرێت.

## ڕۆژی حەوتەم

1ـ بابەت: پۆل ناسین و هاوڕێ گرتن. 2 ـ کات: 4 کاتژمێر.3 ـ ( ناسینی جێگای خۆی لە ڕیزدا و لە پۆلدا و هۆی نەهاتنەوەی ) لە هەفتەی یەکەمدا زۆر گوێ نەدرێتە ڕیز بوونیان بەڵام لە هەفتەی دووەمدا کاتێك زەنگ لێدرا. هەر

ڕابەرێك لە گۆڕەپانـدا سەرپەشـتی پۆلەکـەی بکـات، بـۆ چـۆنیەتی ڕیـز بـوون و ڕێکخستن بەپێی بەرز و نزمی باڵایان. هەر جووت فێرخوازێك دەستی یەکدی بگرن و ناو لە یەکدی بپرسن و بزانن کێ لەدوایانەوەیەو کێ لە پێـشیانەوەیە . ئینجـا ڕابەر بەرەو پۆل لەگەڵیان بڕوات. بەپێی فێرکردنیان هەریەك لەجێی خۆی و ئەگـەر فێرخوازێك ویستی لای هاوڕێکەی خۆی، یان لای دراوسێ، یـان خزمەکـەی خـۆی دانیشێت ڕێگـر مـەبن. تێیـان بگەیـەنن ئـەم پۆلـە پـۆلی ئێوەیـە نـاوی پـۆلی یەکی(فلان) بەپێی ڕاستی بارەکە.

لە ڕۆژانی سەرەتاوە یان هەفتەی یەکەم و دووەم فێرخواز ژوور و جێگای خۆی لێ تێکدەچێت . بە هەڵە یان بە خۆشەویستی هاوڕێیـەکی دیکـەی بێـت ڕوو دەکاتـە پۆلێکی دیکە.. لەبەر ئەوە پێویستە ڕابەر هەتا مانگێك هەموو ڕۆژێك ناوەکانیان بخوێنێتەوە و لە ژمارەی پۆلەکەی و هاتنی فێرخوازەکە دڵنیا بیت.. هـەتا ئەگـەر فێرخوازەکەش نەهاتبوو دەبێت هۆیەکەی بزانێت و کەس و کاری ئاگەدار بکاتـەوە و هەروەها بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانیش.

## ڕۆژی هەشتەم

1 ـ بابەت: بەیەك گەیشتن و وشە گۆڕینەوە . 2 ـ کات: 2 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: (یەکدی ناسین و هاوڕێیەتی و هاوڕێ گرتن).

ئێستا فێرخوازان ژووری خۆیان ناسی و شارەزای بوون. متمانەیان بە ڕابـەر پەیـدا کردو دڵیان پێی خۆشەو سـەربەخۆ ڕوو دەکەنـە پۆلەکـەیان و لـە شـوێنی خۆیـان دادەنیشن و کۆدەبنەوەو نامۆییان کەمتر بووەتەوەو کۆمەڵێك هاوڕێیانی پۆلەکەیان دەناسن .. ناو بەناو هاوڕێیـەتی یەکـدە دەکـەن .. ئیمـڕۆ دوای وەرگـرتنی نـاوی نەهاتووەکان و زانینی هۆیەکانیان ڕابەر فێری ئەوەیان دەکات کاتێك دەگەنە پۆل و بە هاوڕێکانیان دەگەن دەبێت چی بڵێن : بەیانیان بڵێن .. بـەیانیت بـاش، نیـوەڕۆ ..نیوەڕۆت باش، یان ئەم کاتەت باش، وەڵام: ژیانت باش .

لەبارەی ماڵەوەشیان هەر هەمان وشە بەکاربێنن بەم جۆرە مندالەکە دەکرێتەوە و هەست بە خۆشەویستی خۆی دەکات .. بـەڵام لـەڕووی جێگـە لـێ تێکـچوونیان بەکۆمەڵ بیانهێننەوە پێشی پۆل و بەکۆمەڵ بۆ شوێنەکانیان بیانگەڕێننەوە. لێرەدا فێری ئەوە دەبن زۆر بەرگری لە شوێنی خۆیان و هاوڕێکەی تەنیشتیان بکەن .. بەم

جۆرە بەئاسانی هەموو شت پەیڕەو دەبێت و کەسیەتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لای فێرخوازەکە بەهێزتر دەبێت .

## ڕۆژی نۆیەم

1ـ بابەت: پێناسینی ژووری بەڕێوەبەر .2 ـ کات: 3 کاتژمێر.3 ـ ئامانج: ( ئاسان و ئاسایی کردنی پێوەندی فێرخواز لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەردا). دەبێت ماماۆستاکە بڵێت :( فێرخوازانی خۆشەویست ئێوە فێرخوازن و منیش مامۆستای ئێوەم واتە من وانەتان پێ دەڵێم و فێری نووسین و خوێندن و خوێندنەوەتان دەکەم، فێری پەروەردە و ڕەوشتی جوان و پاك و خاوێنیتان دەکەم. بەڵام یەکێك هەیە لەژووری تایبەتی خۆی دادەنیشێت وکاری هەموومان بەڕێوە دەبات ناوی بەڕێوەبەرە. با بچین سەردانی بکەین و بەیانی باشی لێ بکەین . ڕابەری پۆل لەبەردەمی فێرخوازەکاندا بەیانی باش لە بەڕێوەبەر دەکات، ئەوانیش دوای مامۆستاکەیان بەیانی باش لە بەڕێوەبەر دەکەن و بەڕێوەبەریش بەڕوویەکی خۆشەوە بەیانی باشیان لێ دەکات و هەندێك ئامۆژگارییان دەکات . ئینجا ڕوو دەکەنە ژووری یاریدەدەر، کاری ئەمانیش لە فێرخوازان دەگەیەنن . لە نەهاتنی بەڕێوەبەر ئەمان کار بۆ هەمووان دەکەن و نایەڵن کاری بنەڕەتییەکەیان بوەستێت. ئینجا بەرەو ژووری کارمەندەکان و کارگوزارەکان و باسی کارەکانیان بکات .. پێویستە ئێمەش یارمەتیدەریان بین بەوەی پاکی پۆل و ڕاڕەو و گۆڕەپان و پۆلەکان ڕابگرین و باخچەکە بپارێزین و درەختەکان نەشکێنینەوە.

## ڕۆژی دەیەم

1ـ بابەت: پێناسینی شتی ژوورەکەیان و بایەخدان بە خاوێنی و پاراستنی. 2 ـ کات: 2 کاتژمێر.3 ـ ئامانج: (بایەخدان بەپێویستییەکانی ژوورەکەیان و خاوێن ڕاگرتنی).دەبێت مامۆستا بڵێت :
(ئەم ژوورە پۆلی ئێوەیە لە تەنیشت دەرگەکەتان لەدیوی دەرەوە ئەو پارچە تەختە نووووسراوەو هەڵواسراوە ناوی پۆلەکەتانە. ئێوە پۆلی (یەك ب)ن، ئەم پۆلە زۆر شتی بە بەهای تێدایە، زۆر بەسوودن بۆ ئێمە و ئێوە پێویستمان پێیەتی، کورسی و

مێز لەسەری دانیشتوون مەیانشکێنن، خاوێن ڕایانگرن، تەختە ڕەش لەسەری دەنووسن، ئەو سندووقە بچووکە تەباشریری تێدا دائدەنرێت، ئەو پارچە ئیسفەنجە تەختە ڕەشی پێ پاك دەکرێتەوە، بە تەباشیر لەسەر تەختە ڕەش دەنووسین. دیوارەکان بە تەباشیر و پێنووس پیس ناکەین، تەنەکەی خۆڵ بۆ کاغەز و شتە نەویستەکانە کەوابێت خاوێنی خۆمان بەدەستی خۆمانە).

## ڕۆژی یازدەیەم

1ـ بابەت: شت کڕین لە فرۆشگای بنەڕەتی.2 ـ کات: 3 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: ( شتی فرۆشگە تازە و خاوێن بێت، گران نەبێت، شتێك بێت فێرخواز تێر بکات (یانصیب نەبێت).

پێش ئەوەی فێرخواز لەماڵ بێتە دەرەوەو بکەوێتە ڕێ لەلایەن کەس و کاریەوە هەندێك پارە بەپێی پێویست دەخرێتە گیرفانی. پێیان ڕادەگەیەنن لە بنەڕەتی خەرجی بکەن شتی لاکۆلان و سەر عەرەبانە نەکڕن .

لێرەدا دەتوانین بڵێین پێویستە لیژنەیەك هەبێت بۆ کڕینی شتی فرۆشگەکەو بایەخ بە شتی پاك و تازە بدات. کارگوزارێکی نەخوێندەوار لە هێنان و کڕینی شت بۆ فرۆشگە بەرپرسیار نەبێت. . بەپێی حەزی منداڵ شت بێنێت بۆ فرۆشتن، بایەخ بە قازانجی زۆر نەدرێت بۆ ئەوەی هەموو فێرخوازێك بتوانێت شت بکڕێت، فێرخواز دەست پاك بەرێوەی ببات و مامۆستیەکی دڵسۆز سەرپەرشتی بکات ( شتی یانصیب بەکار نەیەت). فێرخواز بە برسیەتی بڕواتەوە.

## ڕۆژی دوازدەیەم

1ـ بابەت: فێرکردنی ئاو خواردنەوە و چوونە ئاودەست.2 ـ کات: 4 کاتژمێر.3 ـ ئامانج: 1 ـ جۆری دانیشتن لەسەر ئاودەست. 2 ـ دەست شوشتن بە سابوون. 3 ـ ئاو بەفیڕۆ نەدان.

لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندنەوە لیژنەی پاك و خاوێنی دادەمەزرێت و لە چەند کەسێك پێکدێت بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێك فریای هەموو لایەك بکەون. لە فێرخوازەکان بپرسن ئاوی چی دەخۆنەوە؟ هەریەکەو بەپێی باری ماڵی خۆیان شتێك

دەڵێت! ئاوی بوتڵ، ئاوی ساردکەرەوە (براد)، ئاوی سەلاجە، ئاوی بۆڕی .. هەندێك لەمانە بۆ هەموو فێرخوازێك ناشێت بەتایبەتی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازی هەژار، لەبەر ئەوە دەبێت بۆ ئاوی بۆڕی و تانکی سەربان بگەڕێنەوە.
چی بکەین بۆ ئەوەی تانکییەکان مەرجی تەندروستیان تێدا بێت؟ ؟
1 ـ تانکییەکان لەشوێنی بەرز واتە لە سەربان دانرابن. 2 ـ سەری تەنکییەکان داخراو بێت، شتی پیسیان تێ نەکەوێت . 3 ـ ساڵی چەند جارێك پاك بکرێنەوە، کە ژەنگیان هێنا بە تەنکی تازە بگۆڕێن. 4 ـ کارگوزار پاك و خاوێنی شوێنی ئاودەستەکان ناو بەناو دوای شتن (دیتۆڵ) یان بۆ بەکاربهێنێت .5 ـ لەسەر هەموو دەست شۆرێك سابوون دانرابێت . 6 ـ سەری تەنکییەکان سەنگ و بەرد دابنرێت تا ڕەشەبا نەیبات.

چەند بایەخ بەم پرۆگرامە بدرێت هێشتا هەر کەمە، پێویستە مامۆستا ببێتە ڕێ نیشاندەرێکی ڕاست و چاك و فێرخوازەکان بباتە بەردەم دەست شۆرەکان و خۆی بە سابوون دەستی پاك بشوات و ئاوەکە بگرێتەوە ئینجا ئەم کارە بە فێرخوازەکان بکات و پێیان ڕاگەیەنێت دەم بە شێرەکانەوە نەنێن و دوای دەست شوشتنیان بە دەستیان ئاو بخۆنەوە، یان بۆ ئاو خواردنەوە دۆلکەی بچووك لەگەڵ خۆیان بێنن ئنجا بەرەو ئاودەستەوکان واتە (تەوالێت)یان ببات، پێیان بڵێت پێویستی سەرشانی ئێمە لێرەدا ئەوەیە پاك و خاوێنی ئەم شوێنە ڕابگرین ... پێش چوونە ژوورەوە لە دەرگەی ئاودەستەکە دەدەین نەوەکو یەکێکی دیکەی لێبێت .... لە چوونە ژوورەوەمان دەرگەی ئاودەستەکە پێوەدەدەین، شێرەکە بەردەدەینەوە تا مەسینەکە پڕ دەبێت، کاتێك پڕ بوو شێرەکە دەگرینەوە.

نابێت لە قەراغی ئاودەست دانیشن و پاشەڕۆ و پیسی بەجێ بێڵن، ئاو بکەن بە ئاودەستکەدا بەخاوێنی بەجێی بێڵن، ئینجا شێرەکە بگرنەوە و بێنەوە سەر دەستشۆرەکان هەردوو دەست بە سابوون بشۆن و ئاوەکە بگرنەوە و ئینجا بەجێی بهێڵن. (خاوێنیت زامنی تەندروستیت دەکات ).

## ڕۆژی سێزدەیەم

ـ بابەت: خاوێنی جل و بەرگ و سەر و قژ و ڕێکخستنی.2 ـ کات:4 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: ڕاهێنان و فێرکردنی فێرخوازەکە (خۆی ئەم کارە بکات) سوپاس بۆ خوای گەورە ئیمە لەسەر خاکێك دەژین ئاو و سەرچاوەمان زۆرەو میللەتێکی خاوێنین و حەز بە شارستانیەتی دەکەین و لەگەڵ پێشکەوتن دەگونجێین .

لەکەم خێزانەوە فێرخواز بەناڕێکی دەگاتە بنەڕەتی ئەویش هۆی سەرەکی هەیە بۆ ناو خێزانەکەی دەگەڕێتەوە، ئەگەر لە فێرخوازەکە بپرسی هەمووی بە ڕاشکاوی بۆت باس دەکات، چونکە منداڵ شاردنەوە و درۆ نازانێ !

لێرەدا دەبێت مامۆستا بگاتە ئەنجام و خۆی تەواوکاری ئەم بارە بێت بۆ ئەوەی درێژە نەکێشێت، یان بنێرێت بەشوێن بەخێوکاری فێرخوازەکەدا، یان خۆی بە ڕاستەوخۆ لەگەڵ فێرخوازەکە خەریك بێت تافێری دەکات .

پێویستە مامۆستا فێری قژ داهێنان و بەستنی پشتوێن و قردێلە و تەوقەو ڕێکخستنی جل و جوان کردنیان بکات، لە هەمان کاتدا تێبینی ئەم خاڵانەیان بۆ بکات و پێیان بڵێت :

1ـ هەفتەی جارێك لە گەرماو (حەمام) خۆیان بشۆن. 2 ـ شانەی خۆی جیا بێت لەگەڵ تەوقەو قردێلەکانی شوێنی تایبەتی هەبێت. 3 ـ جلەکانی و گۆرەوییەکەی تێکەڵ بە جلی کەس نەکات. هەموو ڕۆژێك بە ئاسانی دەستی بداتێ و لەبەری بکات. هەڵواسراو بێت ، هەموو ڕۆژێك ئوتووی نەوێت . 4 ـ پێش نان خواردن و دوای نان خوارن دەستی بە سابوون و ئاو بشوات و دەستی چەور لە سەر و قژی نەدات و بەجلەکانی نەسرێت . 5 ـ خاولی و لفکەی تایبەتی خۆی هەبێت دوای بەکارهینانی هەڵیبواسێتەوە .

## ڕۆژی چواردەیەم

1ـ بابەت: خاوێنی گۆرەوی و پاراستنی پێڵاو لە قوڕ و دانانی لە شوێنی تایبەتدا.2 ـ کات : 4 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: (فێرکردن و ڕاهێنان لەسەر پاك ڕاگرتنی پێلاو و گۆرەوی ):

پاك ڕاگرتنی پێڵاو و گۆرەوی نیوەی خاوێنی مرۆڤە. ئەگەر فێرخواز فێربکرێت خۆی لە قوڕ و چڵکاو بپارێزێت ئەوە جل و بەرگ و پۆل و ماڵەکەی خۆیشی پارێزراوە. هەموو هەفتەیەکیش فێرخوازێکی پاك و خاوێن دەستنیشان بکرێت و لەلایەن بەڕێوەبەرەوە دیاری پێ بدرێت تا لەبەردەم فێرخوازاندا ببێتە نموونە و هەموو چاوی لێ بکەن، هەموو ئەو دەق و قاڵبە وەردەگرن و چاوەڕوانی دیاری بەڕێوەبەرو ستایشی مامۆستاکانیان دەکەن .

پێویستە مامۆستای ڕابەر ئەم ڕێنماییانەیان بکات: 1 ـ لە هاتن و گەڕانەوەتاندا خۆتان لە قوڕ و چڵپاو بپارێزن . 2 ـ پێڵاوی قوڕاوی بەسەر فەرش و ژووری ماڵەکانتاندا مەگێڕن و لەشوێنی تایبەت دایانبنێن . 3 ـ پێڵاوی قوڕاوی مەهێننە پۆل و بە مێزو کورسی پۆلەکە پاکی مەکەنەوە . 4 ـ پێڵاو و گۆرەوی لە شوێنی تەرخان کراودا دابنێن بۆ ئەوەی بەیانیان یان پێش هاتنە بنەڕەتی بۆی نەگەڕێن . 5 ـ خۆتان لە شوشتن و سڕین و پاککردنەوەی بەرپرسیارن. چۆن پاك و خاوێنیت بۆ ماڵەکەت دەوێت پێویستە هەر واش بۆ پۆل و بنەڕەتییەکەشت بوێت.

## ڕۆژی پازدەیەم

1ـ بابەت: بەیانیان چۆن هەڵدەسیت و بەڕێ دەکەویت ؟ 2 ـ کات: 4 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: ڕێڕەو گرتن بۆ ڕۆژانی داهاتویان.

هەموو کەسێك بەیانیان لەخەو هەڵدەستێت پێویستە تێر خەو بووبێت، واتە بەدیار هەندێك شتی بێ سوودەوە شەونوخنی نەکردبێت تا تەندروستی تێك بدات، بۆ ئەوەی بتوانێت کاری ڕۆژانەی بە ئاسانی و ئاسایی بکات، با بزانین فێرخواز خۆشەویست دوای هەستانی لەخەو هەنگاوەکانی چییە؟

1 ـ جێگەی نووستنەکەی کۆدەکاتەوە و ڕێکی دەخات بە شپرزەی بەجێی ناهێڵێت.

2 ـ پێش هاتنە دەرەوەی بڕواتە ئاودەست (تەوالێت)، ئاو بە پاشەڕۆکدا بکات و هەر دوو دەستی بە سابوون و ئاو بشوات و پێڵاوی ئاو دەست بە ناو ماڵدا نەگێڕێت.

3 ـ بە فڵچەو هەویری دان شوشتن بەشێوەی ڕاست و پەسەند ددانی بشوات و فڵچە و هەویرەکە لەشوێنی تایبەتی دابنێتەوە.

4ـ بە سابوونی بۆن خۆش دەست و دەموچاوی پاك بشوات و بە خاولی تایبەتی خۆی وشکی بکاتەوە و خاولییەکە بەشوێنی خۆیدا هەڵواسێتەوە.

5 ـ جل و بەرگی شەو نوستن دابکەنێت و لە شوێنی تایبەتی هەڵیواسێت و بەرگی بنەڕەتیەکەی بپۆشێت، ئینجا بچێتە لای دایك و بابك و خوشك و برای بەیانی باشیان لێ بکات. نانی بەیانی بە هێواشی بخوات و هەستێت سوپاسی خوا بکات، ئەگەر پارە و ئاوی بۆ ئامادەکرابوو بە سوپاسەوە لە دایك و بابی وەریانبگرێت لەگەڵ ڕۆژانەکەی بیخاتە شوێنی تایبەتی جانتاکەیەوە ... پێڵاوو گۆرەوییەکانی بە پاکی لەپێ بکات و جانتاکەی بە کۆڵدا بدات و لە بارەی کاتەوە پرسیار بکات... ئنجا ماڵ ئاوایی بکات و بە ڕێ بکەوێت... خۆی لە چاڵ و قوڕ و هاوڕێی شەڕانی ڕێگە بپارێزێت و لە پەڕینەوە ئاگەداری ئۆتۆمبیل بێت بەو جۆرەی ئامۆژگاری کراوە، خواردنی پیس و کۆن و میکرۆباوی سەر عەرەبانە نەکڕێت . خۆی بەم و بەوەوە خەریك نەکات دوا بکەوێت، لا نەداتە ماڵە خزم و هاوڕێ، پێش زەنگ لێدان بگاتە بنەڕەتییەکەی، بەرەو پۆلەکەی بچێت و جانتاکەی لەناو مێزەکەی خۆیدا دانێت و بەرەو گۆڕەپان بڕوات و بەیانی باش لە هاوڕێکانی بکات و چاوەڕوانی دەنگی زەنگ بکات و ئامادەبێت، لەگەڵ هاوڕێکانی بچێتە ڕیزی پۆلەکەیەوە. دوایش بەرەو پۆل بڕوات و وەکو فێرخواز کارامە چاوەڕوانی مامۆستاکەی بکات.

## ڕۆژی شازدەیەم

1ـ بابەت: نینۆك کردن و پاك ڕاگرتنی.2 ـ کات: 3 کاتژمێر.3 ـ ئامانج: ڕێنمایی و ئامۆژگاری بۆ نینۆك کردن و پاك ڕاگرتنی.

دوای ئەوەی مامۆستای ڕابەر کۆمەڵێك تێبینی لەسەر چڵکنی دەست و پیسی بنی نینۆکیان کۆدەکاتەوە، بێ ئەوەی هەستیان بریندار بکات و بە ڕوویاندا بدات. دەڵێت: (فێرخوازە خۆشەویستەکانم ئێمە هەموومان نینۆکمان هەیە بەڵام نینۆك درێژناکەینەوە، چونکە ژێرەکەی پیسی کۆدەکاتەوە و بنی نینۆکمان ڕەش هەڵدەگەڕێت و پێمان نەنگە دەستمان و پەنجەکانمان دەرخەین. کاتێکیش بۆ نان و چێشت خواردن بەکاری دێنین پیسی بنی نینۆکمان تێکەڵ بە خواردنمان دەبێت و قوتی دەدەین و دەچێتە ناو سکمان ... تووشی سك چوون و ئێش و ئازار و ژان

دەبین، دەبێت بەرەو ڕووی چارەسەر ببینەوە لای پزیشك و خەستەخانە).(کەوابێت ڕاگرتنی خاوێنی و نینۆك کردن بۆ هەمووامان چاك و دروستە ). نابێت بە قەیچی و گوێزان و چەقۆ نینۆك بکەین، دەستمان بریندار و زامدا ر دەبێت. دەبێت نینۆك بەددان نەکەین و پەنجە نەخەینە دەمان ...دەست و نینۆك نەخەینە ناو چێشت و نانەوە، بۆ چێشت خواردن و شلەمەنی و میوە و گەلێك خواردەمەنی دیکە کەوچك و چەتاڵ بەکاربێنین...

پێویستە دوای ئەوەی هەموو جارێك بچینە ئاودەست، دەستمان بە سابوون و ئاو بشۆین و هەروەها پێش نان خواردن و دوای نان خواردنیش ... ئەو شتانەی لە سەر زەوی کەوتوون هەڵنەگرین و بەرماوەی نەخۆش و شتی دەستیان نەخۆین .. ئەو میکرۆبەی لە دەست و پەنجەی خۆمان و هاوڕێکانمان بەخواردنەوە دەیخۆین دەبێتە هۆی نەخۆشی و لاوازی و پەککەوتنمان و دواکەوتنمان لە چێژی خۆشی ژیان بێ بەش دەبین .

## ڕۆژی حەڤدەیەم

1ـ بابەت: هەفتەی جاریك خۆی لە گەرماو بشوات .2 ـ کات: 3 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: بەرپرسیاری فێرخواز لە پاك و خاوێنی.

هەندێك منداڵ زۆری ڕق لە گەرماوە واتە (حەمامی گەرم) دایکی ماندوو دەکات تا دەیشوات. منداڵان بەگشتی ناتوانن خۆیان و جل و بەرگیان خاوێن ڕابگرن. هەفتەی جارێك پێویستیان بە خۆشوشتن و جل و بەرگ گۆڕینە. لەبەر ئەوە هەندێك لەم ئەرکە کەوتووەتە سەرشانی مامۆستا چونکە قسەی ئەو زۆر لای فێرخواز ڕاست و ڕەوایە و لێی دەرناچێت و بەگورجی جێبەجێی دەکەن. فێرخواز لەبەردەم مامۆستا و هاوڕێکانیدا شکۆداریەتی خۆی دەپارێزێت.

مامۆستابەم ئامۆژگارییانە کارەکە ئاسان دەکات و دەڵێت: 1 ـ ئەو سابوونەی خۆتی پێ دەشۆیت لەم لاو لەولا فڕێی مەدە .2 ـ بۆ خۆشوشتن لفکەی خۆت بەکاربێنە و دوای پاککردنەوە هەڵیواسە. 3 ـ هەموو ڕۆژێك دەست و دەم و چاوت و قاچی خۆت بیشۆ . 4 ـ خاولی خۆت بەکاربێنە و فڕێی لەم لاو لەولا مەدە و هەڵیواسە. 5 ـ شوێنی دانانی جلەکانی خۆت بزانەو خۆت لێیان بەرپرسیار بە. 6

ـ بیٚ دەستە سڕی پاك لەماڵ دەرمەچۆ . ئینجا بەسەریاندا بگەڕێت و بزانێت چەند فێرخواز دەستە سڕیان پێیە.

## ڕۆژی هەژدەیەم

1ـ بابەت: پاك ڕاگرتنی پۆلی خوێندن. 2 ـ کات: 3 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: بەرپرسیاری و جێبەجیٚ کردن: پاك ڕاگرتنی پۆل ئەمە ئەرکێکی ڕۆژانەی بەردەوامە. پێش ئەوەی بڵێین پاکی کەرەوە!! دەڵێین پاك ڕایگرە.واتە هەموویان بەرپرسیار بن نەك تەنیا چاودێری پۆل. پێنووس لەسەر تەنەکەی خۆڵ دابدەن، کاغەز فڕیٚ نەدەنە ژێر مێزو ناو پۆلەکە، ئەو خواردنەی دەیخۆن مێزو کورسی پیٚ پیس نەکەن . خاوێنی پەردەکان ڕاگرن ... پێشبڕکێی پاك و خاوێنی بخرێتە نێوان پۆلەکانەوە و دیاری بۆ پاکترینیان تەرخان بکرێت .. مەرج نییە تەنیا لەڕۆژی ژینگە پارێزیدا بێت ئەمڕۆ پۆلی یەکەکان، سبەی دووەکان و هەروەها .....ئەمە پاڵ پێوەنانێکە هەموو پۆلەکان هەوڵی پاك و خاوێنی بدەن تا کۆتایی ساڵ لە پێشبڕکێدا بن و دیاری وەربگرن.

## ڕۆژی نۆزدەیەم

1ـ بابەت: دەست پاکی.2 ـ کات: 3 کاتژمێر 3 ـ ئامانج: ڕاهاتن لەسەر ڕاشکاوی.

ئەوە شتێکی سروشتییە منداڵ حەز لە هەموو شتێکی یاری دەکات، بەتایبەتی ئەو شتەی بەدەست کەسێکی دیکەوەی ببینیت، یان هاوڕێکەی هەیبێت و خۆی نەیبێت ... بیانو وبە دایك و باوکی دەگرێت بۆی بکڕن . ئەگەر ئامانجی بۆ نەچێتە سەر!! خۆی لە هاوڕێکەی دەباتە پێشەوە و یاری لەگەڵ بکات، یان بیبات بۆخۆی و ببێتە خاوەن ئەو شتە . لێرەدا ئەمە دزی پیٚ ناوترێت بەڵکو حەزی ئەو منداڵەیە بۆ ئەو شتە!! پێویست بە لێدان و تووڕەبوون و قسەی ناخۆش و ناو و ناتۆرە ناکات هەستی منداڵەکەی پیٚ بریندار بکرێت و لەناو هاوڕێکانیدا بشکێنرێتەوە. تەنیا ئەوەندە بوترێت ( ئەوە یاری هاوڕێکەتە دەبێت بۆی بگەڕێنیتەوە) . دەبێت هەمووما‌ن پارێزگاری شتی خۆمان بکەین . ئەگەر شتێکمان دۆزییەوە لە پۆل و

گۆڕەپاندا بە شوێن خاوەنەکەیدا بگەڕێین، یان بیدەینە دەست ڕابەری پۆل، یان مامۆستای چاودێری ئەو ڕۆژە کە زەنگ لێ دەدات، یان بەڕێوەبەر.

## ڕۆژی بیستەم

1ـ بابەت: فێرکردنیان لە چوونە دەرەوەیان لە بنەڕەتی. 2 ـ کات: 2 کاتژمێر.
3 ـ ئامانج: جێبەجێکردنی ڕێڕەوی ڕاستی ڕۆژانە.

پێش لێدانی زەنگی دوا وانە بە چەند خولەکێك فێرخوازانی پۆل ئامادە بکرێن و شتەکانیان لە پەڕاو و پەرتووك و پێنووس .... تاد... بخەنە ناو جانتاکانیان هیچیان بیر نەچێت و شپرزە نەبن . بە سەرپەرشتی مامۆستاکەیان دوو دوو ڕیز بکرێن و ئامادە بن بۆ چوونە دەرەوە تا دەرگای دەرەوەی کۆلان چاودێری بکرێن. پۆلی یەکەکان یەکەم پۆل بن بۆ چوونە دەرەوە. نەکەونە ژێر دەست و پێی گەورەکانەوە ..

پێشتر پێیان ڕاگەیەنن:

1. بەسەر شۆستە و قەراغی دیواردا بڕۆن. 2. لەگەڵ خوشك و برا و دراوسێکانیاندا بپەڕنەوە و بڕۆنەوە ماڵەوە ... ئەگەر هێڵی پەڕینەوە هەبوو بە کۆمەڵ بپەڕنەوەو چاوەڕوانی گڵۆپی سەوز بکەن بۆ پەڕینەوە. 3. لانەدەنە ماڵ و دووکانەکان . کەس و کارتان چاوەڕوانتانن .

## ڕۆژی بیست و یەك

1ـ بابەت: پارێزگاری و پاراستن بۆ جانتاکانیان و شتەکانی ناوی. 2 ـ کات: 4کاتژمێر.3 ـ ئامانج: حەز و خۆشەویستیان بۆ هەموو شتەکانیان.

کەس و کاری فێرخواز بەتایبەت دایکان و باوکان هەر لە سەرەتای ساڵەوە خۆیان ئامادە دەکەن بەرگی بنەڕەتی بۆ منداڵەکانیان دەکڕن و سەر و قژیان بۆ چاك دەکەن و جانتای ڕەنگاو ڕەنگیان بەدڵی خۆیان بۆ دەکڕن . هەموو ڕۆژێکیش لێیان دەپرسن ئەمڕۆ چیتان ورگرت؟ ئەوان خۆشتر و شادترن ئاواتیان بێتە دی.

کاتی دابەش کردنی پەڕاو و پەرتووك و پێنووس. مامۆستا ئەم ڕێنماییەی فێرخوازە خنجیلەکانی بکات .... لەبەر ئەوەی ئێستا بوون بە فێرخواز، دەبێت

هەموو ڕۆژێك بەم پاك و تەمیزی و جوان و عاقڵییەوە بێن و بەردەوام بن. پەڕاو و پەرتووکەکانتان بەرگی جوانیان تێگیرابێت. نابێت پیس بن و بدڕێن، ناوی خۆتان و باوکتان و باپیرتان لەگەڵ ناوی پۆل و لق و بنەڕەتیەکەتان لەسەریان نووسرابێت. کۆتایی ساڵ لێتان وەردەگرینەوە . لە پۆلی دووەم جوانتر وەردەگرن .

## ڕۆژی بیست و دوو

1ـ بابەت: دابەش کردنی پەڕاو و پەرتووك. 2 ـ کات: 4 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: کار ئاسانی و هەست بە لێپرسینەوە .

مامۆستای ڕابەر دەتوانێت ئەم کارە ئاسان بکات. هیچ کەسێك لە کارگوزار و کارمەندی پێوە گیرەوە نەکات. لە دەستەی بەڕێوەبەرێتی بنەڕەتییەکە ناو و ژمارەی فێرخوازانی پۆلەکە وەربگرێت بەپێی پێویست ... هەمان فێرخواز پۆلەکەی خۆی بەکاربێنێت بۆ هێنان و دانانی پەڕاو و پەرتووك و پێنوس. لەبەردەم پۆلەکە ڕیز بکرێت .... پێیان ڕابگەیەنێت ... خۆیان بێن و ئەو پێویستیە هەڵبگرن و بگەڕێنەوە جیّ ی خۆیان ...

لێرەدا فێرخواز لە یەکەمین مانگی خوێندندا فێری کارکردن و دەست پاکی و دەبێت و باوەڕی بەخۆی دەبێت و پێیان بوترێت ئەوەی وەرتان گرتووە هەمووی بۆ ئێوە هاتووە و لەناوی نەبەن و نەیدڕێنن. نەیدەن بە کەس و پاك ڕایگرن و بەرگی تێگرن ... هەموو ڕۆژێك شتی جوان و خۆشی لێوە فێردەبن و دەبن بەخوێندەوار و ئاگاداری بن و پیرۆزتان بێت .

## ڕۆژی بیست و سیّ

1ـ بابەت: پێوەندی فێرخواز لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرایەتیدا. 2 ـ کات: 2 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: دڵنیایی فێرخواز لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی.

پێویستە مامۆستا و رابەری پۆل پێوەندی خۆشەویستی لەنێوان فێرخواز و دەستەی بەڕێوەبەرایەتی و دەستەی بنەڕەتییەکەدا زیاد و بەتین و بەهێز بکات بۆ یەکدی جێی متمانە بن و بە یەکدی نامۆ نەبن. لەوانەیە فێرخوازێك لەئەنجامی ناکامی و نەشارەزایی هەڵەیەك بکات مامۆستاکە دەتوانێت خۆی ئەو هەڵەیە چارەسەر

بکات و بە وشەی بەڕێوەبەر و وشەی ترسناك و شکاندن و لێدان و وشەی ناخۆش و نالەبار و توند و تیژ نەیترسێنێت... چونکە هەندێك منداڵ ترسنۆکن، باری دەروونییان تێکدەچێت و نەخۆش دەکەون و . با واتێنەگەن بەڕێوەبەر بۆ توند و تیژی و لێدانی فێرخواز و تووڕە بوون دانراوە، بەڵکو ئەویش وەك باوکێکی دڵسۆزە بۆ خزمەتی فێرخوازە .. مامۆستا بەهزرو حیکمەتی خۆی کار ئاسان بکات. لێدانیش کارێکی نەشیاوو دوور لە مرۆڤایەتییە.

## ڕۆژی بیست و چوار

1ـ بابەت: پێوەندی فێرخواز لەگەڵ مامۆستاکانیدا. 2 ـ کات:4 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: هەموو مامۆستایان لێپرسراون بەرانبەر هەموو فێرخوازان . فێرخوازان هەموو ڕۆڵەی ئەم میللەتەن ... هەژار بن، یان دەوڵەمەند، کەسدار بن، یان بێکەس، دەسەڵاتدار بن، یان بێ دەسەڵات، کچ بن، یان کوڕ، هەموو بەپێی تەمەن و یاسا دەچنە بەر خوێندن. پێویستە هەموو مامۆستایەك خۆی بە کەسێکی دڵسۆزی هەموو فێرخوازان بزانێت ... لە هەر پۆل و لە هەر ڕەگەز و ئایین و نەتەوەیەك بن، تەنیا ڕابەر، لەپێناوی کار ڕێکخستن و سەرکەوتن و خۆشحاڵی فێرخوازاندا لە پرۆسەی خوێندنی پۆلەکەیدا بەرپرسیار نییە، بەڵکو بە هەموو مامۆستایان و دەستەی بەڕێوەبەر ئەو پێوەندییە توندو تۆڵ بکەن .. فێرخوازان هەست بە خۆشەویستی و بوونی خۆیان بکەن. بەیەکەوە بەشداری ڤیستیفاڵی ساڵانە و یاری گۆڕەپان و نمایشی یاریگە گەورەکان و کۆبوونەوەی دایکان و باوکان بکەن. تا فێرخوازی لێهاتوو هەست بە کەسیەتی خۆی بکات و بەپێی جوانی جم و جووڵەکانی خەڵات بکرێت.

## ڕۆژی بیست و پێنج

1ـ بابەت: پێوەندی فێرخواز لەگەڵ ماڵەوە. 2 ـ کات: 3 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: ڕێز گرتن لە هەموو ئەندامانی خێزان .

( ئێمە هەموومان دایك و باوکمان هەیە، زۆرمان خۆش دەوێن، چونکە ئەوانیش ئێمەیان زۆر خۆش دەوێت و ڕەنجیان لەگەڵ داوین و پەروەردەیان کردووین، لەپاڵ ئەوەشدا خوشك و برای لە خۆمان گەورەترو بچووکترمان هەیە. ئاگەمان لێیانەو

ئاگـەیان لێمانـە، بەرانبـەر یـەك هەسـت بـە بەرپرسـیاریەتی دەکـەین و یەکـدی دەپارێزین، لە کار و کردەوەکانیاندا سـوودمەندین.زۆر ڕیـز لـە هـەموو ئەنـدامی خێزانەکەمان دەگرین.

جارو بار نەنك و باپیر و پوورو مام و خاڵ لەم پێکهاتـە خۆشەویـستە یـەکگرتووە بەشدارن.. ڕێز گرتن و گـوێ گرتنمـان بـۆ گـەورەکان هەیـە و بـۆ بـچووکەکانیش میهرەبانین و بەخزمەتین).

با ئێستا مامۆستا بچێتە ناو باری کەسیەتی فێرخوازیـەوە بـە وردی لێـی تـێ بگات .... بۆ ئەوەی ئەگەر کۆسـپ و تەگەرەیـەك بـوو زوو بەپیرییـەوە بـچێت و نەبێتە گرێ کوێرە ئاڵۆز بێت، بەگورجی پێوەندی بـە کـەس و کاریـەوە بکـات و ئاسایی بکاتەوە .... ئەگەر تەنیا بە خـۆی ئاسـایی نەکرایـەوە بـا بەڕێوەبـەریش یارمەتیان بدات.

## ڕۆژی بیست و شەش

1ـ بابەت: پێوەندی فێرخواز لەگەڵ هاوڕێکانی ـ کات: 4 کاتژمێر.3 ـ ئامـانج: (ئاسایی کردنەوەی هاوڕێیەتی ڕەگەزی نێر و مێ).

کاتێك منداڵ لە دایك و باوك و ماڵی خۆیـان دوورکەوتـەوە هەسـت بـە نـامۆیی دەکات .. ناوێرێت، یان نازانیت، یان ئامـادەیی و بـاوەڕی ئـەوەی نییـە بـەخۆی هاوڕێیەتی مندالآنی دیکە بکات هەتا مامۆستاکەی بۆی ئاسان ئەکات، بەتێکەڵ بوون لەگەڵ هاوڕێکانی، بە بەشداریکرنیان لە جم و جـوولی ئاسـایی و گۆڕەپـان و باخچە و گەڕانیان بەیەکەوە .... لێرەدا دیاردەیەك بەدی دەکرێت ئەویش جیاوازی ڕەگەزە، کوڕەکان هاوڕێیەتی یەکـدی دەکـەن و کـچەکانیش هاوڕێیـەتی کـچەکان دەکەن .... کاتێك مامۆستا هەستی پێ کرد بە هزر و حیکمەتی خۆی بەهێواشی ئەم دەقە بشکێنێت، لە جم و جوولی ناو گۆڕەپان و ڕیز بوون و دانیشتنی ناو پـۆل و گۆرانی وتن و بەشدار بوون لە هەندێك یاری بـچووکدا و کـاری نـاو پـۆل، واتـە یەکسان مامەڵەیان بکات ... پێیان ڕابگەیەنێت کە هەموویان لەم پۆلەدا خوشـك و برای یەکدین، دەبێت یەکدییان خۆش بوێت و یارمەتی یەکـدی بـدەن و ڕێـز لـە یەکدی بگرن و شەڕ لەگەڵ یەکدی نەکەن. هەمووتان گـەورە دەبـن و خوێنـدن لـە کۆلێژ و پەیمانگەکان تەواو دەکەن و دەبن بـە مامۆسـتا و ئەنـدازیار و پزیـشك و

فرۆکەوان و کارمەند و ئەفسەر. دوایـیش دەبـن بـە دراوسـێ و خزمـی یەکـدی. خزمەتی خۆتان و ئەم میللەتە و ئەم کوردستانە دەکەن.

## رۆژی بیست و حەوت

1ـ بابەت: رێز گرتن لە گەورە. 2 ـ کات: 4 کاتژمێر. 3 ـ ئامانج: رێز لە گەورە گرتن و مامۆستاکانی

لەکۆمەڵی کوردەواریدا زۆر وشەی جوان و پڕ رێز و خۆشەویستی و کەسـایەتی و پڕ سۆز بۆ کەسـی لـەخۆمان گـەورەتر بێـت بـەکاردەهێنرێن ، یـان رۆڵ و دەوری خزمایەتی و کەسایەتییان هەبێت: وەك کاکە، بـاجی، دادە، دایـە، بابـە، بـاپیرە، خان، بەڕێز، قوربان، گیان، ئەمانە هەموو وشەی بە گەورە کـردن و کـەس نزیـك کەرەوەن. بەڵام وشەی مامۆستا هێمایەکی پڕ لە زانین و زانیاری شکۆدارەو جێگەی رێزی تایبەت و شانازی هەموو کەس و نەوەی داهاتووە. پێویستە منداڵەکانمان فێر بکەین بەوپەڕی ناسکی و رێز و نەرم و نیانیەوە مامەڵەی جوان لەگەڵ کەسێکی لە خۆیان گەورەتر بکەن. دەنگ لە ئاستیاندا بەرز نەکەنەوە ... کـاتی پێویـست زوو بەدەنگیانەوە بچن . گەورە بوون و پیر بـوون کـارێکی خـوایی و سروشـتی یـە — منداڵیش پیر ئەبێت . ئینجا فێرخوازەکان یەك لەدوای یـەك بـدوێنێ و رێنمایـان بکات .

## رۆژی بیست و هەشت

1ـ بابـەت: پێوەنـدی کـەس و کـاری فێرخـواز لەگـەڵ رابـەری پـۆل و دەسـتەی بەڕێوەبردنی بنەڕەتییەکەی. 2 ـ کات: بەپێی رێککەوتن. 3 ـ ئامانج: بەئاگابوون لە هەموو بارێکی شاراوەی فێرخوازەکەو خستنە روو لای رابەری پۆل و بەڕێوەبەر. هەندێك تایبەتمەندی گـرنگ هەیـە پێوەنـدی بـە بـاری ژیـانی فێرخوازەکەوەیـە، پێویستە کەس و کاری فێرخوازەکە بـە نهـێنی لـە مامۆسـتای رابـەرو دەسـتەی بەڕێوەبەری بگەیەنن، بە پێوەندی هەردوولایە لەپێناوی پاراستن و راگـرتنی بـاری دەروونی فێرخوازەکە، بۆ ئەوەی زیانمەند نـەبێت و نەشـکێتەوەو شـەرمەزاری نـاو هاوڕێکانی نەبێت و یاخی بێت و واز لە بنەڕەتی بێنێت.

هەندێك فێرخواز لەو تەمەنەدا میز ڕاناگرن، نابێت پشتگوێ بخرێن. هەیە ترسنۆك و گرینۆك و تۆرینۆكە، یان حەزی لە جم و جووڵ و شەڕەنگێزی هەیە، یان نەخۆشی درێژخایەنی هەیە وەك شەكرەو بورانەوە، یان نەشتەرگەری بۆ كراوە، یان ئاژاوەی ماڵەوەیان دەروونی ئاڵۆز كردووە، پێویستە چاودێری بكرێت و نەخرێتە ژێر گوشارەوە، بەجۆرێكیش مامەڵەی لەگەڵ نەكرێت بخرێتە ژێر بەزەییەوە، تووشی باری دەروونی بێت و خۆی بە كەمتر بزانێ لەناو هاوڕێكانیدا .

گۆڕینەوەی ژمارەی تەلەفۆن و مۆبایل لە بەینی هەردوولایا، كار و بەسەرهاتەكان و پێوەندیەكان ئاسانتر ئەكات .

## فێرخواز ئەم هەڵانە ڕاست بکاتەوە

1.من شەڕ لەگەڵ هاوڕێکەم دەکەم.
2. بەناو قوڕو چڵپاودا دێم بۆ بنەڕەتی.
3. بەقاچی قوڕاویییەوە دەچم بۆ بنەڕەتی.
4. بە مێزەکە قوڕ دەسڕم.
5. دەستی چەور لە سەر و قژم دەدەم.
6. بە جلەکانم دەستە چەورەکەم دەسڕم.
7. گۆرەوی پیس لەپێ دەکەم.
8. ڕێز لە گەورە ناگرم.
9. بەناوەڕاستی شەقامدا دەڕۆم.
10. پاڵ بە هاوڕێکانمەوە دەنێم.
11. پەڕاوەکانم دەدڕێنم.
12. پێنووس نابەم بۆ پۆل.
13. هاوڕێکانم خۆش ناوێت.
14. بەشانەی ئەم و ئەو قژم دادەهێنم.

15. بەسەر دایکمدا دەقیژێنم.
16. چێشت بە کەوچك ناخۆم.
17. نینۆك بە ددان دەقرتێنم.
18. یارمەتی هاوڕێکانم نادەم.
19. دوای ئاودەست دەستم ناشۆم.
20. جانتاکەم لەماڵەوە فڕێ دەدەم.
21. پێش نان خواردن و دوای نان خواردن دەستم بە سابوون ناشۆم.
22. بە لفکەی خۆم خۆم ناشۆم. 23. بەیانیان دەم و چاو ناشۆم.
24. لەماڵ هاتمە دەرەوە خواحافیزی ناکەم.
25. دەم بە شێرەی ئاوی بۆرییەوە دەنێم.
26. لەقەراغی ئاودەست دادەنیشم.
27. ئاو بە پاشەڕۆدا ناکەم.
28. لەسەر تەنەکە خۆڵ قەڵەم دانادەم.
29. پەنجەرەی ژوورەکەم دەشکێنم.
30. دیوارەکانی پۆلەکەم دەنووسم.
31. لە فرۆشگە پاڵ بە فێرخوازانەوە دەنێم.
32. بەسەر پێپلکەدا ڕادەکەم.
33. چاوەڕێی ئۆتۆمبیل ناکەم و دەپەڕمەوە.
34. ڕێز لە خوشك و براکانم ناگرم.
35. جێگەی نووستن هەڵناگرم.
36. بە فڵچە و هەویر ددان ناشۆم.
37. گۆرەوییەکان بۆ دایکم فڕێ دەدەم بیانشوات.
38. بەقسەی گەورە ناکەم.
39. مامۆستام خۆش ناوێت.
40. شەڕ لەگەڵ خوشك و براکانم دەکەم.
41. بەرد لە دراوسێکانم دەگرم.

42.دەرگەی پۆل ەشکێنم.
43. پارە زۆر خەرج دەکەم.
44. شتی سەر عەرەبانە دەکڕم.45
. بەیانیان دەم و چاوم ناشۆم.
46. پێڵاوی ئاودەست بەناو ماڵدا دەگێڕم.
47. یارمەتی نەنکم و باپیرم نادەم.
48. درۆ لەگەڵ مامۆستا و دایکم دەکەم.
49. کەسم خۆش ناوێت.
50.بەگوێزان و چەقۆ نینۆك دەکەم.
51. حەز لە پاك و خاوێنی ناکەم.
52. تف و جلم لەسەر زەوی فڕێ دەدەم.
53. دەستەسڕ هەڵناگرم.
54. لە خوشکە بچکۆلەکەم دەدەم.
55. هەفتەی جارێك لە حەمام خۆم ناشۆم.
56. گۆرەوییەکانم هەر تاکەی لەلایەك فڕێ دەدەم.
57. جلەکانم هەڵناواسم.
58. بە جلی بنەڕەتییەکەوە دەنووم.

***مامۆستای خانەنشین – سلێمانی**

# ڕۆژی دەست بەکاربوونەوەی مامۆستایان لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە

## ب. پەروەردەی ناوەندی هەولێر بە نموونە

**توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان**
**ئەنجام دراوە بە هاوبەشی نێوان :**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان و**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و پسپۆڕی**

**توێژەران**

لاجان ئەلیاس عەلی یووسف عوسمان حەمەد

**هاوکاران**

ئەستێر ئەحمەد ئاکۆ ناسیح سابیر مەولوود

**توێژینەوەکە ساڵی 2010 ئەنجام دراوە**




## پێشەکی

دوای تەواو بوونی پشووی هاوین کە لە 31/ 8 کۆتایی دێت، سەرجەم مامۆستایانی هەرێمی کوردستان لە گشت دەروازەکانی خوێندنەوە لە ڕۆژی 1 / 9 واتە سەرەتای مانگی ئەیلوول لەلایەن بەڕیوەبەری قوتابخانەکانیانەوە دەست بەکاربوونەوەیان بۆ دەنووسرێت کە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە بە نووسراو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانیان ئاگەدار دەکەنەوە. بەڵام چ جۆرە پێوەندی کردنێك ئایا گشت مامۆستاکان لە کاتێکی دیاریکراودا سەردانی قوتابخانە دەکەن؟ یان هەر مامۆستاو لە کاتێکدا کە بۆی شیاو و گونجاوبێت؟ ئایا مەرجە گشت مامۆستاکان ئامادەبن، یان هەندێکیان بە تەلەفۆن پێوەندی دەکەن؟ .

ئایا لەم ڕۆژەدا باس لە چی دەکرێت و کێ ئامادەی باسەکان دەبێت؟.ئایا لای مامۆستایان ڕۆژێکی چۆنە..... ؟! ئەگەر بۆ ساتێك بۆ ئەم ڕۆژە بوەستین و بە

وردی لێی رابمێنین و بەقووڵی بیر لە کارەکە بکەینەوە ئەو کات دەبینین ئەم رۆژە لەلایەن پەروەردەکاران بە رۆژێکی ئاسایی وەرگیراوەو نەخراوەتە نێو چوارچێوەیەکی پتەوی بنیاتنراوەوە، هەرچەندە ئەم رۆژە لە سیستمی نوێی وەزارەتی پەروەردەی کوردستان لە ساڵی 2007 دووبارە باس کراوەتەوە، لە سیستمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە دەروازەی دوو بەندی (24) دووەم و لە سیستمی قوتابخانە ئامادەییەکان دەروازەی سێ بەندی (16) دووەم، ئاماژەی بەم رۆژە کردووە و روونی کردووەتەوەو دەڵێت ((دەستەی مامۆستایان لە رۆژی 1 / 9 ی هەموو ساڵێکدا بە مەبەستی پلان دارشتنی پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەیی و سەرجەم چالاکی و کارەکانی دیکەی قوتابخانە (خوێندنگە) دەست بە کارەکانی خۆی دەکات)).

بەڵام ئاماژە بەوە نەکراوە کێ رێنماییان دەکات و بە دواداچوونیان بۆ دەکات و یارمەتییان دەدات و پلانی ساڵانەی خوێندنیان لەگەڵ دادەرێژێت و جۆرو چۆنیەتی چالاکییەکانیان بۆ دیاری بکات کە پێویستە لە میانەی ئەم ساڵەوە ئەنجامی بدەن و لە دابەشکردنی برگەو بابەتەکانی مادەکە بەسەر مانگەکانی خوێندندا هاوکارییان بکات و لایەنە نادیارەکانیان بۆ روون بکاتەوەو هۆیەکانی فێرکردن و ئامرازە پێویستییەکانیان لەگەڵ ئامادەبکات و مامۆستا هاو پسپۆرییەکان وەك گرووپێك بەگەربخات بۆ ئەوەی هەرەوەزیانە کارکان ئەنجام بدەن و یارمەتی یەکدی بدەن و هەوڵ بدەن سوود لە تواناکانی یەکدی وەربگرن و زانیارییەکان ئاڵوگۆربکەن و گفتوگۆ لە سەر شێوازەکانی وانە گوتنەوە بکەن تا چاکترین و بەسوودترین شێواز هەڵبژێرن، بۆئەوەی بە هۆیانەوە زۆرترین ئامانجی پەروەردەیی بەجێ بهێنرێت و پرۆسەی پەروەردە چیتر قەیرانی بەرەو دواوەچوون بەخۆوە نەبینێت .

رۆژی دەست بەکاربوون لەلایەن پسپۆرانی پەروەردەو پلاندانانەوە بە رۆژی نوێ بوونەوە ناسراوە، رۆژی دارشتنی پلان و ئامادەکردنی پرۆگرامەکانی ساڵی نوێی خوێندنە. دەتوانین بڵێین ئەم رۆژە رۆژی دانانی بەردی بناغەی تەلاری خوێندنی قوتابییە، تا بناغەکەش پتەو بێت دەتوانرێت هیوای زیاتری لەسەر بنیات بنرێت و تەمەنیشی درێژتردەبێت .

لەبەر ئەوەی لە هەرێمەکەی ئێمە ئەو گرنگییە نەدراوەتە ئەم رۆژە و کەمتەرخەمی تێدا کراوە، بەرای ئێمەش هۆکارێکی گرنگە لە نوێ بوونەوەو

بووژانەوەی پرۆسەی فێرکردن و بە بەرز نرخاندنی کاری مامۆستایان و پتر خۆشویستنی کارەکەیان، هەر بۆیە بە باشمان زانی کار بۆ دەرخستنی ئەم ڕۆژە بکەین و توێژینەوەیەکی مەیدانی سەبارەت بە تێڕوانینی پەروەردکاران بە تایبەتی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم ڕۆژە ئەنجام بدەین. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لە سەر کاراکردنی ئەم ڕۆژەهەیەو زانستییانە لێیان دەکۆڵێتەوە.

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم لایەنی تیۆرییە لە دوو باس پێکهاتووە :

**باسی یەکەم :** بریتییە لە تەوەرەی گشتی، کە لەمانە پێکدێت: گرفتی توێژینەوەکە، گرنگی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، گریمانەی توێژینەوەکە.

باسی دووەم : چەمکە بەکارهاتووەکان دەستنیشان دەکات و پێناسەی زاراوەکان دەکات کە لە توێژینەوەکەدا هەن وەك (( ڕۆژی دەست بەکاربوون، پلان، سەرپەرشتیار، بەڕێوەبردن ، لە بەشی دووەم لایەنی مەیدانی سێ باس هەیە کە ئەمانەن :

**باسی یەکەم :** پێداویستییەکانی لایەنی مەیدانییە، کە باس لە کارە مەیدانییەکان دەکات و ئەمانە لە خۆ دەگرێت: کۆمەڵگەو سامپلی توێژینەوەکە، ئامرازی توێژینەوەکە، میتۆدی توێژینەوەکە (ڕێبازی توێژینەوەکە) ، ڕێگە ئامارییە بەکارهاتووەکان، کۆسپ و تەگەرەکانی توێژینەوەکە.

**باسی دووەم :** خستنە ڕووی زانیارییەکانە بە شێوەی خشتەو شیکردنەوەیان.

لە کۆتاییدا ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتوون خراونەتە ڕوو و چەند پێشنیارێکیش دەستنیشان کراون.

# بەشی یەکەم

## باسی یەکەم : تەوەرەی گشتی

### 1 ـ گرفتی توێژینەوەکە

هەرچەندە لە سیستمی نوێی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و خوێندنگە ئامادەییەکان ساڵی 2009 بابەتی ئەم توێژینەویە ئاماژەی پێکراوە، بەڵام بە ڕوونی دەستنیشان نەکراوەو گرنگییەکی بەرچاوی نەدراوەتێ، کە بە هۆیەوە جەخت بۆ کارکردن تێیدا بکرێت، بۆیە ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان بە هەمئاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بە پێویست و گرنگمان زانی ئەم بابەتە وەك گرفتێکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن سەیر بکەین، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەوڵمان داوە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی زانستی مەیدانی ئەنجام بدەین بۆئەوەی ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکەین کە بوونەتە هۆی فەرامۆشکردنی گرنگی ئەم ڕۆژە، واتە ڕۆژی دەست بەکاربوونی مامۆستایان بۆ ساڵی نوێی خوێندن و کەم تەرخەمی لە کارکردن لەو پێناوەدا. چونکە ئەم ڕۆژە فاکتەرێکی کاریگەرو هاندەرێکی بەهێزە لە بەچالاکترکردنی مامۆستایان و زیاتر بەگەڕخستنی سەرپەرشتیاران و پەیداکردنی حەزو ئارەزووی قوتابیان لە نوێ بوونەوەی وەرگرتنی زانیارییەکان و پەرەپێدانی کە ڕێگە خۆشکەری سەرکەوتنی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و فێربوونن. بە تایبەتیش گرفتی ئەم توێژینەوەیە لە کۆتایی ساڵەکانی خوێندندا، واتە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکان و تاقیکردنەوەکان و هەژمارکردنی ڕێژەی دەرچوونی قوتابیان پتر دەردەکەوێت . بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی هۆکارە سەرەکییەکانی لایەنی ئەم توێژینەوەیە نموونەی توێژینەوەکەمان لە سەر مامۆستایان و سەرپەرشتیارە پسپۆڕییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر ئەنجام داوەو چونکە ئەوان کەسانی پەیوەندیدار کارەکەن بۆ ئەوەی لامان ئاشکرابێت ئایە کەم تەرخەمی لە بەچالاك کردنی ئەم ڕۆژە بۆ کام هۆکار

دەگەڕێتەوە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان و یەکەی سەرپەرشتیاری، سەرپەرشتیارەکان، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، مامۆستایان ......تاد

## 2 ـ گرنگی توێژینەوەکە

1ـ گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە لەسەر بنچینەیەکی زانستی و بە بەکارهێنانی کەرەستە زانستییەکان داتاکان کۆکراونەتەوە.
2ـ ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ لێکۆڵینەوەی گرفتێکی فەرامۆش کراو کە پێشتر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بۆ ئەنجام نەدراوە.
3ـ لە توێژینەوەکەدا بایەخی تەواو بە لایەنی مەیدانی دراوە ئەمەش بۆ ئەوەی زانیارییەکان و دەرئەنجامەکان پاڵپشتی ڕاستی توێژینەوەکە بن.
4 ـ لەم توێژینەوەیەدا شوێنی جوگرافی و جۆری پسپۆری سەرپەرشتیاران و مامۆستایان ڕەچاوکراوە.

## 3ـ ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە گەیشتنە بە چەند داتایەك تاوەکو کاری لەسەر بکەین و بە هۆیەوە ئەم ئامانجانە بێنە دی:
1ـ دەرخستن و بەرز نرخاندنی ڕۆژی دەست بەکاربوونی مامۆستایان بۆ ساڵی نوێی خوێندن واتە ڕۆژی 1 / 9 و ناسینی بە ڕۆژی نوێ بوونەوەی ساڵ لەلایەن سەرجەم پەروەردکارانەوە.
2ـ دانانی چەند ڕێنماییەك بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەم ڕۆژەدا.
3ـ ئاماژەکردن بە جۆری پلان و پرۆگرامەکانی ئیش پێکردن لەم ڕۆژەداو دەستنیشان کردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان.
4 ـ دەرخستنی ڕۆڵی سەرپەرشتیارەکان لە ڕووی یارمەتیدان و ڕێنمایی کردنی بەڕێوەبەرەکان و مامۆستا پسپۆرییەکان هەر یەکەو بە پێی پسپۆری بۆ دانان و داڕشتنی پلانی ساڵانەو مانگانە لە میانەی یەکەمین هەفتەی دەست بەکاربووندا.

5 ـ پتر نزیککردنەوەی سەرپەرشتیاران لە ژینگەی قوتابخانەکان و بەهێزکردنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ مامۆستا پسپۆرییەکان و هاوڕێیەتی کردنیان.

6 ـ بوونی ستاندەرێکی کارکردن لە ڕووی بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی قوتابخانەکان و چۆنیەتی نمایشکردنی بابەتەکان لەلایەن مامۆستا پسپۆرییەکانەوە لەسەرجەم قوتابخانە هاوشێوەکان کە ئەمەش هاوسەنگییەك لەنێوان قوتابخانەکاندا پەیدا دەکات.

7 ـ نەهێشتنی ترس و دڵەڕاوکێی مامۆستایان بە تایبەتی مامۆستا نوێیەکان لەکاتی سەردانی سەرپەرشتیاران و پتر لە یەکدی گەیشتن.

8ـ پەیدابوونی کەش و هەوایەکی ئارام و گونجاو لە نێوان مامۆستا پسپۆرییەکانی هەمان بابەت و بەهێزکردنی پێوەندییەکانی نێوانیان بە ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانیان و تاوتوێکردنیان و زیادکردنی حەزو ئارەزووی کارکردن بە کۆمەڵ بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان.

9 ـ بەرفراوان بوونی پێوەندییەکان لە نێوان مامۆستا پسپۆرییەکان لە قوتابخانە جیاجیاکان و یەکدی ناسینیان، ئەمەش هاندەرێکە لە گەڕان بەدوای نوێترین زانیاریدا یارمەتییان دەدات تا بیخەنە ڕوو و تاوتوێی بکەن.

10 ـ هەست کردن بە بایەخ پێدان و پتر بەرز نرخاندنی کاری مامۆستایەتی و پەیداکردنی خۆشەویستی کار لەلایەن مامۆستاکانەوە.

## 4 ـ گریمانەی توێژینەوەکە

چەند ساڵێك لەمەوبەر لە هەرێمی کوردستان ئاستی زانستی تەنانەت فێربوون و نوسین و خوێندنەوەش گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، هەرچەندە وەزارەتی پەروەردە هەستی پێکردووەو لە چەند بوارێکەوە گۆڕانکاری تێدا کردووە وەك گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زۆربەی بابەتەکان و گۆڕینی شێوازەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان. بەڵام تا ئێستە ئەم پرۆسەیە واتە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن نەیتوانیوە بگاتە ئامانجەکان و تاڕادەیەك لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بە نارەزاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

ئەمەش وا لە دڵسۆزان و خەمخۆرانی پەروەردە دەکات لێکۆڵینەوەی بۆ بکەن و هۆکارە نادیارەکان بدۆزنەوە و بیخەنە بەر چاو.
یەکێك لەم فاکتەرانەش گرفتی توێژینەوەکەیە کە بایەخنەدان وگرنگی نەدانە بە ڕۆژی دەست بەکاربوونی مامۆستایان لە سەرەتای هەموو ساڵێکی نوێی خوێندندا کە کاریگەرییەکەشی لە چەند گریمانەیەك خۆی کۆدەکاتەوە کە ئەمانەن :
1ـ دەستنیشان نەکردنی ڕێنمایەکان لە بەر نەبووی یاسەیەکی کارکردن لەم ڕۆژەدا.
2 ـ لاوازی کەسایەتی هەندێك لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان.
3 ـ نەبوونی بڕگەیەك لە سیستمی پەرەوەردە کە بەرپرسیاریەتی ئەم ڕۆژە بخاتە ئەستۆی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆری بۆ بە دواداچوون.
4 ـ کەمتەرخەمی سەرپەرشتیاران لە گرنگی ڕۆلی ئەم ڕۆژە بە بیانووی ئەوەی ئەمە کاری ئەوان نییە.
5 ـ نەبوونی کات لەلایەن زۆربەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان لەبەر گوتنەوەی وانەی تایبەتی چ بە سەردانی ماڵی قوتابیان، یان بە پێوەندی کردنیان بە پەیمانگەکانەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی ئاستی قوتابیان.
6 ـ نەبوونی میلاکی تەواو لە مامۆستا پسپۆرییەکان بۆ قوتابخانەکان بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە لەبەر گواستنەوەی مامۆستایەکان.
7 ـ زوو دابین نەکردنی هۆو پێداویستییەکانی خوێندن وەك کتێب و کەرەستەو هۆیەکانی فێرکردن .

## دووەم : چەمکی پێوەندیدار بە توێژینەوەکەوە

**ڕۆژی دەست بەکاربوونەوە:** بریتییە لە یەکەم ڕۆژی پێوەندی کردنی مامۆستایان بە دەوامی فەرمی لە قوتابخانەکان دوای تەواو بوونی پشووی درێژ، بەروار و ڕێکەوتی ئەم ڕۆژە بەگوێرەی کەش و هەوای خوێندن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت. ئەم ڕۆژە ڕۆژی نوێبوونەوەی ساڵی خوێندنە، ڕۆژی داڕشتنی پلان و پرۆگرامەکانی ئیش پێکردنە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری و سەرجەم چالاکی و کارەکانی قوتابخانە. کە گشت دەروازەکانی خوێندن دەگرێتەوە.

**پلان :** پرۆگرامی ئیش پێکردنە بۆ ئەو کەسانەی کە کاردەکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بگەنە ئامانجەکان. واتە پلاندانان مەبەست نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆ گەیشتن بەئامانجەکان. پلاندانان شتێکی سەرەکی و گرنگە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا و پێویستە ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن لە چوارچێوەی پلانی دیاریکراوی بەهێز و کاریگەرەوە زۆرترین ئامانجی پەروەردەیی بەجێ بهێنن و بەهۆیەوە گرفتەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن چارەسەر بکەن .

بەڕێوەبردن : کرداری ڕێکخستن و پلاندانان و سەرپەرشتی کردن و بڕیاردان و هاوسەنگی و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونە.

* پێویستە لێرەدا ئەوە بزانین کە بەڕێوەبردن مانای بەڕێوەبەر نییە بەڵکو بەڕێوەبەر ڕێگەیەکە بۆ جێبەجێکردنی مەبەستە پەروەردەییەکان و بەرەو پێشبردنی پرۆسەی پەروەردەیی.

**سەرپەرشتیار :** سەرپەرشتیار پێش هەموو شتێك مامۆستایە بەگوێرەی پسپۆرییەکەی شارەزاییەکی بەرفراوانی لە بابەتەکانی خوێندن و سیستمی پەروەردەدا، سەبارەت بە (پرۆگرام و ئەزموونەکان و شێوازە جیاجیاکانی وانەگوتنەوەو ئامرازە بەکارهێنراوەکانی ڕوونکردنەوە و ....) و ڕێنمایی کردن و چارەسەرکردنی گرفتە پەروەردەییەکان هەیە. بەگشتی سەرپەرشتیار چاوی پەروەردەیە، چاودێرێکی ڕاستەوخۆی کارە پەروەردەییەکانە، پاڵنەرێکی گرنگە لەپەرەپێدان و پەرەسەندن و پێشخستنی پرۆسەی فێرکردن.

**مامۆستا :** ئەو شارەزایەیە کە کۆمەڵگە دروستی کردووە بۆ ئەوەی ئامانجە پەروەردەییەکان جێبەجێ بکات، لە لایەکەوە ڕازگری کەلەپووری ڕۆشنبیرییەو لەلایەکی دیکەیشەوە هۆکارێکی گەورەیە لە نوێ کردنەوەی کەلەپوور. کەواتە مامۆستا فێرکارە قوتابی فێری پەروەردەو زانست دەکات، خاڵی دەست پێ کردن و کۆتایی ڕێگەیەو کەسایەتییەکەی بەهێزترین هۆکاری کاریگەرە لە کەسایەتی قوتابیدا * .

* د.فایز مراد دندش، دلیل التربیة العلمیة : اعداد المعلمین ، دار الوفاء ـ الآسکندریة ـ 2003 ص 100.

## بەشی دووەم

## یەکەم: کارەمەیدانییەکان و پێداویستیەکانی

ئەم تەوەرەیە لایەنی پڕکردنەوەی فۆرمەکانە لەلایەن توێژەران و شیکردنەوەی ئەم فۆرمانە لە لایەن توێژەرەوە و دواتر هەوڵدان بۆ دیاریکردنی دەرئەنجامەکان .

* میکانزمی کارکردن بەم شێوەیە:

### 1 ـ کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە

لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی پەروەردەیی زانستی زۆر سەختە توێژەر بتوانێت گشت قوتابیانی قوتابخانەکان دراسەت بکات و بیانخاتە ژێر لێکۆلینەوە، چونکە ئەم کارە پێویستی بە ماندووبونێکی زۆر هەیەو هەروەها کاتێکی زۆریشی دەوێت لەوانەیە بە ئاسانی دەستەبەر نەکرێت، لەبەر ئەوەی بواری پەروەردە بوارێکی زۆر فراوانە لە چەندین بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیی پێکهاتووە کە هەر بەڕێوەبەرایەتییەکیش پڕ لە سەدان قوتابخانە دەگرێتە خۆ بۆیە توێژەر چەند سامپڵێك لەمامۆستایانی چەند قوتابخانەیەك و چەند سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی و کارگێڕی و پسپۆری بنەڕەتی و ئامادەیی وەردەگرێت و دواتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام دەدات. ئەم هەڵبژاردنەش بەپێی بابەتی لێکۆڵینەوەکەو سنووری لێکۆڵینەوەکە دەبێت.

1) ناونیشانی بابەتی لێکۆڵینەوەکە بەم شێوەیە: (ڕۆڵی دەست بەکاربوونی مامۆستایان لە ڕوانگەی پەروەردەییەوە) لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان .

2) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی یەکەی سەرپەرشتیاری گرتەوەو سنووری توێژینەوەکە سەرپەرشتیارانی کارگێڕی و پسپۆری بنەڕەتی و ئامادەیی و مامۆستایانی پسپۆری بە هەردوو ڕەگەزەوە لە سەنتەری شاری هەولێر گرتەوە.

3) هەڵبژاردنەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بوو . (20) قوتابخانەمان هەڵبژاردووە بەم شێوەیە :

أ ـ (10) قوتابخانەی بنەڕەتی (4 قوتابخانـەی کـچان، 4 قوتابخانـەی کـوڕان،2 قوتابخانەی تێکەڵاو) .

ب ـ (10) قوتابخانەی ئامادەیی ( 4 قوتابخانەی کچان، 4 قوتابخانەی کوڕان، 2 قوتابخانەی تێکەڵاو) .

لە هەر قوتابخانەیەك هەڕەمەکی 2 مامۆستا وەرگیراوە، واتـە توێژینـەوە لەسـەر (40) مامۆسـتا ئـەنجام دراوە، 20 مامۆسـتای بنـەڕەتی و 20 مامۆسـتای ئامادەیی.

5) بۆ سەرپەرشتیاران (40) سەرپەرشتیار وەرگیراون بەم شێوەیە:

ا. (20) سەرپەرشـتیاری بنـەڕەتی ( 5 سەرپەرشـتیاری کـاڕگێڕی و 15 سەرپەرشتیاری پسپۆری).

ب . (20) سەرپەرشـتیاری ئامـادەیی ( 5 سەرپەرشـتیاری کـاڕگێڕی و 15 سەرپەرشتیاری پسپۆری ).

بۆ دەستنیـشانکردنی قوتابخانـەکان سـوود لـە نەخـشەی دابەشـبوونی جـوگرافی قوتابخانەکانی شاری هەولێر وەرگیراوە کە لە وەزارەتی پەروەردە بەشـی پلانـدانان نەخشەسازی بۆ کراوە، (نەخشەکە هاوپێچە) لە سەر نەخشەکە ناوەڕاستی شـاری هەولێرمان بە هێمای + کرد بە چوار ناوچە و قوتابخانەکان ( کچ، کوڕ، تێکـەڵاو ) بەپێی بوونیان لە ناوچەکان وەرگیراون.

**2 ـ ئامرازی توێژینەوەکە**

لەلایەنی مەیدانی لێکۆڵینەوەکانەوە پێویستە ئامرازو کەرەستەی شیاو و گونجاو بەکار بهێنرێـت، نابێـت هەڵبـژاردنی ئـەم کەرەسـتەو ئامرازانـەیش بـە شـێوەی هەڕەمەکی بێت بەڵکو بە پێـی جـۆری بابـەت و ئامـانجی لێکۆڵینەوەکـە دابـین دەکرێت. کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری جیاوازن، لەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە سوود لە فۆرمی ڕاپرسی وەربگیرێت، کە (3) جۆر پرسیاری تایبەت بە بابەتەکەی تێدایە، پرسیاری کراوە، پرسیاری داخراو، بۆچی، سەرپەرشـتیاران و مامۆسـتایان بە بیرو بۆچونی خۆیان وەڵامی گونجاو دەدەنەوە.

**3ـ میتۆدی توێژینەوەکە ( ڕێبازی توێژینەوەکە )**

میتۆد بریتییە لەو ڕێگە زانستییەی کە لە دۆزینەوەی کۆمـەڵێك ڕێسای گشتی بەکار دەهێنرێت کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی مـرۆڤ هەیـە، هـەروەها شـێوە بـە

چالاکییەکانی دەبەخشن و ڕێگەکانیان بۆ خۆش دەکەن تا بە ئامانجی پێویست و دیاری کراو بگەن [1].

بەکارهێنانی میتۆدەکان لە لێکۆلینەوە مەیدانییەکاندا زۆر گرنگن هەر لەبەر ئەمەشە بە پێی جۆرو شێوازی بابەتی لێکۆلینەوەکە جۆری میتۆد هەڵدەبژێردرێت، لەم توێژینەوەیەدا دوو جۆر میتۆد بەکار هێنراوە، میتۆدی وەسفی کە لەلایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکەوە بەکار هاتووە بە سوود وەرگرتن لە هەندێك سەرچاوەی تایبەت بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە، چونکە دەست بەکاربوون و پلاندانان ئەو بابەتانەن کە پێویستیان بە وەسف کردن و ڕوونکردنەوەو پێ ناساندن هەیە، تاوەکو لەلایەن هەموومانەوە ئاشکراو بەر چاو بێت. هەروەها تیۆری ئاماری کە لەلایەنی مەیدانی لێکۆڵینەوەکەوە بۆ شیکردنەوەی زانیاری خشتە بەکارهاتووەکان بەکارهاتووە، خشتەکان بە دوو جۆر دروست کراون خشتەی سادەو خشتەی ئاوێتەیی بە پێی جۆری پرسیارەکان بەکار دەهێنرێت [2].

**4 ـ ڕێگە ئامارییە بەکارهاتووەکان**

1ـ لەم توێژینەوەیەدا بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامە ئامارییەکان و شیکردنەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی زانستی هەوڵ دراوە ڕێگەی ڕێژەی سەدی بەکاربهێنرێت ئەویش بەبەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە [3]:

$$\text{ڕێژەی سەدی \%} = \frac{\text{ژمارەی وەڵامەکان}}{\text{کۆی گشتی}} \times 100\%$$

2ـ بەکارهێنانی خشتە ئامارییەکان

**5 ـ کۆسپ و تەگەرەکان**

هەر کارێك کۆسپ و تەگەرەو ماندووبوون و کەم و کوڕی خۆی هەیە، هیچ کارێك بەبێ ئەمانە ئەنجام نادرێت، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا چەند کۆسپێکمان هاتە ڕێ کە ئەمانەن:

1 ـ نەبوونی مامۆستا لە قوتابخانەکان کە گرفت بوو بۆ ڕاپرسییەکە لەبەر ئەوەی ئەو کات مامۆستایان لە پشووی هاویندا بوون .

2 ـ زۆربەی مامۆستایەکان لە بۆچوونی پرسیارەکان تێنەگەیشتوون.

3 ـ توێژینەوەکە بەتەنیا سەنتەری شاری گرتبووەوە بەڵام کێشەکە پتر لە دەوروبەری شاردایە.

4 ـ نەبوونی پلانی سەرپەرشتیاران بۆ سەردانی قوتابخانەکان لە پشووی هاویندا.

## دووەم : خستنە ڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان

زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی (فۆرمی ڕاپرسی بۆ سەرپەرشتیاران و مامۆستایان ) دەستەبەر کراون . بەم شێوەیەی خوارەوە:

تایبەت بە سەرپەرشتیاران :

پ[1] ) بەر لە ڕۆژی 1/ 9 ( ڕۆژی دەست بەکاربوونەوەی مامۆستایان ) ژمارە و ناوی ئەو قوتابخانانەی کە لە ئەستۆتە بۆ سەرپەرشتی کردن لە ساڵی نوێی خوێندن دەزانیت؟ (قوتابخانەکان دابەشکراون) ؟

ئەگەر نەخێر هۆیەکەی ڕوون بکەوە.

خشتەی ژمارە (1)

دابەشکردنی قوتابخانەکان

| سەرپەرشتیار | بەڵێ | نەخێر |
| --- | --- | --- |
| کارگێڕی ئامادەیی | ٪0<br>0 | ٪12،5<br>5 |
| کارگێڕی پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪0<br>0 | ٪12،5<br>5 |
| پسپۆری ئامادەیی | ٪7،5<br>3 | ٪30<br>12 |
| پسپۆری پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪10<br>4 | ٪27،5<br>11 |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪17،5<br>7 | ٪82،5<br>33 |

ئەم پرسیارە ئەوە دەردەخات کە بە ڕێژەی 82،5٪ ی سەرپەرشتیاران لە ڕۆژی دەست بەکاربوونی مامۆستایان ناوی قوتابخانەکان نازانن لە بەر ئەوەی قوتابخانەکان بەسەر سەرپەرشتیارانی پسپۆری و پەروەردەییدا دابەش نەکراون و دوای دەست بەکاربوون سەردانی خێرا دەکرێت و ئەو کاتە قوتابخانەکان بەسەریاندا دابەش دەکرێن.

پ2) لە یەکەمین هەفتەی دەست بەکاربوونی مامۆستایان بۆ ساڵی نوێی خوێندن سەردانی ئەو قوتابخانانەی کە لە ئەستۆتە دەکەیت بۆ پێوەندی کردن بە (بەڕێوەبەر) و مامۆستای پسپۆڕ بۆ یەکدی ناسین ؟

ئەگەر نەخێر بۆچی ؟

خشتەی ژمارە (2)

سەردانی قوتابخانەکان

| سەرپەرشتیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| کارگێڕی ئامادەیی | 2،5٪ 1 | 10٪ 4 |
| کارگێڕی پەروەردەیی (بنەڕەتی) | 5٪ 2 | 7،5٪ 3 |
| پسپۆری ئامادەیی | 20٪ 8 | 17،5٪ 7 |
| پسپۆری پەروەردەیی (بنەڕەتی) | 20٪ 8 | 17،5٪ 7 |
| ڕێژەی سەدی گشتی | 47،5٪ 19 | 52،5٪ 21 |

ئەم پرسیارە ئەوە دەردەخات کە سەرپەرشتیارانی پسپۆری و پەروەردەیی بە ڕێژەی 20٪ زیاتر سەردانی قوتابخانەکان دەکەن بۆ ڕێکخستنی پلانی وانە گوتنەوەو میلاك، بەڵام سەرپەرشتیارانی کارگێڕی بە ڕێژەی 5٪ سەردانی قوتابخانەکان دەکەن، ئەمەش هێمایەکی نەگەتیڤە بۆ سەرپەرشتیاری کارگێڕی و بە تێکڕای ڕاپرسیەکە بە ڕێژەی 52،5٪ بە نەخێر وەڵام دراوەتەوە.

لە پرسیاری بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی سەرپەرشتیاری تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە نەهاتووە.

پ3) لە یەکەمین هەفتەی دەست بەکاربوونی مامۆستایان بۆ ساڵی نوێی خوێندن لەگەڵ (بەڕێوەبەر) یان مامۆستایانی پسپۆری قوتابخانە پلان بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی بەشەوانەکان دادەڕێژن ئەگەر لە مامۆستایەك پتر لە قوتابخانەیەك هەبێت و دانانی پرۆگرام بۆ ئیش کردن لە ڕووی دانانی پلانی ساڵانەو مانگانە بۆ بابەتەکانی خوێندن و بەکارهێنانی شێوازە باشەکانی وانە گوتنەوەو هۆیەکانی فێرکردن و گشت چالاکییەکانی دیکە ............؟

خشتەی ژمارە (3)

دانانی پلان

| سەرپەرشتیار | بەڵێ | نەخێر | بەتاڵ |
|---|---|---|---|
| کارگێڕی ئامادەیی | ٪2،5<br>1 | ٪10<br>4 | – |
| کارگێڕی پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪5<br>2 | ٪5<br>2 | ٪2،5<br>1 |
| پسپۆری ئامادەیی | ٪15<br>6 | ٪22،5<br>9 | – |
| پسپۆری پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪20<br>8 | ٪17،5<br>7 | – |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪42،5<br>17 | ٪45<br>22 | ٪2،5<br>1 |

ئەم پرسیارە ئەوە دەردەخات کە زۆربەی سەرپەرشتیاران لەم ڕۆژەدا سەردان ناکەن و پلان دانانێن و بەشەوانەکان دابەش ناکەن، بە تایبەتی سەرپەرشتیارانی کارگێڕی، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە لەلایەن سەرپەرشتیارانەوە بایەخ بە پلانی قوتابخانە نادرێت ، لەسەرەتای دەست پێکردنی خوێندن و زۆرترین سەردان لەلایەن مامۆستایانی پسپۆری پەروەردەییەوە دەبێت.

پ4 ) هەوڵ دەدەیت بەر لە 9/15 ئەو ( بەڕێوەبەرانە) یان ئەو مامۆستایانەی کە بۆ ساڵی نوێی خوێندن سەرپەرشتییان دەکەیت بۆ ئاراستەکردن و ڕێنماییکردن و ڕوونکردنەوەی بابەتە نادیارەکان کۆ بکەیتەوە؟

خشتەی ژمارە (4)

کۆبوونەوە

| سەرپەرشتیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| کارگێڕی ئامادەیی | ٪2،5<br>1 | ٪10<br>4 |
| کارگێڕی پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪5<br>2 | ٪7،5<br>3 |
| پسپۆری ئامادەیی | ٪10<br>4 | ٪27،5<br>11 |
| پسپۆری پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪15<br>6 | ٪22،5<br>9 |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪32،5<br>13 | ٪67،5<br>27 |

زۆربەی سەرپەرشتیاران باس لەوە دەکەن لەبەر نەبوونی فەرمانێکی فەرمی بۆ کۆبوونەوە ، نەتوانراوە لەم ڕۆژەدا کۆبوونەوە بۆ ئاراستەکردن و ڕێنمایی کردن بکرێت بەتایبەتی کارگێڕی. بە ڕێژەی 67،5٪ بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە.

پ5 ) ئەو(بەڕێوەبەرانە) یان ئەو مامۆستایانەی کە بۆ ساڵی نوێی خوێندن سەرپەرشتییان دەکەیت کۆ دەکەیتەوە بۆ ئەوەی ( ڕێنماییەکانیان بۆ ڕوون بکەیتەوەو ئاموژگارییان بکەیت) وانەی نموونەییان بۆ بڵێیتەوە بە تایبەتی لەو بابەتانەی کە گۆڕانکارییان تێدا کراوە؟

خشتەی ژمارە (5)

ڕوونکردنەوەی ڕێنماییەکان و بابەتە نوێیەکان

| سەرپەرشتیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| کارگێڕی ئامادەیی | ٪10<br>4 | ٪2،5<br>1 |
| کارگێڕی پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪12،5<br>5 | ٪0<br>0 |
| پسپۆری ئامادەیی | ٪20<br>8 | ٪17،5<br>7 |
| پسپۆری پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪32،5<br>13 | ٪5<br>2 |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪75<br>30 | ٪25<br>10 |

ئەم پرسیارە ئەوە دەردەخات کە بەڕێژەی 75٪ زۆرینەی سەرپەرشتیاران کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەران،یان مامۆستایان دەکەن بۆ ئەوە ڕێنماییەکان

پێشکەش بکەن و وانەی نموونەییان بۆ بڵێنەوە بەتایبەتی لەو بابەتانەی کە گۆڕانکارییان تێدا کراوە.

پ6) لە کاتی سەردانەکانت بۆ پۆل مامۆستا پسپۆرییەکان لەگەڵ خۆت دەبەیت؟

※ لە میانەی سەردانەکانت بۆ قوتابخانەکان بەڕێوەبەرەکان بەشداری پێ دەکەیت؟

**خشتەی ژمارە (6)**

**سەردانکردنی بە کۆمەڵ**

| سەرپەرشتیار | بەڵێ | نەخێر | بەتاڵ |
|---|---|---|---|
| کارگێڕی ئامادەیی | ٪5 2 | ٪7،5 3 | – |
| کارگێڕی پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪10 4 | ٪2،5 1 | – |
| پسپۆری ئامادەیی | ٪5 2 | ٪17،5 7 | ٪15 6 |
| پسپۆری پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪25 10 | ٪10 4 | ٪2،5 1 |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪45 18 | ٪37،5 15 | ٪17،5 7 |

ئەم پرسیارە جیاواز لە پرسیارەکانی دیکە کە بەشێکی زۆری سەرپەرشتیاران لە ناوەڕۆکی پرسیارەکە تێنەگەیشتوون واتە بە ڕێژەی 17،5٪ فۆرمی بەتاڵ دراوەو وەڵام نەدراوەتەوە، بەڵام بە ڕێژەی 45٪ بە ئەرێ وەڵامیان داوەتەوە کە بۆ قوتابخانەکان سەردانی بەکۆمەڵ دەکەن ئەوەش بۆ پرۆسەی پەروەردە کارێکی باشە.

پ[7]) لە کاتی سەردانەکانت هەوڵ دەدەیت لەخۆتەوە بۆ (بەڕێوەبەرەکان) مامۆستاکانت بابەتە ئاڵۆزەکان ڕوون بکەیتەوە بە بیرکردنەوە لەوەی کە لەوانەیە (بەڕێوەبەرێك) مامۆستایەك شەرم بکات پرسیار بکات ؟

**خشتەی ژمارە (7)**

**باسکردن و شیکردنەوەی بابەتە ئاڵۆزەکان**

| سەرپەرشتیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| کارگێڕی ئامادەیی | ٪12،5٪<br>5 | ٪0<br>0 |
| کارگێڕی پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪10٪<br>4 | ٪2،5٪<br>1 |
| پسپۆری ئامادەیی | ٪32،5٪<br>13 | ٪5<br>2 |
| پسپۆری پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪35٪<br>14 | ٪2،5٪<br>1 |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪90٪<br>36 | ٪10<br>4 |

تاکە پرسیارە کە هێزی شیکاری تێدا بەڕێژەی 90٪ بە بەڵێ وەڵام دراوەتەوە واتە لە سەردانەکان بابەتە ئاڵۆزەکان بۆ مامۆستایان ڕوون دەکەنەوە، بۆیە بە خاڵێکی ئەکتیف دادەنرێت، چونکە بەهۆی ئەو پێوەندییە بەهێزەوە مامۆستا ئەو شەرمە ناکات کە پرسیار بکات.

پ[8]) لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندنەوە بەرنامە دادەنێیت بۆ ئەوەی لە کۆتایی ساڵدا ڕاوەرگرتن بۆ (بەڕێوەبەرەکان) یان مامۆستاکانت بکەیت کە بە هۆیەوە نەنگی (بەڕێوەبردنیان) مامۆستاکانت دەربکەوێت ؟

**خشتەی ژمارە (8)**

**بەرنامەی هەڵسەنگاندنی ساڵانە**

| سەرپەرشتیار | بەڵێ | نەخێر | بەتاڵ |
|---|---|---|---|
| کارگێڕی ئامادەیی | ٪0<br>0 | ٪10<br>4 | ٪2،5<br>1 |
| کارگێڕی پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪10<br>4 | ٪2،5<br>1 | – |
| پسپۆری ئامادەیی | ٪25<br>10 | ٪12،5<br>5 | – |
| پسپۆری پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪35<br>14 | ٪2،5<br>1 | – |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪70<br>28 | ٪27،5<br>11 | ٪2،5<br>1 |

زۆربەی سەرپەرشتیاران ڕەخنە لە ئەدای بەڕێوەبەر دەگرن وەکو بەدواداچوون بۆ چاککردنی کارەکانیان واتە بەڕێژەی 70٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە بۆیە هەوڵ دراوە لەلایەن سەرپەرشتیارەوە پێوەندی بەهێز دروست بکرێت، ئەمەش نموونەی دروست بوونی پێوەندییە لەلایەن سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەرەوە.

بۆ ساڵی نوێی خوێندن لە کتێب و (ڕێنماییە) سەرچاوە دەرچووە نوێیەکان نامیلکەی کورت کراو و پوخت کراو کە تایبەت بێت بە زانیاری و بابەتە گرنگەکان

ئامادەدەکەیت تا لە یەکەمین هەفتەی دەست بەکاربوونی مامۆستایان بەسەر (بەڕێوەبەر) یان مامۆستاکانتدا دابەش بکەیت ؟

خشتەی ژمارە (9)

نامیلکەی کورتکراوە

| سەرپەرشتیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| کارگێڕی ئامادەیی | ٪10٪ 4 | ٪2،5٪ 1 |
| کارگێڕی پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪7،5٪ 3 | ٪5٪ 2 |
| پسپۆری ئامادەیی | ٪5٪ 2 | ٪32،5٪ 13 |
| پسپۆری پەروەردەیی (بنەڕەتی) | ٪25٪ 10 | ٪12،5٪ 5 |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪47،5٪ 19 | ٪52،5٪ 21 |

نەبووەتە هۆی ڕێنمایی سەرەتایی و فەرمی کە ڕێنماییەکان بە نامیلکە دابەش بکرێت، بۆیە بە ڕێژەی 47،5٪ بە بەڵێ وەڵام دراوەتەوە، واتە سەرپەرشتیار نەیتوانیوە نامیلکە ئامادە بکات. ئەمەش نەبووەتە نەریتی باو.

پ[10]) بەڕای تۆ چین ئەو ڕێنماییانەی کە باشە لەم ڕۆژەدا هەبن؟

1 ـ ناچارکردنی مامۆستاو کارگێڕی قوتابخانە بۆ پابەند بوون بە دەوام و دەست بەکاربوون .2 ـ دانانی سزا بۆ ئەو کەسانەی کە پابەند نابن بە دەوامی 1 / 9 .3 ـ دانانی پلانی تۆکمە و داڕێژراو بۆ بەڕێوەبردنی گشت مامۆستایان . 4 ـ دابەشکردنی قوتابخانەکان لە 15 / 8 بێت بەسەر سەرپەرشتیاران تا خۆیان ئامادەبکەن بۆ داڕشتنی پلانی ساڵانە . 5 ـ کەمی و زیادی میلاکی قوتابخانەکان پێش 1 / 9 تەواو بکرێت . 6 ـ ئامادەکردنی هۆیەکانی فێرکردن وکتێب وپێداویستیەکان لە مانگی 7 بێت .

پ[11]) لەدوای ڕۆژی دەست بەکاربوون دەوام نەکردنی مامۆستایان تا ڕۆژی 9/15 بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

1 ـ لەبەرئەوەی لێپرسینەوە و بەدواداچوون نییە .2 ـ دابڕان لە دوای خولی دووەم .3 ـ هەست نەکردن بە لێپرسراویەتی .4 ـ دابەش نەکردنی کارەکان لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە .5 ـ نەبوونی فەرمانێکی فەرمی بۆ پلانی کارکردن. 6 ـ کەمتەرخەمی کارگێڕی .7 ـ دواخستنی سەردانی سەرپەرشتیاری کارگێڕی. 8 ـ جێگیر نەبوونی میلاك بەهۆی گواستنەوەو هاتنی مامۆستایانەوە.

تایبەت بە مامۆستایان :

پ[1]) لە ڕۆژی 9/1 (یان هەر ڕۆژێکی دیکە کە بەرانبەر بەم ڕۆژە بێت) کە ڕۆژی دەست بەکاربوونە پێوەندی بە قوتابخانەوە دەکەیت؟

1ـ دەچم بۆ قوتابخانە

2ـ تەلەفۆن بۆ بەڕێوەبەر دەکەم ئەگەر کارم هەبێت

**خشتەی ژمارە (1) چوون بۆ قوتابخانە**

| مامۆستا | دەچم | تەلەفۆن دەکەم |
|---|---|---|
| مامۆستای ق.بنەڕەتی کچان | ٪20<br>8 | ٪0<br>0 |
| مامۆستای ق.بنەڕەتی کوڕان | ٪20<br>8 | ٪0<br>0 |
| مامۆستای ق.بنەڕەتی تێکەڵاو | ٪10<br>4 | ٪0<br>0 |
| مامۆستای ق.ئامادەیی کچان | ٪20<br>8 | ٪0<br>0 |
| مامۆستای ق.ئامادەیی کوڕان | ٪20<br>8 | ٪0<br>0 |
| مامۆستای ق.ئامادەیی تێکەڵاو | ٪10<br>4 | ٪0<br>0 |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪100<br>40 | ٪0<br>0 |

ئەم پرسیارە ئەوە دەردەخات کە سەرجەم مامۆستایان چ وەك ئەرکی تایبەتی یان ئەرکی فەرمی، یان حەزی تایبەتی خۆی دەچێت بۆ بینین، یان بۆ زانینی خشتەی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەمی ساڵ ئەمەش خاڵێکی ئیجابییە لە رەوشی پەروەردە.

پ2) لە ڕۆژی 9/1 تا 9/15 ڕۆژانە بەردەوام لە قوتابخانە ئامادەدەبیت؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**خشتەی ژمارە (2) بەردەوام ئامادەبوون لە قوتابخانە**

| ماموستا | بەڵێ | نەخێر | بەتاڵ |
|---|---|---|---|
| ماموستای ق.بنەڕەتی کچان | ٪7،5<br>3 | ٪12،5<br>5 | – |
| ماموستای ق.بنەڕەتی کوڕان | ٪12،5<br>5 | ٪5<br>2 | ٪2،5<br>1 |
| ماموستای ق.بنەڕەتی تێکەڵاو | ٪5<br>2 | ٪5<br>2 | – |
| ماموستای ق.ئامادەیی کچان | ٪12،5<br>5 | ٪7،5<br>3 | – |
| ماموستای ق.ئامادەیی کوڕان | ٪17،5<br>7 | ٪2،5<br>1 | – |
| ماموستای ق.ئامادەیی تێکەڵاو | ٪0<br>0 | ٪10<br>4 | – |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪55<br>22 | ٪42،5<br>17 | ٪2،5<br>1 |

لەم پرسیارەدا دەردەکەوێت کە لە نیوەی پتر ئامادە دەبن، یان هاموشۆی قوتابخانە دەکەن بۆ پرسیارکردن لە خشتەی وانەکان و میلاك، یان بەشێوەیەکی گشتی پرسیارکردن لەسەرجەم هەواڵەکانی بواری پەروەردەو خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی خولی دووەم. بەڵام بە هۆی پرسیارەکەوە دەرکەوت کە ڕێژەی 4،7٪ ماموستایانی پیاو پتر لەم ماوەیەدا سەردانی قوتابخانەکانیان دەکەن واتە پیاوان پتر سەردان دەکەن، ئەمەش بۆ دەرفەت دەگەڕێتەوە کە ڕەگەزی مێ بواری بۆ سەردانی بەردەوام کەمترە.

پ[3]) لە ڕۆژی 9/1 بۆ گفت و گۆکردن و نمایش کردنی پلانی ساڵی نوێی خوێندن بەڕێوەبەر کۆبوونەوە دەکات ؟

☐ بەڵێ ☐ نەخێر

## خشتەی ژمارە (3)

### ئەنجامدانی کۆبوونەوە

| مامۆستا | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| مامۆستای ق.بنەڕەتی کچان | %15<br>6 | %5<br>2 |
| مامۆستای ق.بنەڕەتی کوڕان | %17،5<br>7 | %2،5<br>1 |
| مامۆستای ق.بنەڕەتی تێکەڵاو | %10<br>4 | %0<br>0 |
| مامۆستای ق.ئامادەیی کچان | %12،5<br>5 | %7،5<br>3 |
| مامۆستای ق.ئامادەیی کوڕان | %17،5<br>7 | %2،5<br>1 |
| مامۆستای ق.ئامادەیی تێکەڵاو | %10<br>4 | %0<br>0 |
| ڕێژەی سەدی گشتی | %82،5<br>33 | %17،5<br>7 |

لەم پرسیارەدا دەردەکەوێت لە نێوان مامۆستایان و دەستەی کارگێڕی قوتابخانە کۆبوونەوە هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی قوتابخانە، ئەمەش خاڵێکی ئەکتیڤە بۆ ئاگەداربوون لە گۆڕانکارییەکان سەبارەت بەو مامۆستایانەی کە مۆڵەت وەردەگرن یان دەگوێزرێنەوە.

لەم پرسیارە دەرکەوت لە قوتابخانەی کوڕان پتر بایەخ بە کۆبوونەوە و پلانی ساڵ دەدرێت لە ڕۆژی 1 / 9 واتە ڕۆژی دەست بەکار بوونەوە.

پ[4]) لە ڕۆژی 9/1 لەگەڵ بەڕێوەبەرو مامۆستای پسپۆری هەمان بابەت (ئەگەر هەبێت) بەپێی تواناکان و بەهەند وەرگرتنی بەرژەوەندی قوتابیان بەشەوانەکان دابەش دەکەن؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**خشتەی ژمارە (4) دابەشکردنی بەشەوانەکان**

| مامۆستا | بەڵێ | نەخێر | بەتاڵ |
|---|---|---|---|
| مامۆستای ق.بنەڕەتی کچان | ٪10<br>4 | ٪5<br>2 | ٪5<br>2 |
| مامۆستای ق.بنەڕەتی کوڕان | ٪15<br>6 | ٪5<br>2 | – |
| مامۆستای ق.بنەڕەتی تێکەڵاو | ٪10<br>4 | ٪0<br>0 | – |
| مامۆستای ق.ئامادەیی کچان | ٪15<br>6 | ٪5<br>2 | – |
| مامۆستای ق.ئامادەیی کوڕان | ٪17،5<br>7 | ٪2،5<br>1 | – |
| مامۆستای ق.ئامادەیی تێکەڵاو | ٪10<br>4 | ٪0<br>0 | – |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪77،5<br>31 | ٪17،5<br>7 | ٪5<br>2 |

ڕێژەی ئەم پرسیارە بەرزە لەبەر ئەوەی مامۆستای پسپۆر لەگەڵ بەڕێوەبەر بەپێی پلانی ساڵانە بەشەوانەکان دابەش دەکەن و بەپێی ڕاپرسیەکە ڕێژەی 77،5٪ بەڵێ باس لەپلانی ئامادەکراو دەکەن.

پ[5]) لە یەکەمین هەفتەی دەست بە کاربوون پلانی ساڵانە لە ڕووی دابەش کردنی بەندو بڕگەکانی کتێب بەسەر وەرز و مانگ و هەفتەکاندا ئامادەدەکەیت؟.

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**خشتەی ژمارە ( 5 ) دابەشکردنی بەندو بڕگەکانی کتێب ( پلانی ساڵانە)**

| ماموستا | بەڵێ | نەخێر | بەتاڵ |
|---|---|---|---|
| مامۆستای ق.بنەڕەتی کچان | ٪15<br>6 | ٪5<br>2 | – |
| مامۆستای ق.بنەڕەتی کوڕان | ٪17،5<br>7 | ٪2،5<br>1 | – |
| مامۆستای ق.بنەڕەتی تێکەڵاو | ٪5<br>2 | ٪5<br>2 | – |
| مامۆستای ق.ئامادەیی کچان | ٪10<br>4 | ٪7،5<br>3 | ٪2،5<br>1 |
| مامۆستای ق.ئامادەیی کوڕان | ٪12،5<br>5 | ٪7،5<br>3 | – |
| مامۆستای ق.ئامادەیی تێکەڵاو | ٪10<br>4 | ٪0<br>0 | – |
| ڕێژەی سەدی گشتی | ٪70<br>28 | ٪27،5<br>11 | ٪2،5<br>1 |

لەم پرسیارە دەردەکەوێت کە زۆربەی مامۆستایان لەکاتی دەست بەکاربوون پلانیان هەیەو ئەم ڕێژەیە 2،5٪ لە قوتابخانەی کوڕان پترە. هەروەها دەردەکەوێت کە 70٪ پلانیان ئامادەیە ئەمەش خاڵێکی ئەکتیڤە لە پەروەردە.

پ6) لە یەکەمین هەفتەی دەست بەکاربوون کەرەستە پێویستییەکانی وەك هۆیەکانی ڕوونکردنەوە و ئامرازەکانی تاقیکردنەوەکان ئامادە دەکەیت؟

بەڵێ ☐ نەخێر ☐

**خشتەی ژمارە ( 6 )**

**ئامادەکردنی هۆیەکانی فێرکردن**

| مامۆستا | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| مامۆستای ق.بنەڕەتی کچان | ٪10<br>4 | ٪10<br>4 |
| مامۆستای ق.بنەڕەتی کوڕان | ٪15<br>6 | ٪5<br>2 |
| مامۆستای ق.بنەڕەتی تێکەڵاو | ٪7،5<br>3 | ٪2،5<br>1 |
| مامۆستای ق.ئامادەیی کچان | ٪12،5<br>5 | ٪7،5<br>3 |
ناردنی فێرخواز بۆ ئەوەی ئەرکێك لەناو فێرگەدا ئەنجام بدات بە پێچەوانەی بنەماکانەوە نییە، مادامەکێ ئەو کارە بە مەبەستێك بێت پێوەندی بە فێرگەکەوە هەبێت بە مەرجێك فێرخوازەکە لەوە بەرپرسیار بێت تا ڕادەیەك بتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو ئەرکەکە ڕاپەڕێنێت. شتێکی ساکار هەیە دەشێت بە ئاسانی مرۆڤ خۆی لێ دەرباز بکات ئەوەیش لە یاسای تەندروستی و ئاسایش لەکارکردندا هەڵقولاوە. منداڵ یان مامۆستا لەسەر عەرد یان پێپلکە خلیسکاو تووشی ڕووداوێك بوو لەبەر ئەوەی عەردەکە یان پێپلکەکە سوڕ یان ڕێکوپێك نەبوو، ئەو کات دەستەڵاتی ناوچەیی لە ڕووداوەکە بەرپرسیار دەبێت و ڕێ و شوێنی یاسایی و مەدەنی بەرانبەر وەردەگیرێت. ئەگەر هات و ئەو ڕووداوەی ساڵی 1959 پاش ساڵی 1975 ڕووی دابایە پاش ئەوەی کار بە یاساکە کرا، ئەوە ئەو کەیسە زۆر بە ئاسانی سەری دەگرت، نەك لەبەر ئەوەی ڕێ لە کیژەکە گیرا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەسەر عەردەکەدا خلیسکا.

هەروەها نابێت داوا لە منداڵ بکرێت شتێکی قورس هەڵبگرێت یان بەرز بکاتەوە یان بگوێزێتەوە کە ڕەنگە هەر زیانێکی پێبگەیەنێت، بەڵام دەبێت ئەو شتەی منداڵەکە هەڵیدەگرێت لەگەڵ قەوارەو توانایدا بگونجێت، دەکرێت داوا لە فێرخوازێکی تەمەن گەورە بکەین سندووقێکی تا ڕادەیەك قورس هەڵبگرێت بەڵام ئەگەر ئەو داوایە لە منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵان بکەین ئەوە ئێمە بە دوای کێشەدا دەگەڕێین.

پێویستە مامۆستایان گەرەنتی ئەوە بدەن کە پلەو پایەکەیان متمانەبەخش و دروستە، وەك چۆن پێویستە بەو شێوەی بۆ خۆیان و بۆ هاوکارەکانیان و بۆ فێرخوازانیش. ئەگەر شوێنەکە لە ڕووی ئاسایش و تەندروستییەوە دروست نەبوو پێویستە بەرپرسیارەکەی لێ ئاگەدار بکرێتەوە. ڕووی خلیسکاو یان چاك نەکراو جێی مەترسییە بۆ کارمەندان و ئەوانەی سەر لە فێرگەکە دەدەن. کاتێك ڕۆژ ئاوادەبێت پێویستە یەکسەر ڕووناکی پێ بکرێت. ئەگەر بێت و سویچی

ڕووناکییەکە کەم و کورتییەکی هەبوو پێویستە لێی نزیک نەبنەوەو یەکسەر بەڕێوەبەری فێرگەکە یان بەرپرسی ئاسایش ئاگەدار بکرێتەوە. پێویستە هەر کاتژمێرێك دوو جار تا سێ جار هەوای پۆلەکە ئاڵوگۆڕ بکرێت، ئەگەر پەنجەرەکان نەکرابوونەوە ئەوە پێویستە بەرپرسەکە ئاگەدار بکرێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە پێویستە مامۆستا بایەخ بە شێوازی پەنجەرە کردنەوە بدات، ئەگەر پێویست کرا لەسەر یەکێك لە ڕەحلەکان ڕابوەستێت بۆ ئەوەی پەنجەرەکە بکاتەوەو لەو کاتەدا ڕەحلەکە خلیسکا، ئەوە لێرەدا کێشە دروست دەبێت و ڕەنگە کەسێك تووش ببێت ئەگەر ڕەحلەکە بکەوێت، بۆ نموونە: ڕەنگە بگوترێت مامۆستا هەر لە بنەڕەتەوە هەقی بەسەر ئەوەوە نییە لەسەر ڕەحلەکە ڕابوەستێت، ئەگەر مامۆستاکە لەسەر میزەکە ڕاوەستاو بنمیچی کتێبخانەکەی بەسەردا ڕووخا ئەوە هەمان قسە دەکرێت، بەڵام ڕەنگە قسەیش لەبارەی ناپتەوی مێزەکەو پلەی بەرگەگرتنی بکرێت.

ئەگەر مامۆستا داوا لە فێرخواز بکات ئەم کارە ئەنجام بدات ئەوە بنەماکە دەڵێت ئەگەر هات و هەر مەترسییەك هەبوو چەندەیش ساکار بێت پێویستە فێرخوازی لێ ئاگەدار بکرێتەوە، بەو شێوەیە هەڵوێستی مامۆستاکە دروست دەبێت ئەگەر بێت و هەر هەڵەیەك ڕوو بدات. ئێمە سەبارەت بە ئاسایشی فێرخواز پێداگیری توند دانانێین، بەڵام ناکرێت فێرخواز لە هەر شتێك بپارێزرێت کە ڕەنگە لەناکاو بگۆڕێت یان بە شێوەیەکی لەناکاو ڕووبدات.

## 4/1 ئاسایشی خودی

یەکێك لە شێوەکانی ئاسایشی خودی فێرگەکان پێوەندی بە ئەو سەردانانەوە هەیە کە باوکان یان براکان بۆ فێرگە ئەنجامیان دەدەن ئەویش بە مەبەستی بە قسە هێرش کردنە سەر مامۆستا یان هەر کەسێکی دیکە، لە ڕاستیشدا هەندێکیان لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا سەرکەوتوون. باوك و دایك یان کەس و کاری فێرخواز ئەو مافەیان نییە لە ناو دەزگەکانی فێرگەدا بن (هەر کەسێك بەبێ ڕێپێدانی بەڕێوەبەر لەناو فێرگەدا بێت ئەوە تاوانێکی کردووە)، ئەگەر بەڕێوەبەری فێرگەی یان هەر کەسێك لە جێی ئەو بێت (کاتێك بە خۆی لەوێ نەبێت)، داوا لەو کەسانە بکات لە فێرگە بچنە دەرەوە، دەبێت ئەو فەرمانە جێبەجی بکەن، ئەگەر هات و نەچوونە

دەرەوەو ڕەتیان کردەوە ئەوە ئەوانە دەستدرێژییان کردووەتە سەر سەروەری فێرگەو، دەشێت هێزی گونجاویان بەرانبەر بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی بکرێنە دەرەوە، باشتریش وایە پۆلیس بانگ بکرێت بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکات.

بە هەمان لۆژیك باوکان ئەو مافەیان پێ نەدراوە بەناو فێرگەدا بە دوای مامۆستایەکی دیاریکراودا بگەڕێن، بەلام ئەو مافەیان هەیە چاویان بە بەڕێوەبەری فێرگەکە بکەوێت، یان ئەو کەسەی لە جێی ئەوە، بەلام ئەگەر باوکێك توانی دزە بکاتە ناو پۆلەوە ئەو ئاکامەکان زۆر خراپ دەکەونەوە. لەم حاڵەتەدا یەکەمین شت کە پێویستە مامۆستا ئەنجامی بدات ئەوەیە داوا لەو کەسە بکات لەگەڵی بچێت بۆ ژووری بەڕێوەبەر، ئەگەر ئەوەی ڕەت کردەوە ئەو کات مامۆستا پۆلەکە بەجێ دەهێڵێت تا بە دوای بەڕێوەبەردا بگەڕێت. ئەگەر ئەمە لەگەڵ ئارەزووەکانی ئەو کەسەدا نەگونجێت پێویستە فێرخوازێك ڕەوانە بکرێت بۆ ئەوەی نزیکترین ئەندامی دەستەی وانەبێژی ئامادە بێت، ئەگەر لەو کاتەدا لە ڕووی جەستەییەوە هێرش کرایە سەر مامۆستا ئەوە ڕێی پێ دەدرێت بەو هێزو توانایەی کە دەزانێت پێویستە بەرگری لەخۆی بکات بەلام بەمەرجێك لە چوارچێوەی یاسادا بێت.

ڕەنگە ئاکامێکی ساکار هەبێت ئەگەر بێت و بزانین کە مەرجە نەتەوەییەکان بۆ چەسپاندن ـ پاش ماوەی تاقیکردنەوە ـ ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە دەستەڵاتی ناوچەیی بەرانبەر بەوە بەرپرسیارە مامۆستا لە هەر زیانێکی دارایی قەرەبووبکاتەوە لە ئاکامی توندوتیژی یان هێرشی تاوانکارانەوە تووشی هاتبێت کاتێك ئەرك یان کارەکەی بەڕێوە دەبات، بەم شێوەیە لە بارودۆخی ئاساییدا مووچەی مامۆستا ڕاناگیرێت ئەگەر لە ئاکامی ئەو هێرشەی تووشی هاتووە ئامادەی فێرگە نەبوو، چونکە ئەو کەسانەی مامۆستاکە بەخێویان دەکات ئەگەر بێت و مامۆستا لە ئاکامی ئەو هێرشەدا بمرێت ئەوە بەلایەنی کەمەوە دە هەزار جونەیە ڕەنگە پتریش وەربگرن هەروەها هەمان شت پەککەوتەیی تەواوەتی و پەککەوتەیی بەردەوامی مامۆستا دەگرێتەوە. هەروەها لە حاڵەتی پەککەوتەیی نیوە چڵی بەردەوام برە پارەی قەرەبووەکە بە شێوەیەکی جیا جیا کەمتر دەبێتەوەو، قەرەبووکردنەوەی پەککەوتەیی مامۆستا پاش تەمەنی حەفتا ساڵی کەمتر دەبێت و، یەکسەر مامۆستاکە پەنجا جونەیە لە بری دڕاندنی جل و بەرگ یان بێ کەڵکبوونی شتەکانی قەرەبوو دەکرێتەوە.

کاتێك مامۆستا هێرشی جەستەیی دەکرێتە سەر پێویستە پۆلیس بانگ بکرێت، دەشبێت هێرشبەرەکە بدرێتە دادگەو، شتێکی ڕوونیشە کە سزا دەدرێت. پێویستە لەسەرەتاوە سەندیکای پیشەیی ئاگەدار بکرێتەوە چونکە لەلای ئەوانەوە پارێزەر بۆ بەدواداچوونی پرسەکە دەستنیشان دەکرێت، ئەگەر پێویستیش بوو ئەوە پارێزەرەکە بەرگری خۆی پێشکەش دەکات، چونکە هەنگاوەکانی دادگەییکردنەکە دەگەنە باڵاترین پلە. ئەگەر بەڕاستی مامۆستاکە پێکرا پێویستە سکاڵایەك بە دادگەی قەرەبووکردنەوە پێشکەش بکرێت بۆ ئەوەی ئەو زیانانەی لێی کەوتوون قەرەبوو بکرێنەوە. ئەو قەرەبووکردنەوەیەی کە ئەم دادگەیە دەستنیشانی دەکات لە هیچ کام لەو پارەیانە داناشکێنرێت مامۆستا وەك قەرد وەریان دەگرێت.

ئەگەر ئەو زیارەتگەرە مامۆستاکەی ڕیسوا کرد ئەوە پێویستە داوا لە ئەندامانی پۆلەکە بکرێت لەسەر هەر کاغەزێك بێت تەواوی قسەکانی زیارەتگەرەکە تۆمار بکەن، چونکە دەشێت ئەو کاغەزە وەك بەڵگەیەك بەکاربهێنرێت و هەر فێرخوازێك ناوی خۆی لەسەر کاغەزەکەی تایبەت بەخۆی دەنووسێت و بە زووترین کات کاغەزەکان کۆدەکرێنەوە، پێویستە یەکسەر پێوەندی بە سەندیکای پیشەیی یان پارێزەرەوە بکرێت ئەگەر بێت و ئەو تێبینییانەی زیارەتگەرەکە دەربڕین کار لە پیشەکەی مامۆستا بکەن یان بیشێوێنن. پێویست بەوەیش ناکات پۆلیس بانگ بکرێت کاتێك هێرشەکە هەر تەنیا بە قسە بێت مەگەر زیارەتگەرەکە لەکاتی ئەو هێرشەیدا هەڕەشەی لێدان لە مامۆستاکە بکات. ئەگەر ئەوە ڕوو بدات ئەو کات دەبێتە دەستدرێژی و ئاکامی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە داوای قەرەبوو بکات لە ماوەی سێ ساڵ لە ڕۆژی ڕوودانی ڕووداوەکەوە.

## 2/4 دزین

ئەگەر هات و شتەکانی فێرگە دزران یان لەناوچوون ئەوە دەستەڵاتی ناوچەیی پابەند نییە قەرەبوویان بکاتەوە ئەگەر دزی کردنەکە لە ناو فێرگەدا ڕووی دا، مەگەر ئەو زیانانەی لە شت و مەکەکانی مامۆستا کەوت بە هۆی هەڵەیەك لە تەلارەکە یان کەمتەرخەمی یەکێك لە فەرمانبەرانی سەر بە دەستەڵاتی ناوچەیی

بێت لەو کاتەی ئەرکەکانی بەڕێوە دەبات.. لەگەڵ ئەوەیشدا دەستەڵاتی ناوچەیی تا بۆی بکرێت بە چاوی سۆزەوە تەماشای ئەو داواکارییانە دەکات.

تەئمین کردنی شت و مەکەکانی ماڵەوەی تایبەت بە مامۆستا ئەو زیانانە دەگرێتەوە کە لە ئاکامی ئاگر کەوتنەوەو دزییەوە دێنە کایەوە مادامەکی ئەو شتانە ڕۆژانە بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێن و بە شێوەیەکی دیکە تەئمینیان لەسەر نەکراوە. ئەگەر شتەکە بەو شێوەیە بوو ئەوە پێویستە بەر لە داواکردنی قەرەبووکردنەوە پۆلیس بانگ بکرێت. ئەگەر هات و مامۆستا لە فێرگە دزی لێ کرا یان شت و مەکەکانی فەوتان ئەوە پێویستە دەست بەجێ پۆلیس بانگ بکرێت و نابێت مامۆستا گوێ لە بەڕێوەبەری فێرگەکە بگرێت ئەگەر لەو بڕوایەدا بێت کە بانگ کردنی پۆلیس لە پلەو پایەی فێرگەکە لە کۆمەڵدا کەم دەکاتەوە ئەو کاتە نەبێت کە بەڕێوەبەر بە خۆی مامۆستاکە قەرەبوو بکاتەوە. واتە هەر مامۆستایەك لەکاتی وانەبێژیدا دزی لێ بکرێت پێویستە لەسەر ئەوە سوور بێت کە یەکسەر پۆلیس بانگ بکرێت، ئەگەر دزی کردنەکە لە کۆتایی دانی بەیانی یان نیوەڕۆدا ڕووی دا، چونکە هەرکاتێك شتەکانی مامۆستا لە فێرگە چوونە دەرەوە ئەو کات هەلی بەدەستهێنانەوەیان کەمتر دەبێتەوە ئەگەر هەر نەبێتە دەگمەن. ئەگەر دزییەکە لە سەرەتای دانی خوێندندا ڕووی دا لە ماوەیەکی کورتدا هەوڵ بدرێت لە ناو فێرگەکەدا بەدەست بهێنرێتەوە بەبێ ئەوەی پێویست بەوە بکات پۆلیس بانگ بکرێت.

## پێنجەم: ناوبانگیەتی

پێویستی ئاگەمان لە پاراستنی ناوبانگیەتی مامۆستا بێت. ئەگەر مامۆستا لە پشتی دەرگەی داخراوەوە بە تەنیا فێرخواز ببینێت بێ ئەوەی کەس گوێی لێیان بێت یان بیانبینێت، ئەوە کاری زۆربەی مامۆستایان دەبێتە شتێکی نەکەردەنی. نابێت زێدەڕۆیی بکەین ئەگەر دوو مامۆستای وەرزش بە تەنیا لە ژووری جل گۆڕین قسە بکەن و دەرگەیان لەخۆیان پێوە دابێت چونکە لەبنەڕەتدا نابێت گریمانەی ڕوودانی شتی ناشایستە بکەین.

هاوکات پێویستە مامۆستایان لە هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ فێرخوازاندا هوشیار بن، چونکە لە ژووری نۆژداری لە فێرگەدا نابێت فێرخواز جلەکانی ژێرەوە داکەنێت ئەگەر کەسێکی دیکەی لە هەمان ڕەگەز ی خۆی لەگەڵ نەبێت تەنیا لە کاتی نائاسایی و ناکاویدا نەبێت. هەروەها نابێت دەرگە دابخرێت ئەگەر مامۆستا و فێرخواز پێکەوە بوون مەگەر نەکرێت لەبەر پێویستییەك خۆ لە دەرگە داخستنەکە ببوێرێت . ئەگەر هەر سکاڵایەك لەبارەی ئەم شتەوە بوو یان سکاڵا لەبارەی ئەم شتەوە بکرێت ئەوە بەرگری کردنێکی باش هەیەو خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دەرگەکە پێوە درابوو بەڵام بە قوفڵ دانەخرابوو.

ساڵ نییە چەندین مامۆستا بە تاوانی دژ بە فێرخوازان تۆمەتبار نەکرێن و ساڵ نییە دەرنەکەوێت کە زۆربەی ئەو تۆمەتانە بێ بنەماو بێ بناغەن. هەندێك جاریش تۆمەت دروست دەکرێت بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەو تۆمەتانە لە ئاکامی خەیاڵی مناڵانەوەیەو ئەوان مەبەستیان لەوە ئەزیەتدان نەبووە کاتێك کەسانی دیکەیان سەبارەت بەو شتە ئاگەدار کردووەتەوە کە لە ڕاستیدا ڕووی نەداوەو باشتر وایە ئەگەری ڕوودانی ئەم شتە تا نزمترین ئاست نزمتر بکرێتەوە، ئەگەرچی هەلی ڕوودانیشی دەگمەنە بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ڕوو بدات. بۆ بەدبەختیش ئەوە دادگە گێڕانەوەی فێرخوازەکە وەردەگرێت کە پشت بە هیچ بەڵگەیەك نابەستێت و گێڕانەوەی مامۆستا وەرناگرێت کە ئەویش پشت بە هیچ بەڵگەیەك نابەستێت. ئەگەر مامۆستا بەوە تۆمەتبار بکرێت کە جۆرە تاوانێکی لە فێرگە ئەنجام داوە، ئەوە باشتر وایە قسەی لە بارەوە نەکرێت تا ڕاوێژکاری بە پارێزەر دەکرێت، چونکە کەسی گرنگ ناچار نییە قسە لەبارەی هەر شتێکەوە لە هەر کاتێکدا بکات تەنانەت بۆ پۆلیسیش. هەمان شت گومانیش دەگرێتەوە ئەگەر تۆمەتبار کردن بێت یان نا، ئەگەر هات و مامۆستا زانی کە هیچ تاوانێکی نەکردووە ئەوە مافی ئەوەی هەیە نکۆڵی لە تۆمەتەکە بکات بەڵام ئەگەر هیچ بەڵگەیەك نەبوو

ئەو کات نکۆڵی لێ کردن باشترین ڕێگەچارە نابێت. باشترین ڕێگەچارە بەردەوام ڕاوێژ پێ کردنی پارێزەرەو باشتریش وایە پارێزەری سەر بە سەندیکای پیشەیی بێت.

## حەوتەمین پاڕ
## دەرەوەی فێرگە

### یەکەم: چالاکی پرۆگرامیانەی زیادکراو

ئەندامانی دەستەی وانەبێژی بەشداری لە چالاکی پرۆگرامیانەی زیادکراو لە نزیکەی هەموو فێرگەکاندا دەکەن. ڕەنگە پارە بۆ یەکێك لە هاوکارەکان کۆ بکرێتەوە لەوانەی فێرگەکە بەجێ دەهێڵن، یان هەر چالاکییەکی تەواو دوور لە فێرگەوە، چ لە کاتی دەوامی فێرگە یان لە دەرەوەی دەوام بێت، چ پیشانگە، یان گەشتی مەیدانی، یان هەر شتێکی لەو جۆرەوە بێت.

هەموو ئەم چالاکییانە لەلایەن هەموو مامۆستا پێوەندیدارەکانەوە خۆویستییە، چونکە ناشێت هیچ مامۆستایەك ناچار بکرێت بەشداری کردن لە پارەکۆکردنەوەدا بکات، یان ئێوارە کۆڕێکی فێرگە بەڕێوە ببات، یان هەر شتێکی دیکە لەگەڵ ئەوەیشدا هەرکە ڕەزامەندی لەسەر ئەنجامدانی چالاکییەکە درا ئەوە دەبێت بەباشترین شێوە ئەنجام بدرێت وەك ئەوەی بڵێیت چالاکییەکی ناخۆویستی بێت. زۆر جار کاتەکانی خوێندن پێوەندییان بە بابەتەکەوە نییە ئەگەر بێت و ئۆردووگەیەك یان پیشانگەیەك ڕێك بخرێت، ئەوە ئەو مامۆستایانەی سەرپەرشتییان دەکەن ئەو کات کاتی کارکردنیان بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر درێژ دەبێتەوە، لەسەرتای دەست پێکردنی چالاکییەکەوە تا کۆتایی دێت، نابێت بۆ نموونە پاش کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆ پشوویان پێ بدرێت تا بە ئارەزووی خۆیان چی دەکەن بیکەن.

### دووەم: پارە کۆکردنەوە

ڕەنگە داوا لە مامۆستا بکرێت پارە کۆبکاتەوەو، ناشێت مامۆستا ئەو کارە بکات بۆ هەر هۆیەك بێت، ڕەنگە لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت سندووقێکی فێرگە یان شێوازێکی دیکەی پارە کۆکردنەوە هەبێت، ئەم شێوازە کە بۆ چەندین ساڵ لە

فێرگەکان لێی ڕاهاتبوون. لەگەڵ ئەوەیشدا ناشێت مامۆستا ناچار بکرێت لە پارەکۆکردنەوە بەردەوام بێت ئەگەر بێت و ئارەزووی لێ نەبێت. هۆیەکەیش ئەوەیە کە ئەو مامۆستایەی پارە کۆدەکاتەوە ئەوە لە پاراستن و ژماردنی پارەکە بەرپرسیار دەبێت . زۆر جاریش هیچ هۆیەك لە ئارادا نابێت مامۆستا بەشداری لە پارە کۆکردنەوەدا نەکات بەڵام ئەگەر ئەو ئامانجەی پەسەند نەبێت کە پارەکەی لە پێناودا کۆدەکرێتەوە ئەوە دەتوانێت بەشداری نەکات و چارەسەریش ئەوەیە کە بەڕێوەبەر کەسێکی دیکە ڕەوانەی پۆلەکە بکات بۆ ئەوەی پارە کۆبکاتەوە.

## 1/2 دوکانی شیرینەمەنی

فێرگە دەتوانێت دوکانێکی شیرینەمەنی بەڕێو ببات بۆ ئەوەی پارە کۆبکاتەوە. ئەو پارەیش وەك هەر پارەیەکی دیکەی فێرگە دەکەوێتە ژێر بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبەری فێرگەکەوە بەچاوپۆشین لەو کەسەی کە دوکانەکە بەڕێوە دەبات، پێویستە ساڵانەیش بە وردی کاری ئەژماردن بکرێت و، ئەو ئەژماردنەیش بۆ پشکنین لەلایەن پشکنەرانەوە ئامادە بێت. هەر خواردنێك لەو دوکانە بفرۆشرێت پێویستە بۆ خواردنی مرۆڤ بشێت وەك هەر دوکانێکی بازرگانی دیکە. ئەگەر وایش نەبوو و یەکێك لە فێرخوازەکان یان باوکی سکاڵای کرد ئەو کات دەشێت بە پێی یاسای خواردن و داوودەرمان بەڕێوەبەر بدرێتە دادگە. بۆیە باشتر وایە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك خۆ لە شتە ئەنبارکراوەکان ڕزگار بکرێت.

ئەگەر کەرەستەیەکی بیانی لەناو هەر خواردنێکدا هەبوو کە دوکان دەیفرۆشێت ئەو کات بەرپرسی دوکانەکە لەو کەرەستەیە بەرپرسیار دەبێت، نەك ئەو کەسەی شتەکە بە کۆ دەفرۆشێت یان کارگەکە کە دروستی کردووە، بۆیە دەشێت سەبارەت بە فرۆشتنی ئەو شتە پرسیاری لێ بکرێت. ڕەنگە بەرپرسی دوکانەکە بەڕێوەبەری فێرگە بە خۆی بێت. ئەگەر ئەگەری دادگەیکردن هەبوو ئەمەیش کارێکە ڕێی تێناچێت ئەوە دەشێت سکاڵا دژ بەو کەسە تۆمار بکرێت شت بۆ فێرگەکە دەهێنێت و ئەوەی پاش ئەو دێت و بەو شێوەیە، بەڵام بەدەگمەن ئەم کارە سوودی دەبێت.

ڕەنگە مامۆستا نەیەوێت لە بەڕێوەبردنی دوکانەکەدا یارمەتی بدات چونکە ئەگەر بۆ نموونە بەهۆی دزیکردنەوە زیان هەبوو ئەو کات دەبێت جیاوازی نێوان ئەو

پارەیەی کە وەریگرتووەو ئەوەی دەبوو وەریبگرێت بیژێرێت. مەترسی زۆر ئەوەیە کە مامۆستا شت لە شتە ئەنبارکراوەکە یان لە داهاتی سندووقەکە بدزێت. ئەگەر شتە ئەنبارکراوەکان نەمێنن ئەو کات زۆر دژوارە بزانرێت کێ دزیونی و ئەگەر بە شێوەیەکی رێك و پێك پارەکە دیار نەمێنێت نەك بە هۆی نەتوانینی فێرخوازانەوە کە یارمەتی دوکانەکە دەدەن مامەڵە بە پارەی وردە بکات ئەو کات زۆر بە ئاسانی تاوانبار دەدۆزرێتەوەو دەشێت بەپێی هانگاوە ئاساییەکانی فێرگە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت. پرۆسەی بەڕێوەبردنی دوکانەکە ئەو برگەیەی تێدا نییە شتە ئەنبارکراوەکان ماوە نا ماوەیەك وەربگیرێن و دەشێت ئەو ئەنبارکراوە بسڕێتەوە کە دزراوە یان ئیکسپایەر بووەو بەهاکەی بخرێتە ناو ئەژماردنەکانەوە، ئەو کەسەیش پێیدا دەچێتەوە لەو ڕووەوە پرسیار ناکات مەگەر برەکان زۆر زۆر بن کە ئەو مامەڵەیان لەگەڵ کرابێت.

### 2/2 فرۆشتن بە شێوازی خۆت و بەختت

پرۆسەی فرۆشتن بەم شێوازە شان بە شانی یەکێك لەو چالاکییانە بەڕێوە دەچێت کە لە کۆتایی هەفتەدا ئەنجام دەدرێن. یان پاش ساڵی خوێندن وەك فیستیڤاڵی هاوینە. لە ڕاستیدا ناشێت ئەم کارە بکرێت تەنیا لە پەراوێزی چالاکییەکی دیکەوە نەبێت وەك ئێوارە کۆڕی باوکان، بەهای خودی چالاکییەکەیش گرنگ نییە، پێویستە بلیتەکانی خۆت و بەختەکە بفرۆشرێت پاشان لە هەمان ئاهەنگدا ناوی ئەو کەسانە ڕابگەینرێت کە بردوویانەتەوە. سنوورێکی دیکەیش هەیە ئەویش ئەوەیە کە کەمترین بڕی ئەو پارەیەی بۆ خەڵاتەکان تەرخان دەکرێت لە دە جونەیە کەمتر نەبێت و پێویستە قازانجەکانیش بۆ ئەو ئامانجە بڕوات کە چالاکییەکەی لە پێناودا سازدراوە پاش ئەوەی تێچووی چالاکییەکەی لێ دەبڕرێت.

### سێیەم: هۆڵی فێرگە

بەکارهێنانی هۆڵی فێرگە بۆ مەبەستگەلێك پێوەندییان بە کات بەسەربردنەوە هەبێت زیانی خۆی هەیە. چونکە دەشێت هۆڵەکە بۆ مەبەستی تایبەت بەکاربهێنرێت پێوەندی بە فێرخوازانی فێرگەکەوە هەبێت بەبێ سزا، پێویست بەوە

ناکات پارە بدرێت بۆ ئەوەی مۆڵەت وەربگیرێت هەندێك کارو چالاکی لە هۆڵەکەدا ئەنجام بدرێت کە مافی بڵاوکردنەوەو نووسینیان لـێ دەکەوێتــەوە وەك شــانۆگەری. هەروەهەا ڕێ نەدراوە هۆڵەکە بۆ هەر چالاکییەك بەکاربێت کە تێیدا بینەران تەنیا فێرخوازان و مامۆستایانی فێرگەکە بن. بەڵام ئەگەر کەسایەتی گشتی وەك باوکان بەشدارییان تێدا کرد ئەو کات ئەو نواندنە دەبێتە گشتی نەك تایبەتی.

یەکــەم جــار دەبێــت مۆڵــەتی هۆڵەکــە وەربگیرێــت بــەوەی کــە بەڕێوەبــەر داواکارییەکی نووسراو پێشکەش بە دادگە بکات ئەویش پێش ئەوەی هەر کارێـك یان میوزیکێك پێشکەش بکرێت. پێویستە نوێنەرێکی فێرگەکە ئامـادەی دادگـە بێت بۆ ئەوەی مۆڵەتەکە وەربگرێت، ئەگەر فێرگەکە بە نیازبوو لەو سـاڵەدا چـەند ئاهەنگێك ســازبدات ئــەوە پێویــستە داواکـاری بــۆ وەرگرتنــی مۆڵــەتی ســاڵانە پێشکەش بکات لە بری ئەوەی مۆڵەت بۆ یەك ئاهەنگ پێــشکەش بکـات و بــەر لەوەی مۆڵەتەکە وەربگرێت ئەفسەرێکی ئاگرکوژێنەوە سەر لە فێرگەکە دەدات بــۆ ئەوەی بەو مەرجانەدا بچێتەوە کە پێویستە هەبن. بــۆ نموونــە قــەوارەی شــوێنەکە دەپێوێت کە بینەرانی لێ دادەنیشن، پاشان دیاریکردنی ئاستی ئەو ژمارەیەی کـە پێویستە ئامادەبن و لەسەر ئەوەیش مکوڕ دەبێت کە پێویستە بەلایەنی کەمــەوە هەر گرووپەو لە سێ کورســی پێــك بێــت و تونـد پێکــەوە بەســترابن و، شــانۆکە دەپشکنێت و، دەشتوانێت پێداگیری لەســەر ئــەوە بکـات کــە پــەردەی شــانۆکەو دیکۆرەکە لە کەرەستەیەك دروست کرابن ئاگر نەگرن، ڕەنگە هەمان ئەو ئەفــسەرە لەکاتی ئاهەنگەکەدا سەر لــە فێرگەکــە بــدات و ئەگــەر هــەر سەرپێــچییەك بــە پێــچەوانەی ڕێنوێنییەکانــەوە ببینێــت ئــەوە دەســتەڵاتی ئــەوەی هەیــە یەکــسەر نمایشەکە ڕابگرێت و داوا لە هەمووان بکات شوێنەکە چۆڵ بکەن.

ڕەنگە پێویست نەکات مۆڵــەت بــۆ ســازدانی هەنــدێك بۆنــەی ســاکاری کــات بەسەربردن وەربگیرێت کە گرووپێکی بچووکی فەرمانبەران پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکــی وانەخوێندن سازی بکەن، هەروەها ڕێ لە باوکان ناگیرێت لــە ئاهــەنگی ســاڵانەدا ئامادەبن لەگەڵ ئامــادەبوونی ژمارەیــەکی باشــی مامۆســتایان و فێرخــوازان بــە شێوەیەك بتوانن هەموویان لە تەلارەکە ببرێنە دەرەوە ئەگەر ئاگر بکەوێتــەوە، بــۆ ســازدانی ئاهــەنگێکی میوزیــك کــە فێرخــوازان و هاوڕێکانیــان ســازی دەدەن و ژمارەیەکی زۆریان ئامادەی دەبن پێویستە مۆڵەت وەربگیرێت.

**چوارەم: مافی بڵاوکردنەوەو نووسین**

نابێت ئـەو کارانــە لەبـەردەم تێکـڕای خەڵکـدا پێـشکەش بکـرێن کـە مـافی بڵاوکردنەوەو نووسین دەیانگرێتەوە ئەو کاتە نەبێت کە پارە لە بری ئەو مافانە بـە خاوەنەکانیان بدرێت، شتێکی دەگمەنیشە ئەو مافانە زۆر گران بـن، بـەڵام ئەگـەر خاوەنی ئەو مافانە بۆی دەربکەوێت کە کارەکانی بێ مۆڵەت لـێ وەرگرتنـی ئـەو پێشکەش کراون ئەوە ئەو کـات زۆر لـەوە بـەرزتر دەبێـت چـونکە ڕەنگـە داوای قەرەبوو بکات.

مافی بڵاوکردنەوەو نووسین کاری میوزیك و کاری نووسراو دەگرێتەوەو لە ماوەی ژیانی ئاوازدانەرو نووسەرو دانەرو پاش پەنجا ساڵ دوای مردنیشی بەردەوام دەبێت. بەم شێوەیە ئەگەر ئاوازدانەر یان نووسەرو دانەر بەر لە پەنجا سـاڵ مردبێـت ئـەوە هیچ پارەیەك بەرانبەر بەو مافە نادرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر بێت و سـەبارەت بە پارچەیەکی میوزیك ڕێککەوتنێکی تایبەت هەبوو ئەوە خاوەنی ئەو ڕێککەوتنە ڕەنگە پـێش ماوەیـەکی دوورو درێـژ نـەمردبێت ئـەوە ئاکـام ئـەو مافـەی هـەر دەمێنێت. ئەو کاتە باشتر وایە فێرەگەکە ڕاوێژ بە کۆمەڵەی مافەکانی ڕایەکان لـە لەندەن بکات.

لـەکاتی بەگەڕخـستنی قـەوانی فۆنـۆگراف پێویـستە مۆڵـەت لـە کۆمەڵـەی ئەداکردنی( فۆنۆگراف) وەربگیرێت، چونکە ئەو بلیتەی لەسەر ئـەو قەوانـە چـاپ کراوە لەسەری نووسراوە ئەم کارە مافی بڵاوکردنەوەو نووسینی هەیـەو نابێـت بـێ مۆڵەت بەگەڕ بخرێت. ئاکام ئەگەر فێرگە ئاهەنگێك بگێڕێت ئەوە پێویسە ڕێکخەر لەوە دڵنیا بێت ئایە وەگەڕخەری قەوانەکە ئەو مۆڵەتەی هەیە، چونکە دەشێت ئەو مۆڵەتە بە دەزگەو بە تاکە کەسانیش بدرێت. بەڵام لە بەدبەختی ئەو مۆڵەتەی کە کۆمەڵەی ئەداکردنی فۆنۆگرافی دەیدات تەنیا مافی وەگەڕخستنی قەوانەکان دەدات و مافی میوزیکی تۆمارکراوی سەر قەوانەکە نـادات. ئـەوە ئـەو کـات کۆمەڵـەی مافەکانی ئەداکردنیش دەتوانێت مۆڵەت بـدات و ئاکـام کارەکـە پێویـست بـەوە دەکمات هەردوو مۆڵەتەکە وەربگیرێن.

ڕەنگە ئەم کارە هەندێك ناخۆشی تێدا بێت بەڵام ئاوازدانەرو دانەرو نووسەران بە هۆی فرۆشتنی کارەکانیانەوە پارەیان دەست دەکەوێت، ئەگەر مافی بڵاوکردنــەوەو نووسین نەبێت ئەو کات هەر کەسەو دەتوانێت کارەکــە بــدزێت و، ئاکـام خـاوەنی کارەکە لەو دەستکەوتانە بێ بەش دەکات کە دەشێت دەستی بکـەوێت.کـاتێکیش ئەو بابەتە بەکاردەهێنرێت کە مافی بڵاوکردنەوەو دابەشـکردنی هەیــە بــێ ئــەوەی لەبری ئەوە پارەی پێویست بدرێت، ئــەوە ئــەو کــارە بــە دزی دادەنرێــت. ئــەوەی پێوەندی بە تۆمارکردن و شریتی کاسێتەوە هەیە ئەوە ئەوەی دروستی دەکــات بــە هیوایە پاش فرۆشتنی پارەی دەست بکەوێت.ئەگەر تۆمارکراوەکان بۆ چەند جارێك بۆ چەند کەسێك وەگەڕ خران ئەوە بەرهەمهێنەری کارەکە دزی لێ دەکرێت، چونکە ئەو کەسانەی بۆ چەند جارێك گوێیان لە تۆمارەکە یان کاسێتەکە بوو دانەیەکی بۆ خۆیان لێ ناکڕن، جا بۆ ئەوەی لە ڕادەی ئەو زیانە گریمـانکراوەی قازانجـەکان کـەم بکەینەوە پێویستە پارەیەکی کەم بەرانبــەر مــافی ئــەداکردنی ئاشـکرایانە بـدەین هەروەها خواستنی کاسێتەکان و کۆپی کردنەوەیان تەنانەت ئەگــەر بــە مەبەسـتی فێرکردن یان بۆ فێرگە بێت ئەوە شتێکی نایاسایییە ئەگەر بێت و مۆڵــەت یــان ڕێ پێدان لەلایەن کۆمەڵەی پاراستنی مافی بڵاوکردنەوەو نووسینەوە وەرنەگیرێت.

لە ساڵی 1979 پیشەسازی فۆنۆگرافی بریتانیا بەشێکی بۆ بەرەنگاربوونــەوەی چەتەگەری بۆ سەر کارە هونەرییەکان دامەزراند بۆ ئەوەی بزانێــت تــا چ ڕادەیــەك کاری کۆپی کردنی نایاســایی کەرەســتە تۆمارکراوەکــان پــەرەی ســەندووەو پــاش هەڵمەتێك کە پێنج مانگی خایاند بڕیارێك لە دادگەی باڵای گەڕان و پــشکنینەوە دەرچوو لەگەڵ زنجیرەیەك هەنگاوی سەرکەوتووانەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو زیانە گەورانەی لە ئاکامی کۆپیکردنەوە دێنە ئاراوە چونکە کارەکە گەیـشتبووە ئاسـتی بێزاری. نابێت لەو بڕوایەدا بین کە هیچ فێرگەیەك کەرەستەی پێوەندیدار بــە مــافی بڵاوکردنەوەو نووسینەوە بێ مۆڵەت کۆپی ناکات چونکە فێرگەیەك ئەوەی کردبــوو بەڵام سزایەکی 1300 جونەیهی دابوو وێڕای تێچووەکانی دیکەیش.

جوانترین قسە کردن سەبارەت بە سەرپێچیکردن لە مافی چاپ و بڵاوکردنەوە لە لایەن سکرتێری کۆمەڵەی بڵاوکەرەوەکانــەوە کــراوە: ئــەو ڕاسـتییەی کــە دەڵێــت شتێکی هەرزانترە کە موڵکایەتی کەسێکی تر بدزیت لەجیاتی ئەوەی بیکڕیت بــە دزینەکە مافەکەی پێ نادەیــت لــە ڕاسـتیدا بــەردەوام شــتەکەت لەســەر هــەزران

نانیشێت. وانەبێژێك لە بواری ئابووریناسیدا ویستی پارێك لە یەكێك لە كتێبەكان بەكاربهێنێت، ئاكام ئەو پارەی بۆ هەر هەموو فێرخوازەكان كۆپی كرد، بەلاَم كاتێك بلاَوكەرەوەكە پێی زانی حسێبێكی بچووكی كردو بۆی دەركەوت كە تێچووی ئەو دانەیەی كتێبەكە كە فێرخوازەكان دەستیان كەوتووە زۆر لە تێچووی ئەو پارە هەرزانترە كە فێرخوازەكان كۆپییان كردووە.

مامۆستا دەتوانێت بەشێكی كتێبێك كۆپی بكات كە لە چوار هەزار وشە یان یەك لە سەر دەی تەواوی كارەكە یان كەمتر كۆپی بكات بەلاَم ئەم مەرجە نایگرێتەوە ئەگەر كارەكە چامەیەك یان كورتە چیرۆكێك یان وتارێك بێت. هەروەها دەشێت چەندین دانە لە كارێكی چاپكراو كۆپی بكرێت بەلاَم بە نووسینی دەست نەك بە ئامێر هەرچی تۆماركردنی بەرنامەی رادیۆو تەلەڤزیۆنە بە مەبەستی فێركردن ئەوە تا رادەیەك بە جۆرێكی جیاواز دادەنرێت، چونكە دەشێت بێ مۆڵەت وەرگرتن ئەو بەرنامانە بۆ مەبەستی فێركردن تۆمار بكرێن، چ هەموویان یان بەشێكیان بە مەرجێك ئەو كاسێتانە بۆ پتر لە ساڵێك هەڵنەگیرێن.

## پێنجەم: سەردانی فێرگە

سەبارەت بە سەردانی دوور لە قوتابخانە ئەوە رێنوێنییەكانی دەستەلاَتی خۆجێیەتی فێركردن ئاماژە بە جێبەجێكردنی رێژەی فێرخوازان بەرانبەر مامۆستایان دەكەن هەروەها رێژەی نێرینەو مێینە لە ئەندامانی دەستەی فێركردن دیاری دەكات ئەویش كاتێك كۆمەڵێك فێرخوازی تێكەلاَو هەبێت لەگەڵ رێ و شوێنە ئەمنییەكانی دیكەدا. دەبێت لە رووی ئەم خاڵەوە پەنا بەر رێنوێنییە خۆجێیەتییەكان ببرێت و رەچاوی بنەما تایبەتییەكان بكرێت ئەوانەی خاوەندانی ئەو شوێنە دایاندەنێن كە فێرخوازان و مامۆستایان بۆ سەردانەكە رووی تێ دەكەن.

رەنگە فێرخوازان، یان مامۆستایان شتێكی بەهادار بدۆزنەوە. لەم بارودۆخەشدا پێویستە دەست بەجێ پۆلیس ئاگەدار بكەنەوە ئەگەر شتەكە كۆن یان نوێ بوو، بەلاَم ئەگەر بێت و كەسێك بە رێكەوت ئەو شتەی لەم ماوەیەدا بزركردبێت و بۆ ماوەی چەند مانگێك داوای نەكردبێتەوە، ئەوە ئەو كەسەی ئەو شتە بدۆزێتەوە ئەو

مافەی هەیە بۆ خۆی ببات. كاتێكیش ئەو شتە یان ئەو پارەیە بە پۆلیس دەدرێت پێویستە لەو ڕووەوە بلیتێك دەستەبەر بكرێت و وەربگیرێت.

هیچ كەسێك ئەو مافەی نییە پاداشت وەربگرێت ئەگەر بێت و شتی بزربووی ئاسایی بدۆزێتەوە مەگەر كۆمپانیای تەئمین پاداشتێكی بۆ ئەوە تەرخان كردبێت، بۆیە لەم بارەدا ئەو كەسەی شتەكەی دۆزیوەتەوە مافی ئەوەی هەیە داوای پاداشت بكات، یان ئەگەر خاوەندی شتەكە كە دۆزراوەتەوە ئارەزوو بكات ئەو كەسە پاداشت بكات كە شتەكەی دۆزیوەتەوە.

ئەو شتانەی لە دەزگەكانی هێڵی شەمەندەفەردا دەدۆزرێنەوە جیاوازییان هەیە. ئەگەر شتگەلێكی بایەخداربوون ئەوە پێویستە ڕادەستی بەڕێوەبەری وێستگەكە بكرێن، بەڵام ئەگەر خاوەندەكانیان نەدۆزرایەوە ئەو كات دەبنە موڵكی هێڵی شەمەندەفەری بریتانیا نەك موڵكی ئەو كەسەی دۆزیونیەتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر ئەو شتەی دۆزراوەتەوە كۆن بێت و لە زێڕ یان زیو دروست كرابێت، ڕەنگە گەنجینەیەك بووبێت و بە ڕێكەوت دۆزرابێتەوە ( لە ئوسكۆتلەندا ئەم شتانە بە گەنجینەی ڕێكەوت دادەنرێن) گەنجینەی ڕێكەوتیش لە شتی دیاریكراوی میتاڵی بەهادار پێك دێن كە لە ڕابوردوودا شارراونەتەوە تا كاتێكی دواتر دەست بخرێنەوە، بەڵام خاوەنەكەی نەیتوانیوە دەستی پێ بگات. ئەو شتانە دەبنە موڵكی دەوڵەت بە مەرجێك ئەو كەسەی دۆزیونیەتەوە پاداشت بكرێت و پاداشتەكەی هاوسان بێت بە نرخی شتە دۆزراوەكان لە بازاڕدا بەمەرجێك یەكسەر پۆلیس ئاگەدار بكاتەوە. لەگەڵ تێبینی كردنی ئەوەی كە دواخستنی ئاگەداركردنەوەی پۆلیس بەبێ هۆكار ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی ئەو كەسە پاداشت نەكرێت كە دۆزیونییەتەوە.

هەر گەنجینەیەك شارزابێتەوە (لە دەرەوەی ئوسكۆتلەندا) موڵكی خاوەند زەوییەكەیە نەك ئەوەی دۆزیویەتییەوەو تەنیا لێكۆڵەریش دەستەڵاتی حوكم دانی بەسەر ئەو شتگەلەدا هەیە كە دەدۆزرێنەوە ئەگەر بە گەنجینەی ڕێكەوت بژمێرڕێن یان نا.

پێویستە فێرخوازان لە كاتی دەرچوون بۆ هەر گەشتێكی فێرگە لە مەترسییە زانراوەكانی وەك تاوێرو لێواری بەرزاییەكان ئاگەدار بكرێنەوە. ئەگەر هات و شتێكی ئاسایی بوو بە قەد ئەو شوێنانەدا هەڵبزنێن بۆ نموونە ئەگەر دەروازەیەك

هەبێت، بۆیە دەبێت فێرخوازان هوشیار بکرێنەوە بەڵام ئەگەر تا ڕادەیەك بە تەمەن گەورەتر بوون، ئەو کات نابێت ڕێیان لێ بگیرێت.

## شەشەم: سەردانی یەکدی کردن

ناوە ناوە سەردانی یەکدی دەکرێت وەك ئەوەی فێرخوازانی فێرگەیەکی بیانی سەر لە فێرخوازانی بریتانی دەدەن کە ئەمانیش لەلای خۆیانەوە بۆ دەرەوەی وڵات سەردانیان دەکەنەوە. بۆ ئەوەی خۆمان لە ئەگەری ئاڵۆزی ئەم شتە دوور بگرین پێویستە بەڕێوەبەری فێرگە بۆ باوك و دایکانی فێرخوازانی روونی بکاتەوە کە فێرگە لە ڕابواردن و هەڵس و کەوتی فێرخوازەکان لە گەشتێکدا بەرپرس نییە کاتێك بەشداری لە چالاکییەکدا ناکەن فێرگەکە بە خۆی ڕێکی دەخات، هەروەها فێرگە لە ڕادەی گونجاوی بەشداربووانی گەشتەکە بەرپرس نییە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە ئەو فێرخوازانە سوود لە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی نەتەوەیی و چارەسەری پزیشکی و چارەسەری ددان لە باری نائاساییدا وەردەگرن لەو گەشتانەی بۆ دەرەوە دەکرێن چ ئەوانەی یەك ڕۆژ یان پتر دەخایەنن. ئەم گەشتانەیش چەند داوێکیان تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە تا ڕادەیەکی باش هوشیار نەبن. بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی ورد لە رووی پارە دابین کردنەوە لێیان بکۆڵرێتەوە. لە یەکێك لەو سەردانانەدا مامۆستایەك کۆچی دوایی کرد. ئەوەی سەردانەکەی ڕێك خستبوو نەیتوانی پارەی پێویست بۆ ئەو رووداوە دابین بکات بۆیە پێویستی کرد لە گیرفانی خۆی تێچووی هێنانەوەی تەرمەکە بدات.

ئەو گەشتە بیانییانەی کە پتر لە یەك ڕۆژ درێژە ناکێشن پێویستیان بە پاسپۆرت نییە بەڵام تەنیا ناسنامەیەك بۆ هەر ئەندام لە ئەندامانی فێرگەکە بەسە. سەبارەت بەو گەشتەی کە بۆ ماوەیەکی درێژتر بەردەوام دەبێت ئەوە بەرپرسی گەشتەکەو هەر کەسێکی بەتەمەن گەورەتر پێویستیان بە پاسپۆرتە. دەشتێت پاسپۆرتێکی بە کۆمەڵ بۆ هەموو فێرخوازەکانی تەمەن لە خوار شازدە ساڵانەوە وەربگیرێت کە لە هەمان گەشتدا بەشدارن. سەبارەت بەو فێرخوازانەیش کە تەمەنی شازدە ساڵان تێدەپەڕێنن لەو کاتەی لە دەرەوەن و ناویان لە پاسپۆرتە بەکۆمەڵەکەدایە ئەوە پێویستە هەر یەکەیان ناسنامەیەکیان پێ بێت وێنەی خۆیانی لەسەر بێت و بەڕێوەبەری فێرگەکە مۆری کردبێت. دەشێت سەبارەت بە چۆنیەتی دەرکردنی پاسپۆرت وردەکاری تەواو لە هەر نووسینگەیەك لە نووسینگەکانی وەزارەتی کار وەربگیرێت و پێویستە پێشتر زانیاری باش سەبارەت بە سەردانە چاوەڕوانکراوەکە وەربگیرێت.

لەکاتی گەڕانەوە لە دەرەوە پێویستە مامۆستا تا بۆی دەکرێت هەوڵ بدات فێرخوازەکانی شتی یاساغ ئاودیو نەکەن. پێویستە لیستێکی بە ناوی ئەو شتانەی

پێ بێت کە فێرخوازان لەگەڵ خۆیاندا هێناویانن لەگەڵ نرخ و ژمارەیانداو ئەو شتانەی کە گومرگیان لێ وەرناگیرێت و ئەو بەربەستیانەی بەسەر هێنانی تووتن و جگەرەو مەیدا سەپێنراون ئەوەیش بە ڕەچاوکردنی تەمەنی فێرخوازەکان.

بۆ ڕێکخستنی ئەو شتانەو بری ئەو شتانەی فێرخوازو مامۆستایان لەگەڵ خۆیان دەیانهێننەوە پێویستە کۆبکرێنەوەو سەرلەنوێ بەسەر بەشداربووانی گەشتەکەدا دابەش بکرێنەوە بە شێوەیەك هیچ کامێکیان زیاد لەو قورسییەی پێ نەبێت کە ڕێی پێ دراوە مادامەکێ پابەندی بەربەستییە تایبەتەکان بە تووتن و مەی بوونە، چونکە ئەمەیش خۆدوورگرتنە لە گومرگ کردن نەك خۆلێ دزینەوەی ـ بەلاَم پێویستە دابەشکردنەوەی شتەکان بەر لە گەیشتنی بەشداران بە ناو خاکی بریتانیا بێت (خاکی بریتانیا لە دوورایی سێ میل لە کەنارەوە دەست پێ دەکات. سنووری ئەو سێ میلە لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکە دارێژراوە نەك لە نزیکترین خاڵەوە لەسەر کەنار). شتێکی دیکەیش هەیە ڕەنگە هەندێك لە فێرخوازان دیاری نەکرن و ڕەنگە ئەوانی دیکە ژمارەیەکی زۆرتر لە ڕادەی ڕێ پێ دراو بکڕن. وەك دڵنیایی بوونیش پێویستە بۆ هەر شتەو لە شتە تایبەتەکانی فێرخوازان بلیتێك بە فێرخوازان بدرێت. دەبێت ئەوەیشت لەیاد بێت هەر کاڵایەك بۆ وڵات بهێنرێت بە ئیمتیاز لە گومرگ دەبوررێت نەك بە هەق.

قاچاخی کردن شتێکی تەواو جیاوازە، ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی گەشتەکە نەیتوانی ناوی ئەو کاڵایانە ئاشکرا بکات کە پێویستە گومرگیان لەسەربدات ئەوە ڕەنگە سزاکەی زۆر توندبێت. بەلایەنی کەمەوە ڕەنگ فێرخوازەکە کە خۆی دزیوەتەوە بۆ ماوەیەك دەست بەسەر بکرێت تا لێکۆڵینەوە دەستی پێ دەکرێت ئەمەیش لای خۆیەوە ئەوە دەگەیەنێت پێویستە مامۆستای بەرپرس، کە شوێنی باوك و دایك دەگرێتەوە، لەگەڵ فێرخوازەکەدا بمێنێتەوە تا ئازاد دەکرێت.

ڕەنگە هەندێك ئاڵۆزی ڕوو بدات بە تایبەتی ئەگەر گەشتەکە بە بلیتێکی بەکۆمەڵ بێت ئەمەیش واتای تێچوویەکی کەسیەتی زیاد بۆ ئەو مامۆستاو فێرخوازە دەگەیەنێت کە دەست پێکردنی تەواوی گەشتەکە دوادەخەن تا کێشەکە کۆتایی دێت، یان گەشتەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆو هەر کەسەو لە گیرفانی خۆی ئەنجامی دەدات، بۆیە ئەگەر فەرمانبەری گومرگ گومانی لەوە کرد کە مامۆستا یارمەتی ئەو فێرخوازەی داوە تا خۆی لە گومرگ دزیوەتەوە ئەوە ئاکامەکان زۆر ترسناك دەبن.

**ـ ماویەتی ـ**

# ئاستەنگەكانی فێربوونی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە قۆناغی سەرەتایی لە دیدی مامۆستایانی وانەكەوە

نووسینی: م.ی. نجم عبدالله غالي الموسوي*
وەرگێڕانی: موحسین جەمال سەید ئەحمەد بەرزنجی*

**پوختەی لێكۆڵینەوە**

ئامانجی ئەم لێكۆڵینەوەیە زانینی ئاستەنگەكانی فێربوونی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبییە لەلایەن فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی لە دیدی مامۆستایانی وانەكەوە، لێكۆڵینەوەكە تایبەت بوو بە مامۆستایانی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی میسان بۆ ساڵی خوێندنی 2007ـ2008 .

لە سەرەتای كارەكەدا لێكۆڵەر فۆرمێكی ڕاپرسی ئامادەكرد بۆ زانینی ئاستەنگەكانی فێربوونی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە قۆناغی سەرەتاییدا چین؟ لێكۆڵەر خستیە بەردەم (40) مامۆستای پیاوو ئافرەت، لەبەر ڕۆشنایی ئەم فۆرمی ڕاپرسییەدا لێكۆڵەر ڕوونكردنەوەی كۆتایی داڕێژا كە لێكۆڵەر ڕاستی ڕواڵەتی بۆ دەركەوت كاتێك خستییە بەردەم كۆمەڵێك شارەزاو پسپۆرانی پرۆگرام

و ڕێگەکانی وتنەوەی زمانی عەرەبی و دەروونناسی پەروەردەیی، بە گوێرەی چەسپاندنی بە ڕێگەی دووبارەکردنەوە (Test Re - test) کە پلەی چەسپاوی گەیشتە (0،82) پاش ئەوە لەسەر نموونەی سەرەکی جێبەجێ کرا کە لە (40) مامۆستا پێکهاتبوو، پاش تاوتوێ کردنی زانیارییەکان لەڕووی ئامارەوە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ڕوونیان کردەوە کە کۆمەڵێك ئاستەنگ هەن لەکاتی فێربوونی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە قۆناغی سەرەتاییدا ڕووبەڕووی فێرخوازان دەبنەوە، لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا لێکۆڵەر کۆمەڵێك ڕاسپاردە و پێشنیازی پێشکەش کرد.

## یەکەمین پاڕ
## گرفتی لێکۆڵینەوە

ژمارەیەك لە لێکۆڵەر و بایەخدەر بە توێژینەوەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە ئەم وانەیە چەند ئاستەنگێکی تێدایەو لە ئەنجامی ئەم ئاستەنگانەوە ژمارەیەك لە فێرخوازان لەم وانەیەدا دووچاری لاوازی فێربوون و نزمبوونەوەی ئاستی بەدەستهێنانی زانستی بوونە.

(الهاشمی، 1985) ئاماژەی بەوە کردووە کە زمانی عەرەبی ئاستەنگی زۆری تێدایە بەتایبەت لە ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا. ئەم ڕێزمانە زۆرە پەل هاوێژە کارەکە گرانتر دەکات (الهاشمی، 1985 ل 195).

(حەسەن، 1952) بڕوای وایە کە زۆر لەو فێرخوازانەی شێوازەکانیان ڕاست بووە ئەوە دەربڕینەکانیان بەرزەو توانایان گەشەی سەندووە لە ئاسانترین یاساکانی ڕێزمانیش هەڵە دەکەن (حەسەن،1952 ل6).

(الطعمة، 1972) دووپاتی دەکاتەوە کە گرفتی گرانی یاساکانی ڕێزمان کە فێربووانی قۆناغە جیاوازەکانی فێرکردن بەدەستییەوە دەناڵێنن دیارترین گرفتەکانی فێربوونی زمانی عەرەبین کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە بەدەستهێنانی زمانەوانی و وەرگرتنی زانیاری کردووە(الطعمة، 1972 ل55).

گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لاوازی فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی لە فێربوونی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی سەری هەڵداوە، ئەمەش لە چوارچێوەی سەردانی

ڕاستەوخۆ بۆ هەندێك قوتابخانەو بینینی مامۆستایانی وانەکەو ئاگەداربوونی گوتنەوەی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی و سەرنجدانی ڕێژەکانی دەرچوون کە هاتووەتە خوارەوە بەتایبەتیش لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا.

بەڵام (ئەحمەد، 1985) لەو بڕوایەدایە کە گازەندەی فێربووانی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بەردەوامە بەتایبەتیش سەرەتایی کە وای لە فێربوو کردووە ئارەزووی وانەی زمانی عەرەبی ناکات، لەبەرئەوەی بڕوای وایە کە ڕێزمانەکەی گرانە، کە زانینی ئەو ڕێزمانە بە پێویست دەزانرێت تا لقەکانی دیکەی زمان پەیامی خۆیان بە جێ بگەیەنن (ئەحمەد، 1985 ل 54).

لەمەوە قەوارەی گرفتەکە ڕوون دەبێتەوە ئەویش ئاستەنگەکانی فێربوونی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبییە، چونکە ئاستەنگی ڕاستەقینەن و ڕووبەڕووی فێربووان دەبنەوە، ئەمەیش وای کرد لێکۆڵەر دەست بەم لێکۆڵینەوەیە بکات. ئامانجی لەمەدا ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی گرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی فێرخوازان لەم وانەیەدا و پاراستنی دروستیی زمانی عەرەبییە.

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە

زمان دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە و هۆی بەیەك گەیشتنی نێوان تاك و ئەو کۆمەڵەیە کە تێیدا دەژی و ئامێری گواستنەوەی بیرۆکە و هەست و سۆز و شارەزاییەکانە، بەهۆی زمانەوەیش ئادەمیزاد لە تەواوی بوونەوەران جیادەکرێتەوە. زمان بە بناغەی هەموو شارستانییەتێك دادەنرێت، چونکە بە زمان ئەو شارستانیەتە دروست دەکرێت و بەهۆی زمانیشەوە داهێنراوەکانی بواری زانین و دۆزینەوەو داهێنانەکان دەگوێزرێتەوەو کۆمەڵگەکانیش بەبێ ئەو هەنگاو نانێن (الحمدانی، 1982 ل 5).

هەروەها زمان ئامێری بیرکردنەوەیە، پێوەندی نێوان زمان و بیر پێوەندییەکی بەهێزی پتەوە، لەبەرئەوەی بیرۆکە لە گەشانەوەیدا لەهۆشدا بە گشتی و بڵاوی دەمێنێتەوەو پێویستی بە کۆنترۆڵ و دەستنیشان کردن هەیە، تا ئەم هۆیە دەبینێتەوە کە دەربدەبڕێت چ زمان، یان نیگار، یان نموونە بێت، ڕۆڵی زمان لەم دەربڕینەدا پایەی یەکەمی هەیە و لەبەرئەوە دەوترێت: بیرکردنەوە ئاخاوتنێکی

دەروونییەو ئاخاوتنیش بیرکردنەوەیەکی ئاشکرایە (ئیبراهیم، 1973 ل 43ـ44).

زمانی عەرەبی یەکێك لە زمانە زیندووەکانی جیهانە، زمانی نەتەوەی عەرەبی ئیسلامە و هۆی لێك تێگەیشتنی نێوان تاکەکانی ئەم نەتەوەیەیە، جگە لەوەی زمانی قورئانی پیرۆزە، خودای گەورە فەرموویەتی: ((إنّا أنزلناه قرءناً عربياً لعلّكم تعقلون)) (سوورەتی یووسف: ئایەتی 2)، چونکە ئەو زمانەیە کە خوا پلەو پایەی پێ بەخشیوە تا ببێتە زمانی سرووش و پەیام.

لەڕووی بایەخدان بە زمانی عەرەبی و وەفاداری بۆ ئەم زمانە لەم ڕۆژگارەدا ئەو ئاستەنگانە دەستنیشان بکرێن ڕێ لە فێرکردن و فێربوونی دەگرن بە هەموو لقەکانیەوە، لەگەڵ نەهێشتنی ئەو ئاستەنگانە (ئەلعەززاوی، 1984 ل 20).

بۆیە پێویستە زمانی عەرەبی بپارێزرێت و بایەخی پێ بدرێت، ئەو ئاستەنگانە ڕوون بکرێنەوە کە دێنە ڕێگەی و کار بۆ دەستنیشان کردنیان بکرێت و خاڵە لاوازەکان دیاری بکرێن و چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی زەمینە بۆ نەهێشتنیان خۆش بکرێت.

ڕێزمانی زمانی عەرەبی بە یەکێك لە لقە گرنگەکانی زمانی عەرەبی دەژمێررێت کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب بایەخیان پێداوە، چونکە ڕێزمان کۆمەڵێك لەو کۆنترۆلکارانەیە پێوەندییان بە کۆنترۆڵی وشەو ڕستەکانەوە هەیە، بەشێوەیەك یاریدەی تێگەیشتن دەدات و کرداری بەیەك گەیشتن ئاسان دەکات و واتای داواکراو بەدەستەوە دەدات.

ئەوەی کە لەسەری کۆکن کە ڕێزمانی عەرەبی بە بڕبڕەی پشتی زمانی عەرەبی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی بە ڕێزمان دروستکردنی ڕستەو شوێنی وشەو واتاو ڕاستییەکەی دەستنیشان دەکرێن، چونکە زمانی عەرەبی زمانێکی شیکارییە و لە تێگەیشتنی واتاکەیدا پشت بە جووڵە و سەرو بۆرو ژێری وشەکان دەبەسترێت (الخياط، 1982 ل 72).

لە لقە جیاوازەکانی زمانی عەرەبیدا ڕێزمانی عەرەبی بایەخێکی گەورەی هەیە و (دی بور) باسی ئەوە دەکات کە لە پاشماوە نایابەکانی هزری عەرەبە و دەشێت عەرەب شانازی پێوە بکەن (دی بور، 1980 ل3).

چونکە پێویستە هەموو زمانێك لە زمانەکان ڕێزمان و پێوەری زمانی تێدابێت، کە دەتوانیت زمانەکە ڕێك بخات و وای لێبکات خەڵك لێی بگەن. ئەگەر ئەو ڕێکار و پێوەرانە نەبن کە سروشتی زمانی عەرەبی و پێویستی مامەڵە پێکردنی نێوان ئەوانەی قسەی پێدەکەن، ئەوە زۆر گران بوو واتاکە بە دروستی و ڕوونی بگاتە هۆشی بیسەر، یان خوێنەر (وەزارەتی پەروەردە، 1989 ل 118).

**جا بە گوێرەی ئەوەی لە پێشەوە باسکرا گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:**

1ـ ڕێزمانی زمانی عەرەبی گرنگییەکی گەورەی هەیە لەبەر ئەوەی دەکۆشێت زمانی فێرخوازان ڕاست بکاتەوەو وایان لێ بکات لە دارشتنی ڕستەکان بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ڕابێن.

2ـ سوود بەخشین بە لایەنە پێوەندیدارەکانی وەزارەتی پەروەردە لەو ئەنجامانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەدی دەهێنێت.

3ـ گرنگی قۆناغی سەرەتایی و جیاوازی لەگەڵ قۆناغەکانی دیکەی خوێندن، لەبەر ئەوەی بەردی بناغەیە و یەکێکە لە یەکەمین خشتی پەیژەی فێرکردن، چونکە سەرکەوتنی فێرخوازان لە قۆناغەکانی دواتری خوێندن لەسەر ئەو قۆناغە دەوەستێت.

4ـ هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئاستەنگەکانی فێربوونی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لەپێناو ئاسانکردنی فێربوونی و نەهێشتنی ئاڵۆزی تێدا.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

**ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە:** زانینی دژوارییەکانی فێربوونی بابەتی ڕێزمانی زمانی عەرەبییە لە قۆناغی سەرەتایی لە دیدی مامۆستایانی وانەکەوە.

## سنووری لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوە تایبەتە بە مامۆستایانی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەی میسان، ساڵی خوێندنی 2007ـ 2008.

### دەستنیشانکردنی زاراوەکان

**یەکەم: گرانی (دژواری)**

ـ (cood ،1974) پێناسەی کرد بەوەی کەـ بارێکی بایەخدار، یان شڵەژانێکی ڕاستەقینە، یان دەستکردە کە چارەسەرکردنی پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ هەیە. (cood ،1974 p: 438).

ـ (الدفاعی، 1988) بەو شێوە پێناسەی کرد بەوەی کە: بەربەستێکە سەرسوڕمان لای فێرخوازان دروست دەکات و هەولێکی تاکی یان بە کۆمەڵی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەخوازێت (الدفاعی، 1988 ل61).

پێناسەی هەنگاو هاویشتن:ـ ئەو بەربەستانەیە کە ڕووبەڕووی فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی دەبنەوەو ناهێڵن فێری بابەتی ڕێزمانی زمانی عەرەبی بن بەشێوەیەك کاریگەرییەکی نێگەتیڤانە لە ئاستی زانستییان دەکەن وەك ئامرازی ئەم لێکۆڵینەوەیە (ڕاپرسی)یە دەستنیشانی دەکات.

**دووەم: فێربوون:**

ـ (الحیلە، 2000) پێناسەی کردووە کە: پێداگیری ڕێکوپێکی شارەزاییەکانە کە یاریدەی فێرخواز دەدات گۆڕانکاری ویستراو لە ڕاپەڕاندندا بەدی بێنێت (الحیلە، 2000 ل77).

ـ (مەرعی و الحیلە، 2002) بەو شێوەیە پێناسەیان کردووە کە: چالاکییەکی بەردەوامە ئامانجی ئەوەیە فێرخواز بورووژێنێت و فێرکردن ئاسان بکات، کە کۆمەڵێك چالاکی و بڕیاری لەخۆ گرتووە، مامۆستا، یان فێرخواز لە هەڵوێستی فێرکردنی وەریان دەگرێت (الحیلە و مەرعی، 2002 ل 21).

ـ پێناسەی هەنگاو هاویشتن: کردارێکی گۆڕانکاری پۆزەتیڤانەیە لە ڕەفتاری فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی لە بابەتی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لەپێناو بەرزکردنەوەی بەدەستهێنانی زانستی لە ئاستێکی نزمەوە بۆ ئاستێکی دیکەی بەرزتر.

**سێیەم: ڕێزمانی زمانی عەرەبی:**

ـ (ئیبراهیم، 2002) پێناسەی کردووە کە: زانستێکە لە زانستەکانی زمانی عەرەبی باری وشە عەرەبییەکانی لەبارەی شیکردنەوەو دروست کردنەوە پێ دەزانرێت و ئەو گۆڕانانە بەخۆوە دەبینن لەگەڵ پێوەندییان بە وشەکانی دیکەوە. لەوە دەکۆڵێتەوە کە چ پێویستە لە کۆتایی وشەکەوە هەبێت لە سەرو بۆرو ژێرو کپ بوون (ئیبراهیم، 2002 ل7).

ـ (الحموز، 2002) یش پێناسەی کردووە: زانستێکە تایبەتە بە توێژینەوەی وشەو ئەو گۆڕانەی بەسەریدا دێت لە ڕووی پێکهێنان، یان ئەوەی بە ڕستەی بەسوود ناودەنرێت (الحموز، 2002 ل23).

پێناسەی هەنگاو هاویشتن: ئەو بابەتە ڕێزمانییە بڕیار دراوە فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی عیراق بیخوێنن و کتێبەکانی پرۆگرامەکان لەخۆیان دەگرن کە بۆ ئەو بابەتە تەرخان کراون.

**چوارەم: قۆناغی سەرەتایی**

ـ (ئەحمەد، 2000) بەو شێوەیە پێناسەی کردووە کە: قۆناغێکی خوێندنی گرنگە ئەو توانایانە بۆ پێگەیشتوو دەستەبەر دەکات کە لە ڕۆژگاری ئایندەدا پشتیان پێدەبەستێت و لەسەر بەردەوامی فێربوونی لە قۆناغەکانی دیکەی خوێندن یارمەتی دەدەن و بۆ ئەو ژیانەی ئامادە دەکەن کە پێویستی بە کارامەییە لە جێبەجێکردن و وردی لە دەربڕین و دانسقەیی لە قسەکردندا دەکات (ئەحمەد، 2000 ل91).

ـ (الشبلی، 2000) پێناسەی کردووە کە:ـ یەکەمین ئاستی قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتییە لە عیراق کە کار بۆ ئەوە دەکات فێرخواز بکاتە ئەندامێکی کاریگەر لە کۆمەڵەکەیدا (الشبلی، 2000 ل31).

ـ پێناسەی جێبەجێکاری: یەکەمین قۆناغی پەیژەی سیستمی فێرکردنە لە عیراق و کە تەوزیمی و بە خۆڕاییەو شەش ساڵ دەخایەنێت و لەوانەیە قۆناغی باخچەی ساوایانی پێش بکەوێت.

## دووەمین پاڕ

## باکگراوەندی تیۆری

چەمکی ڕێزمانی زمانی عەرەبی: وشەی ڕێزمان بە واتای جیاواز هاتووە لەوانە ئەوەی (إبن زکریا، ب ت) باسیان کردووە کە بنەماکانی ماڵ: بناغەیەتی و بنەماکانی کەژاوەی حوشتر چوار تەختەی ڕێگرن لە خوارەوەی (إبن زکریا، ب ت، ل 108).

زوبەیدی باسی ئەوە دەکات کە بنەما بناغەی بنچینەکانەو بنەمای دینگەکانی ئەو تەلارەیە کە نۆژەن دەکرێتەوە (الزبیدی، 1996 ل 60).

بەڵام چەمکی ڕێزمان وەك زاراوە (السکاکی، 1983) پێناسەی دەکات کە زانینی چۆنیەتی داڕشتنی نێوان وشەکانە، بە ئەنجامدانی ئەسڵی واتاکە، بەشێوەیەکی ڕەها لە ئاخاوتنی عەرەبەوە هەڵقوڵاون و لەو پێوەرانەوە وەرگیراون کە لەگەڵ ئەو یاسایانەی پشتیان پێدەبەستن (السکاکی، 1983 ل 75).

لەبەرئەوەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی زانستێکە لەبارەکانی ڕستەی عەرەبی دەکۆڵێتەوەو پێوەری ئاخاوتنە، عەرەب بایەخیان پێداوەو لەپێناو ئاسانکردنی فێربوونی و ئاسانکردنی تێگەیشتنی هەوڵی زۆریان داوە، لەوەیش زۆر لەو توێژینەوانە دەبینین کە هەوڵی خستنەڕووی پرەنسیپی نوێکردنەوەی ڕێزمانی عەرەبی دەدەن، ئەمەش لە پرەنسیپی ئاسانکردنی ڕێزمانی عەرەبی، یان خستنەڕووی بەشێوەیەکی نوێ و ئاسان و ڕەوانەوە سەری هەڵداوە.

## ئامانجەکانی گوتنەوەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی

(الدليمى و حسين، 1999) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کۆمەڵێك ئامانجی گشتی لە گوتنەوەی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە قۆناغی سەرەتاییدا هەن، کە ئەمانەی خوارەوەن:

1ـ ڕاهێنانی فێربوو لەسەر ڕاستی دەرهێنانی پیتەکان لە دەرچە ڕاستەکانیاندا.

2ـ ڕاهێنانی فێربوو لەسەر ئەوەی یاسا ڕێزمانییەکانی پێوەندیدار بە داڕشتنی وشەو ساغی دروست کردنیان بزانیت، تا بتوانێت بەشێوەی دروست گۆیان بکات و واتای گونجاویان پێ دەربڕێت.

3ـ پەرەپێدانی توانای فێربوو بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆتایی وشەکان و زانینی کاریگەری ئەو فاکتەرانەی دەچنە سەریان و کاریگەری کۆنترۆڵکردنی واتا و ئەرکی وشەکە.

4ـ فێربوو بە تواناتر بکرێت کە هەست بە ئەرکی وشە لە ڕستەدا و کاریگەری شوێنەکەی بکات لە واتا و دەستنیشانکردنی واتای ڕستەکە.

5ـ فێربوو فێری جیاوازییە واتاییەکانی نێوان ئەم ڕستە و یەکێکی دیکە بکرێت و توانای ئەوەی هەبێت ڕستەکە تێ بگات و کاریگەری داڕشتنی لە دەستنیشان کردنی واتاکەی بزانێت.

6ـ پەرەپێدانی توانای دەربڕین و بەکارهێنانی وشەی جوان و گونجاو بۆ ئەو واتاو بیرۆکانەی دەیەوێت دەریانبڕێت.

7ـ فێرکردنی جیاوازییە دەلالییەکانی شێوە جیاوازییەکانی یەك وشە (الدليمى و حسين، 1999 ل 66).

## ڕێگەکانی گوتنەوەی ڕێزمانی عەرەبی

کۆمەڵێك ڕێگەی گوتنەوەی تایبەت بە ڕێزمانی زمانی عەرەبی هەن کە مامۆستایانی ئەو وانەیە دەتوانن بەکاری بێنن، دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

1ـ ڕێگەی تێبینکاری: ئەویش ڕێگەیەکی وانە گوتنەوەیە لەسەر پرەنسیپی گواستنەوە لە بەشەوە بۆ گشت دامەزراوە، واتە کۆمەڵێك نموونە دەدەیت پاشان بەرەبەرە دەگەیتە ڕێزمانەکە.

بناغەی ئەم ڕێگەیە تێبینکارییە کە دەکرێت پێناسەی بکرێت بەوەی کە تێبینی کردنی دیاردەکەیە، تێبینی کردنێکی زانستی لەسەر چەند گریمانەیەك دامەزراوە، پاشان لێکۆڵینەوەی ئەم گریمانانە تا بەو ئەنجامانە بگەین کە دیاردەکە دەیانسەپێنێت. (أستیتیە، 2001 ل 115).

تێبینکاری وەدەستهێنانی دەرئەنجامە گشتییەکانە لەبەشەکان بە واتای ئەوەی گەیشتن بە چارەسەرکردنی گرفتەکە، کە لە بەشێکی دیارکراوەوە دەست پێدەکات پاشان بەستنەوەی بە چەند بەشێکی دیکەوە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی تەواوی گشتی گرفتەکەو پشت بە وردەکارییەکان دەبەستێت. (سەلامە و عبداللە 2002 ل 23).

2ـ ڕێگەی پێوانەیی: ڕێگەکە بە گشتی ناودەبرێت و پێچەوانەی ڕێگەی تێبینکارییە لە وانەگوتنەوەدا، لەبەر ئەوەی لە وانە گوتنەوەدا پشت بە بیرۆکەی گواستنەوە لە گشتەوە بۆ بەش دەبەستێت، کەواتە بنەما ڕێزمانییە سەرەکییەکە بەدەستەوە دەدات پاشان دەچێتە سەر نموونەکان.

پێوانەیش کردارێکی هزرییە بیرکردنەوەی تێدایە لە ڕاستییە گشتییەکانەوە دەچێتە سەر ڕاستییە بەشەکان، یان لە یاساوە بۆ بارە تایبەتەکان و لە پرەنسیپەکانەوە بۆ ئەنجامەکان (الجبان، 2003 ل 100ـ101).

3ـ ڕێگەی پەیداکردنی هەڵوێست و دەرخستنی پێویستی بە دەربڕین: ئەمەیش لەسەر ئەوە وەستاوە کە مامۆستا هەڵوێستێك دەخاتە ڕوو قوتابی پێویستی بە داڕشتنی هەندێك ڕستە دەبێت، بۆ ئەوەی ئەم هەڵوێستە دەربڕێت، جا ئەگەر مامۆستا چەند وێنەیەکی جوانی خستە ڕوو ئەوە هەڵوێستەکە سەرسوڕمان دەبێت، یان چەند ئەسپێك بخاتە ڕوو لە پێشەوە بن تەنیا ئەسپێك، یان دوو ئەسپ پاشکەوتوو بن، ئەوەش دەبێتە هەڵوێستێکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکانی دەرهاوێشتن و بنەمای کارە ڕێزمانییەکەی و ئیدی بەم شێوەیە (الرحیم و ئەوانی دی، 1988 ل 216).

4ـ ڕێگەی دەق: ئەم ڕێگەیە پشت بە دەقێکی هەڵبژێرراوی واتا بە یەکەوە بەستراوی بابەت تەواو دەبەستێت، کە لە بابەتەکانی خوێندنەوە، یان دەقە وێژەییەکان، یان پەرتووکە کۆنەکان وەردەگیرێت، ئەوە ڕێگەیەکە پشت بە دەقێك دەبەستێت کە بیرۆکەیەکی بەیەکەوە بەستراو دەردەبڕێت، ئامانج لەم ڕێگەیە زەمینە خۆش کردنە بۆ ئاراستەی نوێ لە گوتنەوەی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا (الدليمي و حسين، 1999 ل 98 ـ 99).

**توێژینەوەکانی پێشووتر:**

1ـ توێژینەوەی (کبە، 1988):

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئەو گیروگرفتانەیە کە ڕێگە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی گوتنەوەی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی دەگرن لە قۆناغی ناوەندیدا بەپێی دیدی مامۆستایانی وانەکە.

لەبەر ڕۆشنایی فۆرمی ڕاپرسییە والآکەدا لێکۆڵەر فۆرمێکی ڕاپرسی کۆتایی دارشت و بەسەر نموونەی لێکۆڵینەوەکەدا دابەشیکرد، کە ژمارەیان گەیشتە (200) مامۆستا کە هەرەمەکیانە هەڵبژاردبوون، پاش تەواوکردنی داواکراوەکانی لێکۆڵینەوەکە لێکۆڵەر بەم هۆیانەی خوارەوە زانیارییەکانی بەشێوەیەکی ئاماری چارەسەر کرد:

(هاوکێشەی ناوەندی سەرخستراو، ڕێژەی سەدی، شێوازی بەستنەوەی pearson، تاقیکردنەوەی chi – square) توێژینەوەکە کۆمەڵێك ئەنجامی لێ کەوتووەتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

- هەندێك بابەتی ڕێزمانی زمانی عەرەبی بۆ ئاستی هزری قوتابیان گونجاو نییە.
- لاوازی ئاستی دەرچووانی قۆناغی سەرەتایی لە وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی.
- لاوازی پەیڕەوکردنی جیاوازییەکانی تاکەکان لەکاتی هەڵبژاردنی شێوازی فێرکردن.
- فەرامۆش کردنی تاقیکردنەوە وەزارەکییەکان.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا لێکۆڵەر کۆمەڵێك ڕاسپاردەی پێشکەش کردووە لەوانە:

ـ کارکردن بۆ ڕوونکردنەوەی ئامانجە گشتی و ئامانجە تایبەتییەکانی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لەلایەن مامۆستا و لایەنە پێوەندیدارەکانی وەزارەتی پەروەردە و نزیك کردنەوەیان لە ئاستی قوتابیان.

ـ بایەخدان بە بەستنەوەی وردەکارییەکانی ڕێزمان لە پەرتووکەکەدا بە شێوازە عەرەبییە ڕەوانەکانەوە.

2ـ توێژینەوەی (الربیعی، 1989):

ئەم توێژینەوەیە لە عێراق لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی بەغدا ئەنجامدرا و ئامانجی زانینی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی بوو لای قوتابیانی بەشی زانستی لە قۆناغی دواناوەندی (ئامادەیی) وەك مامۆستا هەستی پێ دەکەن و پێشنیازەکانیان لە زاڵ بوون بەسەریاندا چییە، هەروەها زانینی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی وەك قوتابیان هەستی پێ دەکەن و پێشنیازیان بۆ زاڵ بوون بەسەریاندا چییە.

لێکۆڵەر توێژینەوەکەی بە مامۆستایانی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی و قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی پێوەندیدار کرد، نموونەی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە (79) مامۆستا و (560) قوتابی، لێکۆڵەر فۆرمێکی تایبەتی بەسەریاندا دابەش کرد، کە ئامرازی لێکۆڵینەوەکەی بوو، پاش کۆکردنەوەی هەموو فۆرمەکان بەشێوەی ئامار لێیان کۆڵییەوە. ئەویش بە بەکارهێنانی: (شێوازی بەستنەوەی pearson، تاقیکردنەوەی chi – square، هاوکێشەی ناوەندی سەرخستراو، کێشی سەدی). دیارترین ئەو ئەنجامانەی ئەو توێژینەوەیە ڕوونی کردەوە ئەوەبوو کە ئەو کاتەی بۆ گوتنەوەی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی تەرخان کراوە بەش ناکات لەگەڵ کەمی بایەخدان بە ڕاهێنانی ڕێزمان، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا لێکۆڵەر کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی پێشکەش کرد.

3ـ توێژینەوەی (الخزرجی، 1995):

ئەم توێژینەوەیە لە عێراق ئەنجامدراو ئامانجی زانینی ئەو ئاستەنگانە بوو کە ڕووبەڕووی مامۆستا و قوتابیان دەبنەوە، لە گوتنەوەی وانەی زانستی کێش و سەروا، لێکۆڵەر فۆرمی وەك ئامێرێك بۆ پێکانی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بەکارهێنا، نموونەی لێکۆڵینەوەکە بریتی بوو لە دوو بەش:

**یەکەم: مامۆستایان:** ئەوانەی بەشێوەیەکی پڕەکتیکی وانەی زانستی کێش دەڵێنەوە، ئەم نموونەیش گەیشتە (44) مامۆستا.
**دووەم: قوتابیان:** بریتی بوو، لە قوتابیانی بەشەکانی زمانی عەرەبی لە هەردوو کۆلێژی پەروەردە و ئەدەبیات لە زانکۆکانی وڵات، ئەم نموونەیش گەیشتە (550) قوتابی.
لێکۆڵەر ئەم ئامرازانەی خوارەوەی ئاماری بەکارهێنا (شێوازی پێوەندی pearson، تاقیکردنەوەی chi – square، هاوکێشەی ناوەندی سەرخستراو، کێشی سەدی، ڕێژەی سەدی).

**لێکۆڵەر چەند ئەنجامێکی بەدەست هێنا لەوانە:**
ـ بەش نەکردنی ئەو کاتەی بۆ گوتنەوەی ئەم وانەیە تەرخان کراوە.
ـ شێوازی گوتنەوەی وانەی کێش ئاڵۆزو نائاساییە.
ـ قوتابیان ئارەزوویان نییە وانەی کێش بخوێنن.
ـ زۆربەی مامۆستایان ڕابەری وانە گوتنەوەیان نییە.
لەکۆتایی توێژینەوەکەدا لێکۆڵەر کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیازی پێشکەش کرد کە بەشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی وانەی کێشدا دەکەن لەوانەیش:
ـ دەستنیشانکردنی ئامانجی ڕوون بۆ گوتنەوەی بابەتی کێش.
ـ زیادکردنی ساڵانی گوتنەوەی ئەم وانەیە، یان زیادکردنی ئەو کاتەی بۆی تەرخان کراوە.
ـ دروست کردنی تاقیگەی دەنگ لە بەشەکانی زمانی عەرەبی بۆ گوتنەوەی وانەی کێش و بەهۆی ئەوەوە مەشق لەسەر هونەری بڕگە بڕگەکردنی دەنگ بکرێت.
4ـ توێژینەوەی (السلامی، 1998):
ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگەی بەغدا لە عیراق ئەنجامدرا، ئامانجی زانینی ئاستەنگەکانی گوتنەوەی وانەی وێژەو دەقەکان بوو لە دیدی مامۆستایانی وانەکەوە.
لێکۆڵەر فۆرمی وەك ئامرازێك بۆ پێکانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکەی بەکارهێنا، لەسەر نموونەی لێکۆڵینەوەکەی جێبەجێی کرد کە گەیشتبووە (127)

مامۆستا لەوانەی پرەکتیکی وانەی وێژەو دەقەکانی دەڵێنەوە، لێکۆڵەر زانیارییەکانی بەپێی ئامار شیکردەوە بە بەکارهێنانی ئەم هۆیانەی خوارەوە:
(هاوسەنگی ناوەندی سەرخستراو، کێشی سەدی، ڕێژەی سەدی)، لە ئاکامدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی بەدەستهێنا:

ـ زۆربەی مامۆستایانی ئەم وانەیە هەست بە گرانی ئەم وانەیە دەکەن.

ـ زۆربەی قوتابیانی بەشی وێژەیی لە ئامانجەکانی گوتنەوەی ئەم وانەیە ناگەن.

ـ زۆربەی بابەتەکانی وێژەو دەقەکان زۆر لایەنی دەروونی و ئیستێتیکایان فەرامۆش کردووە.

ـ پرسیارەکانی ئەزموونەکان لە داڕشتنی زانستی دروستەوە دوورن.

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا لێکۆڵەر کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیازی پێشکەش کرد کە بە گونجاویان دەبینێت.

**بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:**

1ـ توێژینەوەکانی پێشوو لەبارەی جۆری وانەکەدا جیاوازییان هەبوو، کە دوویان وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبییان وەرگرتبوو وەك توێژینەوەی (کبە، 1988) و توێژینەوەی (الربیعی، 1989) کە ئەمەیان لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەدا دەگونجێت، بەڵام توێژینەوەی (الخزرجی، 1995) وانەی کێشی وەرگرتبوو و توێژینەوەی (السلامی، 1998) وانەی وێژەو دەقەکانی وەرگرتبوو.

2ـ توێژینەوەکانی پێشوو لەڕووی قۆناغی خوێندنەوە جیاوازبوون، لەبەر ئەوەی دوویان توێژینەوەی قۆناغی ناوەندییان کردو ئەوانیش هەریەك لە توێژینەوەی (کبە، 1988) و توێژینەوەی (السلامی، 1998) و دوو توێژینەوەکەی دیکەش توێژینەوەی (الربیعی، 1989) و توێژینەوەی (الخزرجی، 1995) قۆناغی زانکۆیان وەرگرتبوو، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە لە توێژینەوەکانی پێشوو جیاوازە لەبەر ئەوەی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی وەرگرتبوو.

3ـ لێکۆڵەرەکان لە شیکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو ئەم هۆیانەی بواری ئامارییان بەکارهێنا: (بەهاکانی پێوەندی pearson، تاقیکردنەوەی chi square –، هاوکێشەی ناوەندی سەرخستراو، کێشی سەدی، ڕێژەی سەدی) هەرچی ئەو هۆیانەی لێکۆڵەر لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکاریان دەهێنێت ئەمانەن

(بەهاکانی پێوەندی pearson، هاوکێشەی ناوەندی سەرخستراو، کێشی سەدی، ڕێژەی سەدی).

4ـ هەندێك لە توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بوون بە توێژینەوەی ئاستەنگەکان لە دیدی مامۆستایانی وانەکەو قوتابیانەوە وەك: توێژینەوەی (الربیعی، 1989) و توێژینەوەی (الخزرجی، 1995) بەڵام توێژینەوەی (کبە، 1988) و توێژینەوەی (السلامی، 1998) تایبەت بوون بە توێژینەوەی ئاستەنگەکان تەنیا لە دیدی مامۆستایانی وانەکەوە، ئەمەش لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگونجێت کە تایبەت بوو بە مامۆستایانی وانەکە.

5ـ بەڵام ئەوەی پێوەندی بە نموونەی توێژینەوەکانی پێشووەوە هەبوو ئەوە نموونەی توێژینەوەی (کبە، 1988) گەیشتە (200) مامۆستا، بەڵام توێژینەوەی (الربیعی، 1989) مامۆستایان (79) مامۆستاو قوتابیان (560) قوتابی بوون، بەڵام توێژینەوەی (الخزرجی، 1995) پشتی بە (44) مامۆستاو (550) قوتابی بەست و لە کۆتاییدا نموونەی توێژینەوەی (السلامی، 1998) گەیشتە (127) قوتابی، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە نموونەکەی گەیشتە (80) مامۆستا.

## سێیەمین پاڕ
## هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە

لێکۆڵەر لەم بەشەدا ئەو پرۆگرامە دەخاتە ڕوو کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکەی پەیڕەوی کردبوو، وەك خوارەوە:

**یەکەم: کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە:**

پێش هەڵبژاردنی نموونەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە پێویستە لێکۆڵەر باسێکی کۆمەڵگە سەرەکییەکەو خەسڵەتەکانی پێشکەش بکات، لەبەر ئەوەی ناتوانرێت نموونەیەکی گونجاو بەدەست بهێنرێت ئەگەر کۆمەڵگە سەرەکییەکە دەستنیشان نەکرابێت (جابر و کاظم، 1973 ل 232).

( Broq،1981 ) دەڵێت کە ناتوانرێت سوود لە هیچ هۆیەك لە هۆیەکانی هەڵبژاردنی نموونەکان وەربگیرێت هەرچەندە وردی بەکارهێنرابێت ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیەی نموونەکەی لێ وەردەگیرێت بە وردی باس نەکرابێت، لەبەر ئەوەی

هەموو کۆمەڵگەیەك خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە ( Broq، 1981. p.170).

لێکۆڵەر کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکەی بە مامۆستایانی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە قۆناغی سەرەتایی قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگەی میسان دەستنیشان کرد.

**دووەم: نموونەی لێکۆڵینەوە:**

نموونە ئەو بەشەی کۆمەڵگەیە کە بەپێی بنەماو ڕێگەی زانستی هەڵدەبژێررێت، بەمەرجێك بە دروستی نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە بکات (السماك و ئەوانی دی، 1980 ل60).

(الناصر و المرزوك، 1989) لەو بڕوایەدان کە نموونە بەشێکە لە کۆمەڵگە لەبەر ڕۆشنایی چەند بناغەیەکی تایبەت هەڵدەبژێردرێت تا بە ڕاستی نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکە بکات (الناصر و المرزوك، 1989 ل 10). پێویستە کە نموونەکە ڕاستگۆیانە هەموو سیفەتەکانی کۆمەڵگەکە بنوێنێت. ( P.137 . 1988 و Baker).

لێکۆڵەر لە هەڵبژاردنی نموونەی لێکۆڵینەوەکەیدا ڕێگەی هەڕەمەکی بەکارهێنا، ئەمەش لەبەر ئەو لایەنە پۆزەتیڤانەی لە ڕێگەی هەڕەمەکیدا هەیە، کە لە ڕێگەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، ئەوەبوو لێکۆڵەر نموونەی لێکۆڵینەوەکەی تەنیا بە (80) مامۆستا دەستنیشان کرد، بۆ ئەوەی لێکۆڵەر پێناسەیەکی وردی نموونەی لێکۆڵینەوەکەی پێشکەش بکات ئەو لەو بڕوایەدایە کە پێویستە ئەم نموونە وەك خوارەوە باس بکرێت:

1ـ نموونەی ڕا لێوەرگرتن: لێکۆڵەر ئەم نموونەیەی بە (40) مامۆستا دەستنیشان کرد، فۆرمی بەسەردا دابەش کردن کە ئەم پرسیارەی خوارەوەی تێدابوو: ئاستەنگەکانی فێربوونی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە دیدی مامۆستایانی وانەکەوە چین؟

2ـ نموونە ڕەسەنەکە: ژمارەی تاکەکانی ئەم نموونەیە گەیشتە (40) مامۆستا و فۆرمی داخراویان بەسەردا دابەشکرا.

**سێیەم:ـ ئامادەکردنی ئامراز (فۆرم):**

لێکۆڵەر لەم لێکۆڵینەوەدا فۆرمی وەك ئامرازێك ئامادە کرد، بۆ ئەوەی زانیارییە داواکراوەکان بەدەست بهێنێت و ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە بپێکێت. فۆرمیش ئامرازێکە بەشێوەیەکی فراوان لە لێکۆڵینەوە پەروەردەیی و دەروونییەکاندا بەکاردەهێنرێت (فان دالین، 1985 ل 460).

بەکارهێنانی فۆرم بە گرنگترین و وردترین رێگەکانی لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە زانستەکانی پەروەردەدا دادەنرێت، بەتایبەتیش لە لێکۆڵینەوەکانی (إبراهیم، 2000 ل 165).

لێکۆڵەر فۆرمی داخراوی بەگوێرەی ئەو فۆرمە والآیە ئامادەکرد کە ئاراستەی مامۆستایانی وانەی رێزمانی زمانی عەرەبی کرد، ژمارەی بڕگەکانی ئەو فۆرمە گەیشتە (20) بڕگە.

**چوارەم:ـ ڕاستگۆیی ئامراز:**

مەبەست لەوەیە کە ئامێرەکە بتوانێت ئەو شتە بپێوێت کە بۆی دانراوە، بە واتایەکی دیکە ئامرازەکە پێوەندییەکی بەهێزی بەو توانایەوە هەبێت کە دەیپێوێت (عبدالرحمن، 1983 ل223).

ڕاستگۆیی یەکێك لەو پەیوەندییانەیە کە پێویستە لە ئامرازی بەکارهێنراوی لێکۆڵینەوەکەدا هەبێت لەبەر ئەوەی پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئامرازەکە بە ڕاستی دەیپێوێت (عبدالدائم، 1981 ل 355).

بیست (Best و 1891) ئاماژە بەوە دەکات کە باشترین رێگە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی لە چوارچێوەی پیشاندانی بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە بە ژمارەیەك لە شارەزایان، یان دادوەران ئەنجام دەدرێت لە چوارچێوەی خوێندنەوەیان بۆ ئەو بڕگانە (Best و 1891 . p 197).

جا بۆئەوەی لێکۆڵەر لە ڕاستگۆیی ئامرازی لێکۆڵینەوەکەی دڵنیابێت فۆرمی ڕاپرسییەکەی پیشانی کۆمەڵێك لە شارەزایان دا لە بواری رێگەکانی گوتنەوەی زمانی عەرەبی و رێگە گشتییەکانی وانەگوتنەوەو پەروەردەو دەروونزانی، بۆ ڕوونکردنەوەی مەودای گونجاوی بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکەی بۆ پێوانی ئەوەی لە پێناویدا دڕێژراوە، لێکۆڵەر هیچ گۆڕانکارییەکی لە بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکەدا نەکردووە، ئەوەبوو هەموو بڕگەکان ڕێژەی 95٪ یان بەدەستهێنا.

**پێنجەم:ـ جێگیری ئامراز:**

جێگیری ئەوەیە کە ڕاپرسییەکە نزیکەی هەمان دەرئەنجامی لێبکەوێتەوە ئەگەر بێت و دووبارە بەسەر هەمان تاکەکانی کۆمەڵەکەدا جێبەجێ کرایەوە (عبدالرحمن، 1983 ل 198)، ووردبوون لە خەملاندنی خاڵی ڕاستەقینەی تاك لەسەر ئەو بڕگە دەوەستێت کە پێوەرەکە دەیپێوێت، یان مەودای گونجان لە پێوەندی تاك ئەگەر چەند جارێك هەمان پێوەر لەهەمان بارودۆخدا وەربگیرێت (عودەو ملکاوی، 1993).

ئامرازی جێگیر ئەوەیە کە هەمان دەرئەنجام، یان دەرئەنجامی نزیك بە یەك بەدەستەوە دەدات ئەگەر پتر لە جارێك لە بارودۆخی هاوشێوەدا بەکارهێنراو دەتوانرێت جێگیری ئامرازەکە بە دووبارەکردنەوەی ( retest – test – method) بژمێررێت.

مەبەستی جێگیری پێویستە ماوەی نێوان هەنگاوەکانی جێبەجێکردنەکە درێژ نەبێتەوە کە پشکێنراوان پتر گەشە بکەن و پێ بگەن، یان بڕگەکە کورت بێت کە پشکێنراوان هەندێك هەنگاوەکانی ئامرازەکەیان بەبیر بێتەوەو لەیاد بمێنێت (دویدری، 2000 ل 346 – 347 )، هەروەها ئادامز (Adams،1966 ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە ماوەی کاتی نێوان یەکەم و دووەم جێبەجێکردن لە دوو یان سێ هەفتە تێنەپەڕێت (Adams،1966. p.58 ).

لێکۆڵەر فۆرمی زانیارییە داخراوەکەی بەسەر نموونە ڕەسەنەکەی لێکۆڵینەوەکەدا دابەشکردو پاش تێپەڕبوونی (15) ڕۆژ هەمان فۆرمی ڕاپرسی بەسەر هەمان نموونەدا دابەش کردەوە، پاشان لێکۆڵەر دەستی بە پرۆسە ئامارییەکانی کردو بینی کە ڕێژەی جێگیری (0.82)وە ئەمەش ڕێژەیەکی جێگیری گونجاوە (Gronlund، 1981 ،p.125 ).

**شەشەم- پرەکتیزەکردنی ئامرازەکە:**

پاش ئەوەی لێکۆڵەر لە ڕاستگۆیی ئامرازەکەو جێگیرییەکەی دڵنیابوو فۆرمی ڕاپرسییەکە بۆ پرەکتیزەکردن بەسەر تاکەکانی نموونە ڕەسەنەکەدا ئامادەبوو، پاش تەواوبوونی پرەکتیزەکردنی فۆرمەکە لێکۆڵەر پشکنی و وەڵامەکانی لە فۆرمی تایبەتدا نووسییەوە.

**حەفتەم- فاکتەرەکانی ئامار:**

هۆکارەکانی پەیوەستی pearson: لە ژماردنی هۆکارەکانی جێگیری ئامرازەکەدا ئەمەی بەکارهێنرا.

ن مج س ص ــ (مج س) (مج ص)

---

{ر ـ ص2 ـ (مج ص)2 }

کە: (ر) هۆکارەکانی پەیوەستی pearson، (ن) ژمارەی تاکەکای نموونەکە، (س) بەهاکانی گۆڕاوی یەکەم، (ص) بەهاکانی گۆڕاوی دووەم دەنوێنن (ملحم، 2000 ل 119).

2ـ ڕێژەی سەدی: بۆ گۆڕینی دووبارەکردنەوەکانی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە بە ڕێژەی سەدی بەکارهێنرا.

ڕێژەی سەدی = ژمارەی بەشی × 100 / ژمارەی گشتی

(أبو صالح وعوچ، 1983 ل 283).

3ـ ناوەندی سەرخستراوـ لە دۆزینەوەی ناوەندی سەرخستراوی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە بەکارهێنرا.

ناوەندی سەرخستراو = ت م × 3 + ت ل × 2 + ت ك × 1 / مج ت

( 1979.p.44، mayo،kurz ).

کە:ـ

ت م = ژمارەی دووبارەکردنەوەکان لە (ئاستەنگێکی گەورە) بۆ هەر بڕگەیەك.

ت ل= ژمارەی دووبارەکردنەوەکان لە (ئاستەنگێکی مامناوەندی) بۆ هەر بڕگەیەك.

ت ك = ژمارەی دووبارەکردنەوەکان لە (ئاستەنگ نییە) بۆ هەر بڕگەیەك.

مج ت = کۆی دووبارەکردنەوەی نموونەی ڕەسەن دەنوێنێت.

دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە لێکۆڵەر پێوەری (1و 2 و 3)ی بەکارهێنا کە (3)ی بەو بڕگەیە دا کە ئاستەنگێکی گەورە پێکدێنێت، و (2) بەو بڕگەدا ئاستەنگێکی ناوەندی پێکدێنێت، و (1) بەو بڕگەدا کە ئاستەنگ پێك ناهێنێت.

4ـ کێشی سەدی: بۆ زانینی پلەکانی پلەکانی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکان و ڕێکخستنیان بە ڕێژەی بڕگەکانی دیکە بەپێی ئەم یاسایەی خوارەوە:

$$\text{کێشی سەدی} = \frac{\text{ناوەندی سەرخستراو} \times 100}{\text{پلە}}$$

(المشهداني و هرمز، 1989 ل 125).
بەرزترین پلە: مەبەست بەرزترین پلەیە لە پێوەرەکە ئەویش (3) یە.

## چوارەمین پاڕ
## خستنەڕووی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەو گفتوگۆکردن لەسەریان

ئەم بەشە ئەو ئەنجامانە دەخاتەڕوو کە لێکۆڵینەوەکە پێیان گەیشتووەو گفتوگۆیان لەسەر دەکات کە دووبارەکردنەوەی وەڵامدانەوەی مامۆستایان لەسەر بڕگەکانی فۆرمە داخراوەکە ژماردووە، پاشان ناوەندی سەرخستراو بۆ هەر بڕگەیەك و کێشی سەدی ژماردووە، پاشان بڕگەکان (ئاستەنگەکان) ڕێکخستنێکی سەر بەرەو خوار ڕێکخراون، لەبەرزترینیان لە تیژیدا بۆ کەمترینیان، ئەمەی خوارەوەش ئەنجامەکانە:

خشتەی (1) ئاستەنگەکانی فێربوونی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە دیدی مامۆستایانی وانەکەدا ڕوون دەکاتەوە، بەشێوەیەکی سەر بەرەو خوارو بەگوێرەی ناوەندی سەرخستراو و کێشی سەدی ڕێکخراوە.

| پایە | زنجیرەی | بڕگەکان (بە گوێرەی پایە) | ناوەندی | کێشی |
|---|---|---|---|---|

| | برگە | | سەرخستراو | سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 7 | بایەخنەدان بە داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان لە وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا. | 2.6 | ٪93.33 |
| 2 | 1 | لاوازی قوتابیان لە خوێندنەوەو نووسیندا | 2.55 | ٪85 |
| 3 | 18 | دوورکەوتنەوەی زۆر لە مامۆستایان لە هێڵکاری بۆ وانەکە لە بابەتی ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا. | 2.50 | ٪83.33 |
| 4 | 2 | لەبەرکردنی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لەلایەن قوتابیانەوە بەبێ تێگەیشتنی. | 2.48 | ٪82.66 |
| 5 | 19 | نەخستنەڕووی وانەکە بە شێوازێك لەگەڵ ئاستی قوتابیاندا بگونجێت. | 2.36 | ٪78.66 |
| 6 | 4 | بەشە وانەکانی ڕێزمانی زمانی عەرەبی کەمن. | 2.29 | ٪76.66 |
| 7 | 17 | زۆربەی مامۆستایان نازانن ئامانجە گشتییەکانی فێربوونی ڕێزمانی زمانی عەرەبی چییە. | 2.23 | ٪74.33 |
| 8 | 12 | لاوازی بایەخدان بە نموونە ڕاستەقینەکان (هەستییەکان)ی بابەتە ڕێزمانییەکان. | 2.15 | ٪71.66 |
| 9 | 8 | گرانی هەندێك بابەت لە پەرتووکی ڕێزمانی زمانی عەرەبی | 2.07 | ٪69 |
| 10 | 10 | لاوازی ئارەزووی هەندێك قوتابی لە فێربوونی ڕێزمانی زمانی عەرەبی. | 2.00 | ٪66.66 |
| 11 | 14 | لەبەرکردنی یاسا ڕێزمانییەکە بە فێرکردن. | 1.97 | ٪65.66 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 12 | 3 | لاوازی مامۆستا لەبارەی زانینی ڕێگە نوێیەکانی وتنەوەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی. | 1.82 | %60.66 |
| 13 | 20 | پەرتووکی بڕیاردراو لەگەڵ تەمەنی قوتابیاندا ناگونجێت. | 1.77 | %59.66 |
| 14 | 16 | فەرامۆش کردنی کرداری گفتوگۆ لە ژووری پۆلدا. | 1.63 | %54.33 |
| 15 | 9 | هۆیەکانی فێرکردن بەش ناکەن. | 1.61 | %53.66 |
| 16 | 13 | بەشداری پێنەکردنی هەموو قوتابیان لە شیکاری ڕاهێنانەکانی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لەسەر تەختەی ڕەش. | 1.58 | %52.66 |
| 17 | 11 | پشتگوێ خستنی بایەخی ئەرکی ماڵەوە. | 1.51 | %50.33 |
| 18 | 5 | لاوازی توانای قوتابیان لەڕووی پێکهێنانی ڕستەی بەسوودەوە. | 1.47 | %49 |
| 19 | 6 | نەبوونی ڕابەر بۆ فێربوونی ڕێزمانی زمانی عەرەبی. | 1.39 | %46.33 |
| 20 | 15 | دوورکەوتنەوە لە پلە پلە خستنەڕووی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لەلایەن مامۆستاوە. | 1.22 | %40.66 |

## گفتوگۆ لەسەرکردنی ئەنجامەکان

خشتەی (1) (20 بڕگە)ی لەخۆ گرتبوو تیژییەکەی گەیشتە (ناوەندی سەرخستراو) نێوان (2.6 ـ 1.22) و بە کێشی سەدی نێوان (93.33% ـ 40.66%)، ئەو بڕگانەی لێکۆڵەر گفتوگۆیان لەسەر دەکات ئاستەنگە ڕاستەقینەکان دەنوێنن، واتە پلەی تیژی لەسەر ناوەندە (2) و ئەو بڕگانەی لە

مامناوەند کەمترن ئاستەنگ پێك ناهێنن،و کرداری دەرهێنانی ناوەند بەهۆی ئەو پێوەرەی لێکۆڵەر بە فۆرمی ڕاپرسییەکەی داوە،دەبێتە (1+2+3)/3= 2.

1ـ ئەنجامەکان دەریانخست کە بڕگەی (بایەخ نەدان بە داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان) پلەی یەکەم وەردەگرێت ئەویش بە پلەی تیژی (2.6) و بە کێشی سەدی (93.66٪).

ئامانجە ڕەفتارییەکان خاڵی وەرچەرخانن لە کرداری فێرکردن و فێربوون و بریتین لەو ئامانجانەی کە پێویستە فێربوو بەدییان بهێنێت کاتێك بابەتێکی خوێندن تەواو دەبێت (توق و عدس، 1984 ل 19).

جا ئامانجی ڕەفتاری ئامانجێکی کورت خایەنە لەماوەی وانەکەدا بەدی دێت، هەر بابەتێکی خوێندن لەڕێزمانی زمانی عەرەبیدا ئامانجی ڕەفتاری هەن پێویستە مامۆستاکە بەشێوەیەك دایانڕێژێت وایان لێبکات بۆ جێبەجێکردن بگونجێن، تا بتوانێت مەودای ئەوە بپێوێت لەو بەرهەمانەی ئەنجامی داون و لەم بوارەشەوە ئاستی زانستی قوتابیانی پێوانە دەکات.

2ـ زانیارییەکانی خشتەی پێشوو دەریانخست کە بڕگەی (لاوازی قوتابیان لە خوێندنەوەو نووسیندا) بە پلەی دووەم هات بە پلەی تیژی گەیشتە (2.55) و بە کێشی سەدی (85٪).

ئەو قوتابیانەی دووچاری لاوازی خوێندنەوەو نووسین بوونە لەکاتی پێداچوونەوەی وانەکانی ڕۆژانەیاندا گرفتیان هەیە، ئاستی زانستییان لە هەڤاڵانیان کەمتر دەبێت، لەبەر ئەوەی توانای خوێندنەوەو نووسین یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان لە دەرچوونی قوتابیان لە قۆناغی سەرەتاییدا، چونکە ئەو قوتابییەی ناخوێنێتەوەو نانووسێت، ناتوانێت ئەوەی لێی داواکراوە بەشێوەیەکی ڕوون و دروست لە خوێندنی ڕێزمانی زمانی عەرەبی ئەنجامی بدات.

3ـ بڕگەی (دوورکەوتنەوەی زۆر لە مامۆستایان لە پلاندانان بۆ وانەکە) پلەی سێیەمی بەدەستهێنا بە پلەی تیژی (2.50) وە بە کێشی سەدی (83.33٪).

بۆیە مامۆستای کارامە بەردەوامە و چونکە پلان بۆ وانەکانی ڕۆژانەی دادەنێت و لەبەر ڕۆشنایی پرۆگرامی خوێندندا پلان بۆ یەکەکانی خوێندن دادەنێت و پلان بۆ چالاکییە پەروەردەییەکانی هەر وانەیەك و بۆ هەر یەکەیەك دادەنێت و پلان بۆ تاقیکردنەوەکانی دادەنێت (سەلامە، 1995 ل 243).

مەرجە سەرەکییەکانی وانەگوتنەوەی سەرکەوتووی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی ئەوەن کە بەشێوەیەکی بەردەوام پلانی بۆ دارێژرابێت، چونکە پلاندانان ئەو هەنگاوە سەرەکییانە بۆ مامۆستا دەستنیشان دەکات کە لەکاتی چوونە ژووری پۆلەوە تا لێی دێتە دەرەوە پێڕەویان دەکات و زنجیرەی لۆجیکی لە خستنەڕووی وانەکەو پلەپلە ڕوونکردنەوەی پێدەبەخشێت.

4ـ بڕگەی (لەبەرکردنی وانەکە لەلایەن قوتابییانەوە بەبێ تێگەیشتنی) پلەی چوارەمی بەدەستهێنا بە پلەی تیژی (2.48) و بە کێشی سەدی (82.66٪).

ئەم بڕگەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زۆربەی قوتابیان بەبێ تێگەیشتن و پەی پێ بردنی ڕاستی وانە زانستییەکە بەشێوەیەکی میکانیکی لەبەر دەکەن ، چونکە فێربوون سەرکەوتن بەدەست دێنێت و بەتایبەتیش لە قۆناغی سەرەتاییدا کاتێك کار بۆ چەسپاندنی زانیارییە زانستییەکان لە هۆشی قوتابییاندا بکات و بەمەش ڕۆڵی مامۆستا سەرەکی دەبێت لە جێگیرکردنی زانیاری و ڕاستییەکان و هاندانیان لەسەر گەڕاندنەوەیان و سوود وەرگرتن لێیان لەکاتی پێویستی و بەکارهێنانیان لەژیانی ڕۆژانەدا، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت.

5ـ بڕگەی (نەخستنەڕووی وانەکە بەشێوازێك لەگەڵ ئاستی قوتابییاندا بگونجێت) لە ڕیزبەندیدا پلەی پێنجەمی وەرگرت بە پلەی تیژی (2.36) و بە کێشی سەدی (78.66٪).

ڕاستییەکی سەلمێنراو هەیە پێویستە مامۆستا لە یادی نەکات ئەویش هەبوونی جیاوازییە لە نێوان قوتابییاندا، لەبەر ئەوەی لە تەمەن و یادەوەری و زیرەکی و پاڵنەر و پەروەردەی خێزانیان جیاوازە...تاد، ئەمانە وا لە مامۆستا دەکەن کە ڕەچاوی ئەو جیاوازییانە بکات و ئەویش بە جۆراوجۆرکردنی ڕێگەکانی وانەگوتنەوەو پابەندنەبوون بە یەك ڕێگەو جۆراوجۆرکردنی نموونە و ڕاهێنانەکان و خستنەڕوویان بەشێوەیەك لەگەڵ هەموو ئاستەکاندا بگونجێت، تا زانیارییەکانی وانە زانستییەکە لە ئاستی پەی پێ بردنی هەمووواندا بێت.

6ـ بڕگەی (بەشە وانەکانی وانەکە بەش ناکات) بە ڕیزبەندی شەشەم هات بە پلەی تیژی (2.29) و بە کێشی سەدی (76.33٪) ، سروشتی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی پێویستی بە وردەکاری لە ڕاڤەو ڕوونکردنەوەی دوور و درێژ هەیەو ئەو دوو تایبەتمەندییەش وا لە کاتی تەرخانکراوی وانەکە دەکات بەش نەکات، جگە لەوەش

لەهەر بابەتێکدا ڕاهێنانی زۆر هەیەو ئەم ڕاهێنانەش پێویست بە بەشداریکردنی هەموو قوتابیان دەکات بەبێ جیاوازی.

لەبەرئەوەی مامۆستایان پابەندن وانەی خوێندنی بڕیاردراو تەواوبکەن، زۆربەیان لە ڕاڤەی وانە زانستییەکەدا ورد نابن و لە فێرکردنیدا خێرا دەکەن و هەموو ڕاهێنانەکان تەواو ناکەن، تا پرۆگرامی بڕیاردراو لە ساڵی خوێندندا تەواو بکەن.

7ـ بڕگەی (نەزانینی ئامانجە گشتییەکانی فێربوونی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لەلایەن زۆربەی مامۆستایان)ەوە پایەی حەفتەمی بەدەستهێنا کە پلەی تیژی (2.23)ی وەرگرت و بە کێشی سەدی (74.33٪).

ئامانجە گشتییەکان ئامانجی فراوانن و بەدیهێنانیان پێویست بە ماوەیەکی درێژ و هەبوونی پرۆگرامە پەروەردەییە جۆراوجۆرەکان دەکات، بەهەمووشیانەوە ڕێبازی پەروەردەیی کۆمەڵگەکە پێکدەهێنن (الحبان، 2003 ل 59)، چونکە ئامانجە پەروەردەییەکان ئامانجی گشتی و سەرتاسەرین لە فەلسەفەی کۆمەڵگەو پێویستی و ئاواتەکانی وەردەگیرێن، کە پێویستە مامۆستایان لە قۆناغی سەرەتاییدا ئامانجە پەروەردەییە گشتییەکان بۆ فێرکردنی ڕێزمانی زمانی عەرەبی و کارکردن بەگوێرەی توانا بۆ پێکانیان بزانن.

ڕەنگە هۆی ئەم گرانییە بۆ کەم بایەخدانی مامۆستایان بگەڕێتەوە بەوەی بۆیان دارێژراوە لە ئامانجە گشتییەکان و ئەمەش لەبەر ئەوەی ئامانجە گشتییەکان دوور مەودانە، بەڵام ئامانجە تایبەتەکان بایەخ بە ئەنجامی کاتی و کورت خایەن دەدەن، بۆیە دەیانبینین بایەخ بەوەی کۆتاییەکە دەدەن و یەکەمەکە پشتگوێ دەخەن (عاقل، 1971 ل 7).

8ـ بڕگەی (لاوازی بایەخدان بە نموونە واقیعییەکان) ڕیزبەندی هەشتەمی داگیرکرد بە پلەی تیژی (2.15) و بە کێشی سەدی (71.66٪)، قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی پەی بەو شتە هەستکراوانە دەبەن لە ژیانیان و ژینگەیاندا بێت، لێرەدا پێویستە مامۆستاکە بایەخ بەو شتە بدات و نموونەکانی لەوانە بن کە پێوەندییان بە ژیانی قوتابیان و واقیع و دەوروبەریانەوە بێت کە تێیدا دەژین.

9ـ بەڵام بڕگەی (گرانی هەندێك بابەت لە پەرتووکی ڕێزمانی زمانی عەرەبی) ڕیزبەندی نۆیەمی وەرگرت بە پلەی تیژی (2.07) و بە کێشی سەدی (69٪).

هۆی ئەوەش بۆ سروشتی وانەکە بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە و هەموو نامەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە زانکۆییەکان لەم بوارەدا لەسەر گرانی ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا کۆکن، چونکە قوتابی بە شتێکی نامۆی دادەنێت کە پێوەندی لە نێوانی و نێوان هزرو هەست و سۆزی ئەودا نییە، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرانییەشدا پێویستە مامۆستا ڕێگەکانی وانەگوتنەوەی گونجاو بۆ سروشتی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی و سەرکەوتوو بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی وانەکە بە قوتابیان بگەیەنێت و بۆ زیاترکردنی مەشق و ڕاهێنان و تێگەیشتنی وانەکەو دوورکەوتنەوە لە لەبەرکردنی یاسا ڕێزمانییەکە بە فێرکردن، یان بەشێوەیەکی میکانیکی بێزارکەر هانیان بدات.

10ـ بڕگەی (لاوازی ئارەزووی هەندێك قوتابیان لە فێربوونی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی) ڕیزبەندی دەیەمی وەرگرت بە پلەی تیژی (2) و بە کێشی سەدی (66.66٪)، لێکۆڵەر بڕوای وایە کە هۆی ئەم گرانییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆر لە مامۆستایانی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی پەنا بۆ هەڵوێستەکانی فێرکردن نابەن کە ئارەزووی قوتابیان دەورووژێنێت و بەرەو فێربوون هانیان دەدات، وەك بەکارهێنانی ئەو هۆیانەی فێرکردن و پشت بەستن بەو ڕێگەیانەی وانەگوتنەوە فێرخواز دەکەنە تەوەری پرۆسەی فێرکردن.

چونکە لاوازی ئارەزووی فێربوون بەهۆیەك لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی فێرخواز لە فێربوونی هەر وانەیەکی خوێندن دادەنرێت، چونکە وەك زانراوە کە ئارەزوو و پاڵنەر هێزێکن فێرخواز دەجووڵێنن و پاڵی پێوە دەنێن تا کارێك تەواو بکات کە پێی سپێردراوە، ئەم هێزە لە چڕی ئەو هەوڵەی فێرخواز ئەنجامی دەدات یان لە پلەی بەردەوامی لە جێبەجێکردنی زانستی و لە مەودای پێشکەشکردنی باشترین ئەم تواناو کارامەییانەی هەیەتی ڕەنگ دەداتەوە (الزبیر جاوی، 1991 ل 45).

ڕاسپاردەکان: لە ئاکامی ئەو ئەنجامانەی ئەو لێکۆڵینەوەیە پێیان گەیشت، لێکۆڵەر ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:

1ـ ڕاهێنان و نموونەی شیکارکراوی زۆرتر بخرێتە ناو پەرتووکەکانی ڕێزمانی زمانی عەرەبییەوە.

2ـ بایەخدانی مامۆستا بە دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان بۆ هەر بابەتێك لە وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا.

3ـ جەخت کردنەوە لەسەر بایەخی خوێندنەوەو نووسین لە قۆناغی سەرەتاییدا لەبەر ئەوەی کلیلێکە بۆ خوێندنی وانەکانی دیکە.

4ـ خستنەڕووی وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبی بەشێوەیەك وای لێبکات پێوەندی بە ژیانی قوتابیان و شارەزاییەکانی پێشوویانەوە هەبێت لەگەڵ گەشەپێکردنی هەستیان بەوەی کە بابەتێکە سوودێکی گەورەی لەژیانیاندا هەیە.

5ـ بایەخدان بەو ئاستەنگانەی قوتابیانی قۆناغی سەرەتایی لە وانەی ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە و بەدواداچوونی بەکارهێنانی ڕێگە تواناداری و گونجاوەکان بۆ ئەم مەبەستە.

6ـ کارکردن بۆ ئامادەکردنی ڕابەرێکی تایبەت بۆ مامۆستایانی ڕێزمانی زمانی عەرەبی و بەدواداچوونی بەکارهێنانی لەبەر ئەم ڕۆڵە گرنگەی هەیەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئاستەنگانە و ڕزگاربوون لێیان.

پێشنیازەکان: لەئەنجامی ئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێی گەیشتووە بۆیە لێکۆڵەر پێشنیازی ئەمانەی خوارەوە دەکات:

1ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە شیکارکردنی ڕاهێنانەکانی ڕێزمانی زمانی عەرەبی.

2ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بابەتەکانی دیکەی خوێندن وەك ڕێنووس و خۆشنووسی و دەربڕین و خوێندنەوە.

3ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە قۆناغ و پۆلەکانی دیکەی خوێندندا.

4ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئاستی مامۆستایان لە دەرچووی کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەت.

5ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئاستی سەرپەرشتیارە پەروەردەییەکان.

6ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی باسکردن بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لە قۆناغی سەرەتاییدا.

**٭مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی میسان**
**٭شارەزای زمانی عەرەبی و پەروەردەی ئیسلامی و ئایینناسی**
**بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە ـ وەزارەتی پەروەردە**

# کتێبخانەی فێرگە وەك پاڵپشتێکی پرۆگرامەکانی خوێندن

**ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی ژیرۆ***

## ( بەشی سێیەم )

8. جارێکی دیکە بپرسینەوە کتێبخانەکە چی بەدەست هێناوەو دەست کەوتەکانی چین؟

**•چۆن سوود لەهەڵسەنگاندن وەردەگرین؟**

1. ڕاپۆرتێکی نووسراوەی کورت دەربارەی بەها باشەکانو پێداویستییەکانو کێشەو ئاستەنگو تەنگو چەڵەمەکان.
2. دەمەتەقێکردن لەسەر دەرئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکە بەهۆی ئەمینداری کتێبخانەکەو بەڕێوەبەری فێرگەو ئاراستەکار واتە سەرپەرشتیار.
3. بیرکردنەوە لەو چاکگوزارییانەی کە دەشێت بخرێنە سەر سەرچاوە زانیارییەکانی ئێستەو سەرچاوەکانی دیکەی پێویست کە کتێبخانەکە پێویستی پێیان هەیە.
4. ڕووونکردنەوەی دەرئەنجامەکان بۆ تاکو دەستەو گرووپو کۆمەڵەکانی دیکە.
5. گەشەپێدانی پلانی کارکردن لەپێناوی چاککردنی بارودۆخەکە.
6. جێبەجێکردنو ڕاپەڕاندنی ئەم پلانە.
7. دانانی پلانێك بۆ بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە.

**•چۆن دەڕوانیتە کتێبخانەی فێرگەکەت؟**

أ ـ ئایا کتێبخانەی فێرگەکەت وێنەی کتێب ڕەنگ دەداتەوە واتە ئایا کتێبخانەی فێرگەکەت لەکاتی بێکاریو ئارامیدا جێگەی کتێبی گرتووەتەوە، یان لەکاتی کار کردنو خوێندندا وێنەی پەروەردەیی بینیوە؟

ب ـ ئایا کتێبخانەی فێرگە هەمیشە لەگۆڕانکاریو گەشەسەندندایە، یان لەهەموو ڕۆژەکانی ژیاندا لەهەمان دۆخدایەو لەسەر هەمان خولگە تل دەخوات؟

جوێ لەمانەش چەندان هۆکارو ڕێگەی دیکەمان بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبخانەی فێرگەکان لەوێنەی فۆرم هەیە، کە پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکەمان زۆر ئاسانتر دەکەنو بەم هۆیەوە، زۆر خێراو بەجوانی دەتوانین لایەنەکانی بەهێزیو بێ هێزی

واتە چاکیو خراپی و چالاکیو ناچالاکی کتێبخانەکانی فێرگەکان لەدەرەوە وێنەی ئەم هۆکارو ئامرازانە بۆ هەڵسەنگاندنی کتێبخانەکانی فێرگەکان بەکار دەهێنن. مەبەستو ئامانجیش لەم ئامرازانە واتە فۆرمانە کە بە تابلۆی پرۆفایل (Profile Chart) ناودەبرێن کە بریتییە لەوەی کە پلەی بابەتیی بەرنامەکانمان لەئاستی کتێبخانەی فێرگە دەداتە دەست، هەر کارێك کە لەم بووارەدا ئەنجامی بدەین لە هەر یەك لەخانەکاندا ئاماژەی پێ دەدەینو لەجێگەی گونجاوی خۆی لەناو خشتەکەدا دایدەنێین. ئەم جار هەموو پلەکان کۆدەکەینەوە کە ئەو کتێبخانەی فێرگەیە بەدەستی هێناوەو لەکۆتاییشدا خەملاندنێك بە (باش، مام ناوەند، لاواز) دادەنێین.

ئەمانەش هەموو لەشێوەی خشتەیەکدا دادەنێین. جا ئەگەر تۆماری کتێبخانەکە باش بوو ئەوە پاڵپشت دەکرێت بۆ ئەوەی لەخزمەتکردنیدا بەردەوام بێت و بەرەو پلەی نایاب هەنگاو هەڵ بێنێت. بەڵام ئەگەر پلەکەی لاواز بوو ئەوە ئەو کتێبخانەیە پێویستی بەهاریکاریو دەست گیرۆیی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەوپێش هەنگاو بنێتو گەشەبکات.

**ئەو بەشانەی کە لەکاتی هەڵسەندگاندندا بایەخیان پێ دەدرێت:**

1. دەستەی کارگەرانی کتێبخانە.
2. کەرەستەکانی کتێبخانەکە.
3. رێکخستنی کتێبخانەکە.
4. بینایەو تەلارو شوێنی کتێبخانەکە.
5. کەلو پەلە بەردەستبووەکانی کتێبخانەکە.
6. بودجە.
7. بەرنامەو پرۆگرامەکان.

ئەوەی پێویست بە ئاماژە دەکات ئەوەیە کە هەر یەکێك لەم حەوت بەشانەی کەلە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان بەپێی پێوەرێکی چوار پلەیی هەڵدەسەنگێنرێن. پلەی یەکەم واتای لانی بەرز (باشە) دەبەخشێتو پلەی چوارەمیش لانی کەم واتە بێ هێز دەبەخشێت، دەرئەنجام هەموو پرۆسەکە لەشێوەی تابلۆیەك یان خشتەیەك دەدانرێت. کەپوختەی باری ئەو کتێبخانەیەمان بەکورتی لەشێوەی برێکی خێراییو بابەتی دەداتە دەست. کە هەردوو پلە(2،1) بریتیە لەئاستی مام ناوەندی ئەو کتێبخانەیە. خشتەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دروست دەکرێت:

| زنجیره | بەشەکان | 1 | 2 | 3 | 4 |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کارگەران | | | | |
| 2 | کەرەستەکانی کتێبخانە | | | | |
| 3 | ڕێکخستنی هونەری | | | | |
| 4 | تەلارو شوێنی کتێبخانە | | | | |
| 5 | کەلوپەلەکانی کتێبخانە | | | | |
| 6 | بودجە | GOOD | | Poor | |
| 7 | بەرنامەکان( فێر کردنی پسپۆری‌و کارامەیی کتێبخانە) | باش | Fair مام ناوەند | لاواز | |

• **کتێبخانەی فێرگەو ڕۆڵی لەهاندانی هەستی خوێندنەوە لای قوتابی‌و خوێندکاران:**

زۆربەی مامۆستایانی ئەمڕۆ ناڵەیانە بەدەست کەمی‌و نەبوونی هەستی خوێندنەوەو تێکۆشان لای قوتابیان‌و خوێندکارەکانیان . هەروەکو توێژینەوە مەیدانییەکان لە وڵاتی خۆمان‌و دەورو بەرو وڵاتانی بێگانە کزی‌و لاوازی قوتابیان‌و خوێندکارانیان ڕوون کردووەتەوە لەقۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا بەتایبەتی لەڕووی خوێندنەوەدا بەهۆی کاریگەرییەکانی کێش کردن‌و دوور خستنەوە جۆر بەجۆرەکان. لەئەمریکا ڕاپرسییەك ئەنجام درا، ئەنجامەکەی لە25٪ خوێندکارانی شاری نیۆیۆرك لەئاستی خوێندکارانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دەخوێننەوە، لەتوێژینەوەیەکی دیکەدا کە لەسەر خوێندکارانی خوێندنگە دوا ناوەندییەکانی ناوچەی شیکاگۆ ئەنجام درا ئەوەی گەیاند کە لە 90٪ لە خوێندکارانیان کەمتر لەئاستی پۆلی چوارەمی سەرەتایی دەخوێننەوە. دیارە ئەم حاڵەتە لەناوەندی عەرەبیشدا حاڵی لەناوەندە ڕۆژئاواییەکان باشتر نییە، کە ڕێژەی خوێندنەوە لای قوتابیان‌و خوێندکارانی فێرگەکان دەگاتە 1٪ . دیارە نکۆڵی لەوەش ناکرێت چەندە بەرنامەو پرۆگرامەکانی خوێندن پێش بکەون‌و گۆڕانکارییان تێدا بکرێت ئەوەندە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان توانای خوێندکاران بۆ خوێندنەوەو

ئەو بەرنامانەدا پتر دەبێتو ڕوووی لە پتربوون دەبێت. ئەمەش بوارەکانی بایەخو گرنگیەتی ڕۆڵی کتێبخانەی فێرگەمان بۆ ڕووون دەکاتەوە کە چەندە ڕۆڵی خۆی لەهاندانی خوو هەستی خوێندنەوە لەنێو قوتابیانو خوێندکاراندا دەبینێت.

ئێستەیش لەخوارەوە میکانیزمی پێشنیار کراو دەخەینە بەر دیدی خوێنەران بۆ ئەوەی کتێبخانە ببێتە مەڵبەندێکی هاندانو گەشەکردنی هەستی خوێندنەوە لەنێوان قوتابیانو خوێندکاراندا کە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوە:

1. ناسینو زانینی گرنگیو بایەخی خوێندنەوە.
2. دانانی بەرنامەیەك بۆ خوێندنەوە کە بتوانرێت ڕاپەڕێنرێت.
3. ناسینی کارو فرمانەکانی کتێبخانەی فێرگە بۆ هاندانو گەشەپێدانی خوێندنەوە.
4. ڕێنمایی خوێندنەوە.. هۆکارو تایبەتمەندییەکانی ڕێنمایی کردن.
5. خوێنەری کارامەو خوێنەری لاواز.
6. تاقی کردنەوەی کەرەستەکانی خوێندنەوە.
7. گرنگیو بایەخی ڕاکێشانی سەرنجی بچووكو منداڵان بۆ خوێندنەوە.
8. ڕوو بەڕوو بوونەوەی دیاردەی نەخوێندنەوەو ڕێگەکانی چارەسەریان.

## یەکەم: گرنگیو بایەخی خوێندنەوە

•مەبەست لەدامەزراندنو دروستکردنی کتێبخانەکان پڕکردنەوەی پێداویستییەکان مرۆڤە لەزانیارییەکانو ڕۆشنبیرییە جۆر بەجۆرەکانو خوێندنەوەی ئازاد.

•خوێندنەوەی دیمەنو ڕوواڵەتێکی زۆر گرنگو بنەڕەتە کە مرۆڤ پێی جیا دەکرێتەوە لەهۆکارەکانی دیکەی گەیاندنی زانیارییەکان کە بە هۆکاری کاتەوە بەستراون وەك (ئیستگە، تەلەڤزیۆن و کەناڵەکان، کاسێتەکان و زانیارییە بیستراوەکان). چونکە ئەم هۆکاری کاتە جیاجیانە هەر لەکاتی پێشکەشکردنی زانیارییەکانیانەوە زانیارییەکانیان وردە وردە کاڵ دەبنەوە.

• ڕۆڵی خوێندنەوە هەر لەدوای دڵنیابوون لەمێژوووی زارەکی واتە خوێندنەوەو پێداچوونەوەی گەیاندنو گواستنەوەی کولتوورو ڕۆشنبیرییەکانی پێش مێژووی

نووسینی واتە پێش نووسینو چـاپکردنی دەچەسـپێت و بـنج دادەکوتێـت، کەچـی کەرەستەی نووسراوە بەوردکاریو ڕەسەنی خۆی جیا دەکرێتەوەو دەناسرێتەوە

•ڕۆڵی فێرگە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبنج داکوتانی خوو و هەستی خوێندنـەوەدا دەردەکەوێت هەر لەکاتی دامەزراندنو گەشەکردنی سەرەتای قوتابی لە فێرگەکەدا، بۆیە پێویستە فێرگە ڕۆڵێکی گرنگو زیندوو ببینێت لە دروستکردنو بەرپا کردنی هەستو خوی خوێندنەوەی کارامەی پەسەند کراو لای فێرخواز.

•خوێندنو خوو نەریتێکە هەر لە قۆناغی تەمەنی بێشکەوە دەسـت پـێ دەکـات. منداڵ هەر  بە ساوایی ڕادێت کە باوك دایكو دەوروبەری خـۆی دەبینێـت و لێـی ڕادەمێنێت و چاو دەکاتەوەو وەردەگرێت، جا ئەگەر باوكو دایـكو خێـزانو دەورو بەرەکەی خوێندەوار بوونو ڕۆشنبیر بوونو سەرقاڵی خوێندنەوەو خۆ ڕۆشـنبیرکردن بوون ئەوە منداڵەکانیش چاویان دەکرێتەوەو چـاو لـەوان دەکـەن، چـونکە خـوو و نەریتی منداڵ وایە هەمیشە چاو لەدەوروبەری خۆی دەکات. دەوروبەر چی بێـتو چی بکات ئەویش ئەوە دەبێتو ئەوە دەکات. جادەکرێت لەو کەشو هەوایەدا چەند هۆکارێکی باش لەکتێبو چاپکراوەکان بۆ سەرنجڕاکێشانی منـداڵان بـەرەو کتێـب بەکار بهێنرێت و بکرێت بەهاوڕێی کتێبو ڕاهێنانیان لەسەر ئەم هەستو نەریتەو ئیدی ئەو هەستو نەریتە لەگەڵ تەمەنی ئەو منداڵە گـەورە دەبێـتو لەئەنجامـدا دەبێتە یەکێك لەپێکهاتەی کەسایەتیی ئەو منداڵانە. واتە هەستی خوێندنەوە هەر لەمنداڵیو لەگەڵیدا گەورە دەبێتو بەشێك دەبێت لەناخو دەروونی ئـەو منداڵـەو ئیدی تا دواتەمەنی لێی جیا نابێتەوە.

## دووەم: بەرنامەکانی خوێندنەوە لەفێرگەدا

شتێکی نامۆو ناشایستە نییە کـە سـەرەتای پرۆسـەی فێرکـاری بەخوێندنـەوە دەست پێ بکات، چونکە خوێندنەوە جێگەو شوێنێکی گرنگ لەپرۆگرامی خوێندن داگیر دەکات. بۆیە گرنگو بایەخدانی زانایانی پەروەردەو جەخت کردنیان لەسـەر پێویستیەتیو ڕاگیریو پێ دامەزراوی قوتابیان لەکارامـەو پیـشە بنەڕەتییـەکانی خوێندنەوەی زارەکی پێش فێر بوونیو شارەزا بـوونی لەهـەر شـتێك، دواتـر ڕووی پەروەردەیی بەرەو بایەخـدان بەخوێندنـەوەی بـێ دەنـگ و وەرگرتنـی کەرەسـتەی خوێندنەوە.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پەروەردەی هاوچەرخ بایەخو گرنگییەکانی خۆی لەسەر پترکردنی پسپۆریەتیو کارامەیی خوێندنەوە لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا چڕ کردووەتەوە. بۆیە گەشەی خوێندنەوەیی مرۆڤ بووەتە یەکێك لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکان کە ئەمڕۆ پەروەردەیی نوێ پشتی پێ دەبەستێت، کەواتە پاڵ پشت بەم ڕایە دیار ترین ئەرکو چالاکییەکانی ئەمینداری کتێبخانە لە فێرگەی بنەڕەتیدا دەبێت هەست بەم زانیارییانەی خوارەوە بکات:

• دەبێت ئەمینداری کتێبخانە باش هەوڵ بدات سەرنجو بایەخەکانی قوتابیانو خوێندکاران بەرەو خوێندنەوە ڕاکێشێت، دەبێت لەسنووری خوێندنەوەی پرۆگرامی دەربچێتو فێرخوازان بەچاکی لەکەرەستەی بابەتە خوێنراوەکە بگەن واتە زانیاریو زانستو لەو شتە وەربگرن کە دەیخوێننەوە.

• پێویستە ئەمینداری کتێبخانە سەرنجی قوتابیانو خوێندکاران بەرەو بایەخدان بە زانستو زانیارییە هەمە چەشنەکانو بەرەو دەرەوەی پرۆگرامی خوێندن ڕاکێشێت. بەپاڵنەرە بەهێزەکان پەرە پێبدات، ئەویش بەم چەند خاڵانەی لای خوارەوە دەبێت.

أ- هاندانی بەکارهێنانی کتێب وەك ژێدەرو سەرچاوەیەکی زانستو زانیاری.

ب - سەرپەرشتیو چاودێریکردنی گشت کەرەستە چاپکراوەکانی وەك (ڕۆژنامە)و بلاوکراوە بەرگ گیراوەکان.

بەلام سەبارەت بەکتێبخانەی فێرگە دواناوەندییەکان کارو ئەرکی ئەمینداری کتێبخانە خۆی لەدانانی بەرنامەیەکی ڕێكو پێكو تۆکمەدا بۆ خوێندنەوە دەبینێتەوە بەمشێوەیەی خوارەوە:

• کارکردن لەپێناوی بنج داکوتانی تواناو کارامەی خوێندنەوە لای قوتابیانو خوێندکاران.

• ناسینی هەموو بەشە ئەدەبیاتەکانو مەبەستە جیاجیاکان.

• کار کردن بۆ بەکارهێنانی خوێندنەوەو فێر بوون بۆ بەشداری کردن لەدایەلۆگ و دەمەتەقێ هزرییەکان.

## سێیەم: کارو چالاکییەکانی کتێبخانەی فێرگە لەهاندانی هەستو نەریتی خوێندنەوە

ـ پۆشتەکردن بە کەرەستە کتێبخانەییەکان.
ـ وا بکرێت ئەو کەرەستانە زۆر بەئاسانی بەکار بهێنرێن واتە ڕێك بخرێن‌و پۆلین بکرێن بۆ ئەوەی بتوانرێت بەئاسانی خوێنەر دەستیان بیگاتیۆ سوودی لیٚ وەر بگرن.
ـ بووژاندنەوەی جموجوولّی نەریت‌و هەستی خوێندنەوە لەفێرگەکەدا.
ـ خولّقاندنی کەش‌و هەوایەکی سازو لەبار بۆ خوێندنەوە لەناو کتێبخانەی فێرگەکەدا. چونکە ئەم کارو چالاکییەی کتێبخانە گرنگترین کارو چالاکییە بۆ هاندانی هەست‌و نەریتی خوێندنەوە. پێویستە لەم کەش‌و هەوایەدا، کەش‌و هەوایەکی(خۆشەویستی ـ هاریکاری‌و یارمەتی ـ ڕووخۆشی ـ بەدلّێکی فراوانەوە بەدەم داوا کارییەکانی خوێندکارانەوە چوون‌و خێرا وەلاّم دانەوەیان) مسۆگەر بکرێت.
ـ دابینکردنی بارودۆخێکی فیزیکی‌و کەلوپەل‌و ڕایەخی سازو لەبار.
ـ زۆر کردن‌و پترکردنی کۆمەلّە کەرەستە زانیارییەکان لەناو بەشەکانی خوێندن. کە ئەمە بە کتێبخانەی وەرزی خوێندن ناو دەبرێت، چونکە ئەم کتێبخانەیە هانی قوتابیان دەدات پێشبڕکیٚ لەنێوان قوتابیان‌و خوێندکاراندا ساز بدەن لەبەشداریکردنی خوێندکاران لە هەلّسووڕاندنی کارو بارەکانی خوێندنەوەو بەرنامەکانی دیکە بەهاریکاری لەگەلّ مامۆستایان‌و ئەمینداری کتێبخانەکە.
ـ دەستەبەر کردنی خزمەتگوزاری دیکە. کە ئەمینداری کتێبخانە دەتوانێت کاروباری کۆڕەکانی خوێندنەوە لەبابەتە تایبەتییەکانی ئەو کۆڕانە وەك (لیژنە یان کۆڕ یان ئەنجوومەنی ئەدەبی، ئەنجوومەنی زانستی ـ کۆڕ(ئەنجوومەنی) کۆمەلاّیەتی ـ کۆڕو ئەنجوومەنە ئایینییەکان) هەلّبسووڕێنێت‌و سەرپەرشتییان بکات. هەروەها دەتوانێت هەر چالاکییەکی دیکەی دەرەوەی پرۆگرام و لەژێر هەر ناوێکدا بێت ئەنجام بدات مادامەکیٚ ئەو چالاکییە ئامانجی فرەوانکردن‌و قوولّکردنەوەی پسپۆری‌و زانستەکانی خوێندنەوەو زانیارییەکان‌و ڕۆشنبیری بێت. ئەوی ماوە بیلّێین و ئاماژەی پیٚ بکەین کە گرنگترین توخم یان سەرچاوە ئەوەیە کە نابێت بەهیچ شێوەیەك هیچ کۆت‌و بەندێك بخرێتە بەردەم خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە کە دەبنە ئاستەنگ‌و ڕێگر لەبەردەم گەشەسەندن‌و فرەوان بوون‌و قوولّکردنەوەی کارامەیی‌و پسپۆریەتی خوێندنەوەو زانست‌و زانیاری وەرگرتن‌و خۆ ڕۆشنبیرکردن.

## چوارەم: ڕێنمایی خوێندنەوەو هۆکارو تایبەتمەندییەکانی ڕێنماییکار

• لەکۆمەڵگەی ئێمە بەگشتیو لەکۆمەڵگە فێرگەو خوێندنگەکانماندا پێویستیەکی زۆرمان بەڕێنمایی کردنو هاندان بۆ گەشەکردنو پەرەپێدانی هەستو نەریتی خوێندنەوە هەیە. چونکە زۆر بەداخەوە لەناو چینو توێژو تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا بەگشتی ئاستی خوێندنەوە زۆر کزو لاوازو کەمەو لەهەندێك شوێنو لای زۆرێك هەر نییە.

• بەشێوەیەکی گشتی قوتابیانو خوێندکاران کورو کچ ئەو بابەتو کتێبو چاپکراوانە دەخوێننەوە کە هەست بزوێنن. ئا لێرەدا پێویستی بەڕێنماییو دەست گیرۆییو دەست کێش کردن بەرەو خوێندنەوە هەیەو سەر بەرز دەکاتەوەو بەزمانی حاڵ پێویستیەتی خۆی دەنوێنێ بەشێوەیەك کە بکرێت ئەم ڕێنماییە بەرهەمدار بێت، بەتایبەتی لەناو قوتابیانو خوێندکاراندا و پڕکردنەوەی کارو فرمانو ئەرکە فێرگەییەکان، ئەمە وا لەقوتابیانو خوێندکاران دەکات کە ڕوو بکەنە خوێندنەوەو هەوڵی پتر کردنو پڕ کردنەوەی هەموو پێداویستیەکانیان بدەن لەو کارو فرمانانەی کە جێی بایەخی ئەوەن وەك هەڵبژاردنی کارو پیشە، کێشەو تەنگژە هەرزەکارییەکان، حەزو ئارەزووە هەمە چەشنەکان، هونەرە جۆراو جۆرەکان...تاد.

• بۆ ئەوەی ڕێنمایی خوێندنەوەکە کاراو ئامانجو مەبەستەکان بپێکێت پێویستە چەندان ئامرازی تایبەت هەبن کە بەهۆیانەوە هەموو حەزو ئارەزوو و پێداویستییەکانی قوتابیانو خوێندکارانی کوڕو کچ بزانرێت بەتایبەتیش بە تەمەن بچووکەکانیان. هەروەها هەموو ئەو شتانە بزانرێت کە جێی بایەخی ئەوەن، بۆیە مامۆستای وانەلەگەڵ ئەمینداری کتێبخانەکە دەتوانن بەیەکەوە هاریکاری یەکدی بکەن و بەوردی و چاودێریەکی چڕوو پڕەوە هەموو حەزو ئارەزوو بایەخدانەکانی قوتابیانوخوێندکاران بزانن، دواتر هەوڵی لێبڕاوانە بدەن پێداویستیو حەزو ئارەزووەکانیان لەڕێگەی پەیداکردنی کتێبو چاپکراوو سەرچاوەی زانیاری بەسوودوو باشو بەکەڵكو کەرەستەکانی دیکەی بەسوودی کتێبخانوەە بۆ هەر یەك لە ئارەزوو و حەزو بایەخدانەکانی قوتابیانو خوێندکاران پڕ بکەنەوە.

**حەزو ئارەزوو بایەخدانەکانی قوتابیانو خوێندکارانی کوڕو کچ لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا گرد دەبنەوە:**

أـ بایەخدانەکانی منداڵ هەر لەقۆناغی سەرەتایی منداڵییەوە بەرەو کتێبی وێنەدار دەست پێ دەکات، تا تەمەنی هەشت نۆ ساڵی بەردەوام دەبێت، بەشێوەیەکی سروشتی سەرنجی منداڵ بەرەو ئەو وێنانە ڕادەکێشرێت.

ب ـ منداڵان لەتەمەنی شەش ساڵی ـ حەوت ساڵی ـ هەشت ساڵیدا چێژ لەخوێندنەوەی چیرۆكو بابەتە ئەفسانەییو خورافیاتەکان وەردەگرێت بەتایبەتیش ئەگەر ئەو چیرۆكو بابەتانە بەسەریاندا بخوێنرێتەوەو ئەوانیش گوێی بۆ شل دەکەن و شتی لێوە وەردەگرن. هەروەکو هەندێك لەمنداڵان لەتەمەنی هەشت ساڵیدا ئارەزوو دەکەن بەدوای ڕاستەقینەی ژیاندا بگەڕێنو سەرەداوە گرێدراوەکانی ڕاستەقینەی ژیان بدۆزنەوە، بۆیە لەپێناو ئەم حەزو ئارەزووە ئالوودە بوونەدا بەدوای خوێندنەوەی کتێبو چاپکراوەکاندا وێڵ دەبنو کە بەسەرهاتی ڕاستەقینە سەبارەت بەسروشتو گیانداران دەگێڕنەوە.

ج ـ لەتەمەنی نۆ ساڵیشدا : ئەمینداری کتێبخانەی فێرگەکان دەبێت ئەوە تێبگات کە منداڵان لەم تەمەنەوە لە شتەکان دەگەن و بیریان تەواو بۆ لای خوێندنەوەکەیان دەچێت. ئەوەی جێگەی بایەخە ئەوەیە کە کوڕان لەم تەمەنەدا زۆر ئارەزووی خوێندنەوەی چیرۆکەکانی دێدەوانیو ژیانی منداڵیەتیو بەسەرهات و سەرگوزەشتەکانی ژیان دەکەن. بۆیە پێویستە ئەمینداری کتێبخانەی بایەخێکی تایبەت بەو تەمەنە بداتو هانیان بدات بابەتو چیرۆکی ڕاستەقینەی ناخەیاڵی بخوێننەوەو هەوڵی جدی بدات بۆ کتێبو سەرچاوەیان لەم بووارەدا بۆ پەیدا بکات، بەتایبەتیش کە لەم قۆناغی تەمەنەدا منداڵان توانای باشیان هەیە کتێبی دەرەوەی پرۆگرام بخوێننەوە.

د ـ لەتەمەنی دە ساڵیدا: بایەخی قوتابیانی کوڕو کچ لەسەر خوێندنەوەی کتێبو سەرچاوەکانی گەشتو گوزارو خوو نەریتو ڕەفتاری گەلانو سەر گوزشتەی داگیرکاران چڕ دەبێتەوە. دیارە ئەم جۆرە کتێبو سەرچاوانەش پاڵپشتیو خزمەتێکی دیارو بەرچاوی پرۆگرامەکانی خوێندن دەکەن بەتایبەتی لەبواری مێژوو و جوگرافیادا گیان بەبەر ئەو بابەتانەدا دەکەن. لێرەدا ئەمینداری کتێبخانەی فێرگە سوود لەو گۆڕانکاریو وەرچەرخانەی خوێندنەوە لای قوتابیان وەردەگیرێتو

دەتوانێت هانیان بدات چیرۆکی پاڵەوانانو سەرگوزەشتەو بەسەرهاتی مێژوویی نەتەوەکەمانو گشت نەتەوەکانی دیکەی جیهان بخوێننەوە. ئەم جۆرە کتێبو سەرچاوانە گۆڕەپانو بوارێکی فراوان بۆ شارەزا بوونو تێگەیشتن لەمێژووی بنەڕەتو کۆنینەو بنەمای کۆمەڵایەتی نەتەوەکەتو هەموو گەلانی دیکەی جیهان دەکەنەوە بەرێز گرتنو شانازی کردن بەپاڵەوانێتیو پاڵەوانانی گەلانو مێژووو پەیدا کردنی ئارەزوومەنی پتر بۆ خوێندنەوەی زۆرتری ئەو ڕووداوانەی کە بەپاڵەوانانو مێژووی بەناوبانگو ناودارانەوە پەیوەستن.

هـ ـ لەتەمەنی یازدە ساڵیدا: حەزو ئارەزووی قوتابیان لەو کتێبو سەرچاوانە دەبێت کە بەزۆری لەبەر دەستدانو لەبازاڕ دەست دەکەونو خەڵکی بەگشتی ئەو بابەتانە دەخوێننەوە وەك: زنجیرەی گاڵتەجاڕیو پێکەنیناوی. بۆیە ئەم قۆناغەی تەمەن زۆر زۆر مەتریسیدارە بەشێوەیەك دەبینین بازاڕو جێگەکانی کتێب فرۆشی پڕ لەو جۆرە زنجیرەو بلاو کراوە دەبن کە زۆر زوو بلاو دەبنەوەو پەل بۆ هەموو لایەك دەکێشنو دزە دەکەنو هەموو کونو قوژبنو ماڵ و فێرگەو خوێندنگەکان دەگرنەوە. بۆیە دەبێت ئەمینداری کتێبخانەی فێرگە بایەخێکی باش بەو قۆناغەی تەمەن بدات ، ئەم بایەخپێدانەش لەدوو ڕووەوە دەبێت کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. پارێزگاری منداڵانو ڕێنماییو ئاراستە کردنیان بەرەو خوێندنەوەی بابەتو کتێبو سەرچاوە باشو بەکەڵکەکان بەشێوازێکی زۆر جوانو ڕێكو پێك تێیان بگەیەنێت کە وێنەی ئەو کتێبو سەرچاوانە مەترسییەکی زۆری بۆ سەر بیرو بۆ چوونو کەسایەتییان لە ئێستاو لەداهاتوودا دەبێت ئەگەر بەشێوازێکی ژیرانە نەبێتو بەرەقیو تووڕەییو سەرزەنشتکارانە بێت کارەکەمان لێ ئالۆزتر دەبێتو پێچەوانە دەبێتەوەو ئەو کات هەروەك دەڵێن:(هەر شتێك قەدەغە بکرێت خوشەویست دەبێت).

2. پێویستە ئەمینداری کتێبخانە ئەوە باش بزانێت کەلەو قۆناغەی تەمەنەدا جیاوازیو گۆڕانکاری ڕەگەزی لای منداڵان سەر هەڵدەدات. کەلەو تەمەنەدا کچان بەزۆری حەز لە خوێندنەوەی چیرۆکی سەرکێشی دەکەنو لاسایی کوڕان دەکەنەوە، بەڵام لەکۆتاییدا ئەو چیرۆكو بەسەرهاتانەیان لا پەسەند دەبێت کە بیرۆکەکەیان لەژیانی کۆمەڵەکانەوە هەڵدەقوڵێت یان حەز لەو چیرۆكو بەسەرهاتانە دەکەن کە سۆزو بەزەییان لەخۆگرتووە وەك چیرۆکی لەمەڕ ئاژەڵو مرۆڤ.

•**لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا:** لەم قۆناغەی تەمەنەدا بایەخدان بە خوێندنەوە لای قوتابیانو خوێندکارانی کوڕو کچ بەرەو فراوانترین ئاسۆ دەچێت، بوارەکانی ئەوەندە فراوانو گەورە دەبن زۆر بەئەستەمیو ناخۆشی دەتوانرێت هەموو ڕووەکانی حەزو ئارەزووەکانی خوێندنەوەی خوێندکاران بزانرێتو دەستنیشان بکرێنو دەستیان بەسەردا بگیرێت. جا لەبەر ئەوەی کە حەزو ئارەزوو و بایەخدان بە خوێندنەوە لای خوێندکارانی کوڕ دەبێتە خولیاو لەم تەمەنەدا زۆر حەز دەکەن ئەو کتێبو سەرچاوانە بخوێننەوە کە باس لە پاڵەوانیەتیو پاڵەوانان دەکات. بۆیە دەبێت ئەمینداری کتێبخانەکە هەوڵێکی جیدیو لێبڕاوانە بدات تا خۆراکی ئەو حەزو ئارەزوو و بایەخدانەی خوێندکاران پەیدا بکاتو حەزو ئارەزووەکانیان دابمرکێنێتەوە، ئەویش بەهۆی پەیدا کردنی ئەو کتێبو سەرچاوانەی کە باس لەم بواری حەزو ئارەزووەیان دەکەن.

• **لەتەمەنی سیازدە ساڵیدا:** لەم قۆناغی تەمەنەدا چاوەڕوان ناکرێت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەحەزو ئارەزووەکانی خوێندکاراندا بەدی بێت، تەنیا قووڵ بوونەوەی بایەخدان بەحەزو ئارەزووە کۆنەکانیان نەبێت واتە لەقۆناغەکانی دیکەی پێش ئەم قۆناغەی ئێستایاندا دەژین. لەوانەشە حەزو بیرو ڕایەکی دیکەی نوێ سەر هەڵ بدات. بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. ئەویش گەڕانی خوێندکارانی کوڕە بەدوای کتێبو سەرچاوەکانی لەش جوانی و یارییە وەرزشییەکان بەڵام لەهەمان کاتادا کچان حەزو ئارەزوویان بەرەو خوێندنەوەی کتێبو سەرچاوەکانی سۆزو بەزەیی لەمەڕ خێزان، واتە خێزانداریو پۆشتەو پەرداخ کردنی ناو ماڵو ماڵداری.

• **لەتەمەنی چواردە ساڵیدا:** لەم قۆناغی تەمەنەشدا بایەخدانو حەزو ئارەزووەکانی خوێندکاران دەگاتە ئەوپەڕی لووتکەو لەگەڵ چڕ بوونەوەی حاڵەتی هەرزەکاریو کاریگەری هەرزەکاری بەشێوەیەك حەزو ئارەزووەکانی خوێندنەوەیان پتر لەبواری پسپۆڕیو تایبەتمەندییاندا دەخولێتەوە. خوێندکارانی کوڕ لەم قۆناغەدا ئارەزووەکانیان بەلای بایەخدان بە ئامێرو ئامرازەکانی داهێنانو شت تاقیکردنەوەدا دەڕوات، بۆیە دەبێت ئەمینداری کتێبخانە هەست بەوە بکات کە چاپکراوی وەرزی ڕۆڵێکی گرنگ لەپڕ کردنو تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانیا دەبینێت، چونکە ئەم جۆرە چاپکراوانە هەموو شتێکی تازەو داهێنراو لەدووتوێی

خۆ دەگرن و ئارەزووەکانی خوێندکارانی ئەم قۆناغە پڕ دەکاتەوە. بەڵام سەبارەت بە کچان گرنگیو بایەخەکانیان واتە حەزو ئارەزووەکانیان دەگاتە ئەوپەڕی لووتکە. ئا لێرەدا ڕۆڵی ڕێنمایی ژیرانە دەتوانێت بەوپەڕی تواناوە بۆ پڕ کردنەوەی حەزو ئارەزووەکانی خوێندکارانی کچ ڕۆڵی خۆی ببینێت، بەچی؟ بەڕێنمایی کردنو پەیدا کردنی کتێبو سەرچاوە زانیارییەکان، کە چیرۆکو بەسەرهاتە بەناوبانگەکانو هۆنراوەی باش لەخۆ دەگرن.

• **لەتەمەنی پازدە ساڵیدا:** حەزو ئارەزووەکانی خوێندنەوە لای خوێندکارانی کوڕو کچ لەلایەکەوە بەپێداویستیو داواکارییەکانی ژیانی گشتیو لەلایەکی دیکەیشەوە بەپێداویستیو داواکارییەکانی خوێندنی دواناوەندیو ئامادەیی کاریان تێ دەکرێتو داواکارییەکانو پێداویستییەکانی ژیانیش لەلایەکەوە شان بە شانی خوێندنەوە سەر هەڵ دەدەنو دەبنە سەربارو بن باری ململانێی حەزو ئارەزووەکانی خوێندنو خوێندنەوە. لەژێر کاریگەرییەتیو پاڵنەری خوێندن لەلایەکو ژیانیش لەلایەکی دیکەوە حەزو ئارەزووەکانی خوێندنەوە بەرەو کزی دەڕواتو دوا هەنگاو دەنێت. دەی بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەو هەموو کاریگەرییانە لەسەر خوێندکارانی ئەم قۆناغەی تەمەنە ڕۆڵی ڕێنمایی خوێندنەوە دێتە پێشو ڕۆڵی ئەمینداری کتێبخانە دەکەوێتە گەڕ بەهاوکاریو هاریکاری لەگەڵ مامۆستایانو وانەبێژانی وانە جیاجیاکان بۆ چالاک کردنی پرۆگرامەکانی خوێندنو پاڵپشت کردنیان بەخوێندنەوەی دەرەوە وەك پاڵپشتێکی بەهێزو چالاك بۆ خۆ ڕاگریو پشوودرێژی خوێندکاران لەڕووی ئەو هەموو کێشەو گیرو گرفتو تەنگژە جەنجاڵانەی کە ڕوو بەڕوویان دەبنەوە[25].

## پێداویستیو داوا کارییەکانی
## پرۆسەی ڕێنمایی خوێنەران ( سوودمەندان )

بێ گومان ڕێنمایی خوێنەرانو ڕاکێشانیان بەرەو خوێندنەوەو گەشەپێدانو برەوپێدانی هەستو نەریتی خوێندنەوە نەك هەر لەناو قوتابیانو خوێندکاراندا بەڵکو لەناو هەموو چینو توێژەکانی خوێندەوارانو زانایانو ڕۆشنبیرانو توێژەرانو مامۆستایانو ...تاد. کارێکی هەروا سادەو ساناو ئاسان نییە. بەڵکو پرۆسەیەکی

قورسەو چەندان پێداویستیو داخوازی گرنگو قورسی هەیە کە دەبێت بەتەواوی ڕەچاو بکرێن. دەتوانین ئەو پێداویستیو داوا کارییانە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا کۆ بکەینەوە:

1ـ پێویستیەتی هەڵسوکەوت کردنی باش لەگەڵ قوتابیانو خوێندکاراندا وەکو گرووپ ـ گرووپ:

هێنانەدی حەزو ئارەزووەکانی خوێندن لەپێناوی یارمەتیدانی قوتابیانو خوێندکاران بۆ گەیشتن بەداخوازییە زانستیو ڕۆشنبیرییەکانیان لەچوارچێوەی خوێندنەوەی کتێبو سەرچاوەو کەرەستە زانیارییەکان ئەرکێکی سەرەکی ئەمینداری کتێبخانەی فێرگەو گشت کارمەندانە.

بەڵام هۆکارەکانی پێویست بەم هێنانە دیو دابین کردنە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا گرد دەبنەوە:

أـ دەرچوون لەچوار دیوارو ناو ژوورو هۆڵی کتێبخانە، بچێتە لای قوتابیانو سەریان لێ بداتو لەبارەی حەزو ئارەزووەکانیانەوە پرسیار بکاتو بکۆڵێتەوەو لای خۆی تۆماریان بکات، ئەم کارە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت بازاڕ گەرمی زانیارییەکان. بۆیە دەبێتو پێویستە ئەمینداری کتێبخانەکان هەر لەژووری خۆیاندا نەمێننەوەو بەشێوەیەکی هەمیشەیی بەکورسیو مێزەکەی خۆیانەوە نەنووسێن و پاڵی لێ بدەنەوە، بەڵکو دەبێت بچنە ناو قوتابیانو خوێندکارانو بەشداری خوێندکاران بکەنو بەسەر بەشەکانی کتێبخانەکەیاندا بگەڕێن وەك بەشی کتێب پێدان و ڕێکخستنی ڕەفتەکانو کتێبو چاپکراوەکانو کەرەستە زانیارییەکانو هەڵسووڕاندنی کاروبارو کارگێڕی خزمەتگوزارییەکانی ناو فێرگەکەو گشت بەش و لقەکان.

ب ـ ئەمینداری کتێبخانەی فێرگە دەتوانێت لیستێکی دەرچە یان دەرخەری(ئیندێکس) بەحەزو ئارەزووەکانی خوێندنەوەی قوتابیانو خوێندکاران ئامادە بکاتو هەموو حەزو ئارەزووەکانیان تۆمار بکات. لێرەدا بەکارهێنانی زانستی دەروونی ڕاپەڕاندن ڕۆڵێکی گرنگو بەرچاو دەبینێت بۆ ڕاکێشانی خوێنەرو شارەزا بوونو زانینی هەستو نەستو ئارەزووەکانی خوێندنەوەیان.

دیارە کە هەموو کەسێك بگرە هەموو شتێك چەند تایبەتمەندیو جیاکەرەوەی خۆی هەن لەوانی دیکەی جیای دەکەنەوەو دەبنە تایبەتمەند بە خۆی. تایبەتمەندیو جیاکەرەوەکانی ڕابەری خوێنەرانیش بەم چەند تایبەتمەندیو جیاکەرەوانەی خوارەوە دەناسرێتەوە کە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوە:

1. پێویستە ڕابەری خوێنەران یان ئەمینداری کتێبخانە بەکەسایەتییەکی ڕێكو پێكو باشو خۆشنوودی ڕاکێشەر جیا بکرێتەوە، دەبێت کەسێکی زۆر سادەو ساناو ملکەچ بێت کە بتوانرێت زۆر بەئاسانی هەڵسوکەوتو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

2. دەبێت ئەمینداری کتێبخانە یان ڕابەری خوێنەران خاوەنی ئاستێکی زانستیو زانیاریو خوێندنەوەیەکی باشو بەرچاوو جیاکەرەوە بێت بۆ ئەوەی زوو لە ڕۆشنبیریو کولتوورو زانستەکان بگاتو لەبنج داکوتانو برەوپێدانی هەستو نەریتی خوێندنەوە پێشەنگی تازە پێگەیشتوان بێت.

3. پێویستە ئەمینداری کتێبخانەی فێرگەکە گوێ سووك بێت واتە هەمیشە بەدڵێکی فراوانەوە گوێ لەخوێنەرانی خۆی بگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەزووترین کات لەپێداویستییەکانو حەزو ئارەزووەکانی خوێندنەوەی خوێندکارانو مامۆستایانو کۆمەڵی فێرگەکەی وێکڕا بگات.

